# شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان

# ماڵپەڕەکانی NRT و K24 بە نموونە

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر کراوە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لە بەشی تەکنیکی میدیا

لەلایەن
هۆشیار ئەحمەد مەحمود

بەکالۆریۆس لە ڕاگەیاندن - زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- 2011

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. سیروان ئەنوەر مەجید

هەولێر- کوردستان
2024

## بەڵێننامە:

بەڵێن دەدەم، ئەم ماستەرنامەیە کە بە ناونیشانی (شێوازەکانی دارشتنی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان ماڵپەڕەکانی NRT و K24 بە نموونە)، هەمووی بەرهەمی هەوڵ و بەدواداچوونی تاکەکەسی خۆمە، لە هەر شوێنێکیش شتێك وەرگیرابێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە و پێشتریش بۆ هیچ مەبەستێك و لە هیچ شوێنێك بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە بڵاوم نەکردووەتەوە. بەڵێنیش دەدەم، سەرتاپای دەرەنجام و شیکردنەوەی بابەتەکان کاری تاکەکەسی خۆمە و هیچ کەسێك پەنجەی نەخستووەتە سەر نووسینەکانی.

واژوو:

ناوی قوتابی: هۆشیار أحمد محمود

ڕێکەوت: / /2024

**پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە، بەمەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی میدیای تەناهی، پشتگیری لێدەکەم و ڕازیم بەو شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. سیروان ئەنوەر مەجید

ڕێککەوت: ٢٤/٦/ 2024

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: م.ی. منصور نورالدین حسن

سەرۆکی بەشی تەکنیکی میدیا

ڕێککەوت: ٢٤/ ٦/ 2024

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو:

بەرپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ

ڕێککەوت: / / 2024

**بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە:**

ئێمە وەك لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەم ماستەرنامەیە کە بریتی بوو لە (شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان ماڵپەڕەکانی NRT و K24 بە نموونە) خوێندەوە و قوتابییەکەمان بە ناوی (هۆشیار ئەحمەد مەحمود) لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە، ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەری لە بواری میدیای تێدایە.

واژوو:

ناو: پ.ی.د. ظاهر حمدأمین صابر

ئەندام

ڕێککەوت: / / 2024

واژوو:

ناو:پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد

ئەندام

ڕێککەوت: ٢٥/٦/ 2024

واژوو:

ناو: پ.ی.د. سیروان ئەنوەر مەجید

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێککەوت: ٢٤/٦/ 2024

واژوو:

ناو: پ.د. ابراهیم سعید فتح الله

سەرۆکی لیژنە

ڕێککەوت: / / 2024

واژوو:

ناو:

ڕاگری کۆلێژ

ڕێککەوت: ٢٧ / ٦ / 2024

## پێشکەشە بە

- ڕۆحی دایکم
- هاوسەرەکەم و تەواوی جگەرگۆشەکانم
- خوشک و براکانم
- هەموو ئەوانەی لەپێناو فێربوونی زانست و مەعریفەت شەونخونی دەکەن

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس بۆ خوای گەورە، تەمەنی پێ بەخشیم تا بتوانم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم.
- سوپاس بۆ (پ.ی.د. سیروان ئەنوەر مەجید) ئەرکی سەرپەرشتی توێژینەوەکەمی لەئەستۆ گرت، ڕێزی لە تێبینی و ڕاو بۆچوونەکانم گرت.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی کۆلێژ و سەرۆکایەتی بەش و مامۆستایانی بەشی تەکنیکی میدیا.
- سوپاس بۆ سەرۆک و ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- زۆر سوپاس بۆ پ.ی.د. زاهیر حمدأمین صابر، کە لە راستکردنەوەی هەڵەکانی سەرتاپای توێژینەوەکە زۆر یارمەتیدەر بوو.
- سوپاس و پێزانینم بۆ کاک عەمار نەجمەدین، کە لە پێدانی زانیاری لەبارەی هەنگاوە کرداریيەکان هەوڵی زۆری لەگەڵمدا و لە گەڕان بەدوای سەرچاوەکانیشدا هاوکارێکی گرنگم بوو.

# پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا)ـە، زانینی ئاستی گرنگیدانی ماڵپەڕە کوردییەکانە بە شێوازەکانی داڕشتنی دەقی هەواڵی تەناهی و دەستنیشانکردنی فۆڕمە بەکارهاتووەکانی وەک وێنە، ڤیدیۆ و گرافیکە لەگەڵ دەقە هەواڵییەکان، لەگەڵ ناساندنی ئەو سەرچاوانەی ماڵپەڕە کوردییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە تەناهییەکان پشتی پێ دەبەستن، کە تا چەندە سەرچاوەکان پەیوەندیدار و فەرمین بە بابەتی تەناهییەوە، لەگەڵ دیاریکردنی جۆر و سرووشتی ئەو مەترسییە تەناهیانەی هەڕەشەن لەسەر تەناهی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیی شیکارییە و توێژەر فۆڕمی ناخشیکاریی وەک ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە. هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە دەستنیشانکراون و هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 وەک مشتەی توێژینەوە بەشێوەی وەرزی دەستکرد لە ماوەی 2022/1/1 تا 2022/12/31 وەرگیراون، لەو ماوەیەدا ماڵپەڕی NRT (356) هەواڵ و K24 (423) هەواڵی تەناهیی بڵاوکردووەتەوە و کۆی گشتییان دەکاتە 779 هەواڵ.

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتووە، گرنترینیان بریتین لە:

1. لەڕووی زمانەوانییەوە داڕشتنی مانشێتی هەواڵەکان لە ماڵپەڕە کوردییەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازییەکی ڕێژەیی هەیە، بەڵام تاڕادەیەک باڵانس لە بەکارهێنانی دەستەواژەکان لە نێوانیاندا هەیە. هەرچی لە ناوەڕۆک و ئاراستەدایە، جیاوازییەکی فراوان لە نێوانیاندا هەیە و هەر یەکێکیان بەگوێرەی پەیامە بنەڕەتییەکە، شوێنگۆڕکی بە دەستەواژەکان دەکات، بۆ ئەوەی مەبەستی دیاریکراوی خۆی بپێکێت.

2. لە ناوەڕۆکی هەواڵ و مانشێتەکاندا هەرچەند ئاراستەی هاوسەنگی بەڕێژەی 46.04% لە پلەی یەکەمدایە و لایەنگریی بەڕێژەی 14.63% لە پلەی سێیەمدایە، ئەمەش بۆ هەواڵی تەناهی کە یەکێکە لە هەستیارترین بوارەکانی هەواڵ و لە ئەگەری ناڕوونی لە هەر زانیارییەکی بچووکیش، لەوانەیە کارەساتێکی بەدواوە بێت، ئەوا هێشتا ڕێژەکەی بەرزە.

**ناوەڕۆک:**


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێننامەی توێژەر | viii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ii |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | iii |
| پێشکەشکردن | iv |
| سوپاس و پێزانین | v |
| پوختەی توێژینەوە | vi |
| ناوەڕۆک | viii - vii |
| پێڕستی ناونیشانی خشتەکان | Ix |
| پێڕستی ناونیشانی شێوە و هێلکارییەکان | X |
| پێشەکی | 3-1 |
| **بەشی یەکەم چوارچێوە و ڕێکاری توێژینەوە** | |
| 1.1. کێشەی توێژینەوە | 5 |
| 1.2. پرسیارەکانی توێژینەوە | 5 |
| 1.3. ئامانجی توێژینەوەکە | 6 |
| 1.4. گرنگیی توێژینەوە | 6-7 |
| 1.5. توێژینەوەکانی پێشوو | 14-8 |
| 1.6. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو | 15-14 |
| 1.7. ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە | 16-15 |
| **بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە** | |
| 2.1. تەوەری یەکەم: هەواڵ (چەمک و پیکهاتە و جۆرەکانی) | 21 |
| 2.1.1. چەمکی هەواڵ | 22-21 |
| 2.1.2. پێکهاتەی هەواڵ | 26-22 |
| 2.1.3. جۆرەکانی هەواڵ | 28-27 |
| 2.1.4. بەهاکانی هەواڵ | 31-28 |
| 2.1.5. سیفەتەکانی هەواڵ | 32-31 |

| | |
|---|---|
| 33 | 2.2. تەوەری دووەم: تەناهی (چەمک و بوار و رەگەزەکانی تەناهی) |
| 35-33 | 2.2.1. چەمکی تەناهی |
| 37-36 | 2.2.2. بوارەکانی تەناهی |
| 39-37 | 2.2.3. پەیوەندیی نێوان میدیا و تەناهی |
| 40-39 | 2.2.4. رەگەزەکانی دانانی پلانی میدیایی بۆ رووداوە تەناهییەکان |
| 40 | 2.2.5. رەگەزەکانی رۆماڵی میدیایی لەکاتی روودانی تاوان |
| 41 | 2.3. تەوەری سێیەم: هەواڵی تەناهی (ماهیەت و گرنگی و ئامانج و سیماکانی هەواڵی تەناهی) |
| 46-41 | 2.3.1. ماهیەتی هەواڵی تەناهی |
| 47-46 | 2.3.2. گرنگی هەواڵی تەناهی |
| 49-47 | 2.3.3. ئامانجی هەواڵی تەناهی |
| 55-50 | 2.3.4. تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەناهی |
| 56-55 | 2.3.5. سیماکانی هەواڵی تەناهی |
| 57-56 | 2.3.6. پێوەرەکانی هەواڵی تەناهیی سەرکەوتوو |
| 58-57 | 2.3.7. ئەرکەکانی هەواڵی تەناهی |
| 59-58 | 2.3.8. کۆسپەکانی بەردەم میدیای تەناهی |
| 60 | 2.4. تەوەری چوارەم: ستراتیژیەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی.... |
| 63-60 | 2.4.1. ئامرازە بەکارهاتووەکان لە گەیاندنی هەواڵی تەناهیدا |
| 65-64 | 2.4.2. رەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە بابەتی تەناهیدا |
| 66-65 | 2.4.3. سیاسەتی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی |
| 67-66 | 2.4.4. رێکار و رێوشوێنی وریایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی |
| 69-67 | 2.4.5. پرەنسیپەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهییەکان |
| بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی (رێکاری شیکاری، نموونەی توێژینەوە و ناخشیکاری هەواڵە تەناهییەکان) | |
| | 3.1. تەوەری یەکەم: رێکاری شیکاری و رێبازنامەی توێژینەوە |
| 70 | 3.1.1. جۆری توێژینەوەکە |
| 70 | 3.1.2. رێبازی توێژینەوەکە |

| | |
|---|---|
| 3.1.3. کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە | 70 |
| 3.1.4. ئامرازەکانی توێژینەوەکە | 71-70 |
| 3.1.5. سنووری توێژینەوەکە | 71 |
| 3.1.6. توێژەکانی شیکردنەوە | 72-71 |
| 3.1.7. ڕێکارەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری | 75-72 |
| 3.2. تەوەری دووەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوە | 77-75 |
| 3.2.1. پێگەی ئەلیکترۆنی NRT | 78 |
| 3.2.2. پێگەی ئەلیکترۆنی K24 | 79-78 |
| 3.3. تەوەری سێیەم: ناخشیکاری بۆ هەواڵە تەناهییەکانی ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT | 82-79 |
| ئەنجامی توێژینەوەی شکاری | 107-83 |
| دەرەنجامی توێژینەوەی تیۆری | 109-108 |
| ڕاسپاردە | 111-110 |
| سەرچاوەکان | 112-111 |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | -R113<br>R125 |
| پاشکۆکان | -A126<br>A128 |


## پێڕستی ناونیشانی خشتەکانی توێژینەوە


| خشتە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | وەرزی دەستکرد بۆ هەواڵە تەناهییەکان لە هەردوو ماڵپەڕی K24 و NRT | 72 |
| 2 | توێژەکانی یەکەی (چی گوتراوە) | 74 |
| 3 | توێژەکانی یەکەی (چۆن گوتراوە) | 75 |
| 4 | بەراوردی نێوان ماڵپەڕەکانی NRT و K24 لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی | 83 |
| 5 | هەواڵی تەناهی بەگوێرەی جۆری تاوان و هەڕەشە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 84 |
| 6 | مانشێتی هەواڵی تەناهی لەڕووی زمانەوانیەوە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 86 |
| 7 | مانشێتی هەواڵی تەناهی لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 87 |
| 8 | سەرچاوەکانی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 89 |

| | | |
|---|---|---|
| 9 | ئاستی گرنگیدانی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 بە بەکارهێنانی گەواهیدان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی | 90 |
| 10 | هەواڵی تەناهی بەگوێرەی ناوچەی جوگرافی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 91 |
| 11 | جەماوەری هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 93 |
| 12 | شێوازی قەبارەی دەقی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 94 |
| 13 | فۆڕمی بەکارهاتوو لەگەڵ هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 95 |
| 14 | جۆری ڤیدیۆی بەکارهاتوو لەگەڵ هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 96 |
| 15 | جۆری وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 97 |
| 16 | پێکهاتەی هەواڵی تەناهی لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 98 |
| 17 | قورسایی و پێگەی ڕەهەندە جیاوازەکان لە هەواڵی تەناهیدا لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 103 |
| 18 | شێوازی خستنەڕووی دەقی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 104 |
| 19 | ئاراستەی ناوەڕۆکی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 105 |
| 20 | دامەزراوەی تەناهیی چالاک لە هەواڵی تەناهیدا لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 | 106 |


## پێڕستی ناونیشانی شێوە و هێلکارییەکانی توێژینەوە


| شێوە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پێکهاتەی هەواڵ ڕوون دەکاتەوە | 23 |
| 2 | جۆرەکانی هەواڵ ڕوون دەکاتەوە | 27 |
| 3 | بوارەکانی تەناهی ڕوون دەکاتەوە | 36 |
| 4 | تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەناهی ڕوون دەکاتەوە | 50 |
| 5 | دیاردەی تەناهی و شێوازی مامەڵەی هێزە تەناهییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردن ڕوون دەکاتەوە | 52 |
| 6 | پرۆسەی پەیوەندیکردنی تەناهی ڕوون دەکاتەوە | 64 |
| 7 | ڕەهەندە سەرەکییەکانی چاودێری لە هەواڵەکانی تەناهی ڕوون دەکاتەوە | 69 |

## پێشەکی

تەناهی بە بنەمای سەقامگیری وڵاتان و پێشکەوتنیان دادەنرێت، بەشێوەیەک کە بەبێ بوونی تەناهی ناتوانرێت پێشکەوتن لە هیچ بوارێکی ژیاندا بکرێت، لەگەڵ ئەوەی تەناهی بە بزوێنەری سەرەکی گەشەسەندنی قەوارەی وڵاتان دادەنرێت، لە هەمان کاتدا هەستکردن بە تەناهی لە کۆمەڵگەدا دڵنەوایی و ئارامی بە تاک و کۆمەڵگە دەبەخشێت و بوار بە تاکەکان دەدات داهێنان لە بەهرەکانیاندا بکەن و دواتر ئاستی کارایی کۆمەڵ بەرز دەکاتەوە، دواجار هەموو ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی وڵات. تەناهیش چ وەک واقع یانیش هەستپێکردن، ناتوانرێت لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا فەراهەم بکرێت، تەنیا لەڕێگەی پیادەکردنی ئامراز و میکانیزمەکانییەوە نەبێت، گرنگترین ئەو میکانیزمانەش بریتییە لە میدیایەکی چالاک، کە توانای گەیشتنی بە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ هەیە، بۆ ئەوەی خواستەکانیان تێر بکات و لە دیاردە نەرێنیەکان ئاگاداریان بکاتەوە، هەروەها شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە نەرێنییانە بۆیان شرۆڤە بکات، یانیش هەر نەبێت ژینگەیەکی لەبار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە تەناهییەکان بۆیان برەخسێنێت.

ئامانج لە هەواڵ بە گشتی و هەواڵی تەناهی بە تایبەت وەک ژانرێکی میدیایی، بۆ ڕاستکردنەوەی بیرۆکە هەڵەکان و نیشاندانی ڕاستیەکانە لەبارەی هەڕەشە تەناهییەکان و گۆڕینی ئاراستە نەرێنییەکان لای تاکەکانی کۆمەڵ لەبارەی پرسە تەناهییەکانەوە، ئەویش لە ڕێگەی پێدانی بەرچاوڕوونی لەبارەی ئەو کێشە و مەترسییە تاوانکاریانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە، کە کاریگەری نەرێنیی لەسەر تەناهی و سەلامەتی سەرجەم هاووڵاتیان هەیە، ئەو بەرچاوڕوونیەش لەڕێگەی شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهیەوە بە تاکەکان دەدرێت، چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە، یانیش فۆرمی بەکارهاتوو لە داڕشتنی هەواڵ، جا دەقی هەواڵەکە بێت،

یانیش وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک، کە بەگوێرەی جۆری ئەو ئامارازە میدیاییەی لێیەوە ئاراستە دەکرێت، شێوازی داڕشتنیش لە ئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکی دیکە جیاوازە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە جەخت دەکرێتەوە لەوەی پێویستە لە بڵاوکردنەوەی زانیارییە تەناهییەکان گرنگیی بە هەستیاری بابەتەکە بدرێت و ئاشکراکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەک بن، کە کاریگەری لەسەر تەناهی نەتەوەیی نەبێت و هەڕەشەی تەناهیی بۆ سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان نەبێت، تا ئێستاش ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا کراون، هەرچەند ژمارەشیان کەمە، بەڵام ئەوەی ئەنجامیش دراون، لە دەوری ناوەڕۆکدا دەخولێنەوە، لەکاتێکدا شێواز و زمانی داڕشتن و فۆڕمە بەکارهاتووەکانی وەک: وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک کە پێکهاتەی سەرەکی هەواڵن، ڕۆڵی بەرچاویان لە خستنەڕووی زانیاری تەناهیدا هەیە، تا ئێستاش هیچ توێژینەوەیەکی کوردی لەبارەی شێوازی داڕشتن و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لەسەر خستنەڕووی زانیاری تەناهی ئەنجام نەدراوە.

لەم توێژینەوەیەدا پێکهاتووە لە سێ بەش. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە چوارچێوەی ڕێکارەکانی توێژینەوەی لەخۆ گرتووە.

هەرچی بەشی دووەمە، تیۆرینامەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و باس لە شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵ بە گشتی و هەواڵی تەناهی بەتایبەت کراوە، هەموو ئەرک و بنەما و ڕێکارەکانی گرنگیدانی دەزگا میدیاییەکان و گرنگیی پەیوەندیی نێوان ئامرازە میدیاییەکان و دەزگا تەناهییەکان خراونەتە ڕوو، لەگەڵ نیشاندانی گرنگی ئەو پەیوەندییە بۆ گەیاندنی زانیاری تەناهیی بە جەماوەر. لە سەرتاپای ئەم بەشەدا پشت بە سەرچاوە زانستییەکان بەستراوە و هەموو ئەو دەق و بیرۆکانەی وەرگیراون، ئاماژە بە سەرچاوەکانیان کراوە.

سەبارەت بەو دەقانەی لە سەرچاوە زانستییەکانی زمانەکانی دیکەی وەک عەرەبی و ئینگلیزی وەرگیراون، وەرگێڕانێکی واتایی بۆ دەقەکان کراوە و پشت بە وەرگێڕانی وشەیی

نەبەستراوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بیرۆکەکان وەک خۆیان دابڕێژرێن و هیچ ناڕوونییەک لە دارشتنەکەدا نەبێت.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە لایەنی شیکاری و بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەمیان تایبەتە بە ڕێکارەکانی شیکاری. تەوەری دووەم تایبەتە بە ناساندنی نموونەی توێژینەوە. هەرچی تەوەری سێیەمە کە تایبەتە بە شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ شێوازەکانی دارشتنی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی مشتەی توێژینەوە، لەو تەورەدا توێژەر شێوازی ناخشیکاریی بەکارهێناوە و فۆڕمێکی بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆک وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بۆ توێژینەوەکەی ئامادە کردووە و لە ژمارەیەک خشتەی ئاماریدا بە بەکارهێنانی یەکەی توێژەکانی (چی گوتراوە؟ و چۆن گوتراوە؟) ئەنجامەکانی دەرهێناوە.

دواجار تەوەری چوارەمی بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش بە کۆمەڵێک ئەنجام و دەرەنجام کۆتایی هات، دیارترینیان ئەوەیە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان دەزگا تەناهییەکان و دامەزراوە میدیاییەکاندا هەیە و گرنگیدانی ماڵپەڕە کوردییەکان بە شێوازەکانی دارشتنی هەواڵی تەناهی و فۆڕمی بەکارهاتوو تاڕادەیەک باشە بەو پێیەی پێگەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکدا هەڵکەوتووە، کە نەک تەنیا هۆکاری ناوخۆیی، بەڵکو هۆکاری دەرەکیش کاریگەرییان لەسەر تەناهی هەرێمی کوردستان هەیە و زۆربەی هۆکارەکانی ئەو گۆڕانکارییە تەناهیانەش رەهەندی سیاسی و دواتر سەربازی بەسەریاندا زاڵە.

هەر لە تەوەری چوارەمی بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا، کە ئەنجامی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامانە توێژەر ژمارەیەک راسپاردەی خستووەتەڕوو، هەم بۆ توێژەرەکانی دوای خۆی و هەمیش بۆ گرنگیدانی زیاتری ئامرازە میدیاییەکان بە شێوازەکانی دارشتنی هەواڵی تەناهی و پابەندبوونی زیاتریان بە گواستنەوەی زانیارییە تەناهییەکان بە شێوەیەکی وردتر، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان،

لەپێناو بەلاوەنانی مەترسییە تەناهییەکان و بەکارهێنانی میکانیزمی گونجاو لە ئیدارەدانی ئەو قەیرانانەی ڕەهەندی تەناهییان هەیە و هەڕەشەن بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان.

هەر لە تەوەری چوارەم و کۆتایی بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا دەقی توێژینەوەکە بە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ پێویستەکانی توێژینەوەکە کۆتایی بە نووسینی توێژینەوەکە هێنراوە.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوە و ڕێکاری توێژینەوە

1.1. کێشەی توێژینەوە

1.2. پرسیارەکانی توێژینەوە

1.3. ئامانجی توێژینەوەکە

1.4. گرنگیی توێژینەوە

1.5. توێژینەوەکانی پێشوو

1.6. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

1.7. ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە

# بەشی یەکەم
# چوارچێوە و ڕێکاری توێژینەوە

## 1.1. کێشەی توێژینەوە

لەگەڵ درککردن بە ڕۆڵی میدیا لە هاوکاریکردنی دەزگا تەناهییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان و قەیرانە تەناهییەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری تەناهیدا، بیرکردنەوە لە چۆنیەتی داڕشتی هەواڵی تەناهیش بووەتە زەرورەتێکی حەتمی، بۆ ئەوەی مانشێت و ناواخنی زانیارییە تەناهییەکان نەبنە هۆکار بۆ ئاشکراکردنی ئەو زانیاریانەی کە پێویستە بە نهێنی بهێڵرێنەوە، تاوەکو زیانیان بۆ تەناهی نەتەوەیی نەبێت، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش لەو چوارچێوەیەدایە و بۆ زانینی ئاستی گرنگیدانی ماڵپەڕە کوردییەکانە بە شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی و بەکارهێنانی ئەو فۆڕمانەی وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک کە بۆ بەهێزکردنی ئەو زانیاریانە پێویستن.

جگە لەمەش، لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە لەسەر دیارکردنی ئەو میکانیزمانە کراوە، کە ماڵپەڕە کوردییەکان لە کاتی قەیرانەکاندا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە تەناهییەکان بەکاریدەهێنن.

## 1.2. پرسیارەکانی توێژینەوە:

توێژەر کۆمەڵێک پرسیار دەورژێنێت بۆ ئەوەی لە توێژینەوەکەیدا بتوانێ وەڵامیان بداتەوە، گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانەن:

1. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە ڕەنگدانەوەی ئەو ناوەڕۆکە میدیاییانەی لە قاڵبی هەواڵی تەناهیدا لە ماڵپەڕە کودرییەکان ئاراستەی جەماوەر دەکرێن، ئاخۆ ماڵپەڕە کوردییەکان چ شێوازێک لە داڕشتنی هەواڵی تەناهیدا بەکاردەهێنن؟
2. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، تا چەندە ماڵپەڕە کوردییەکان گرنگی بە هەواڵی تەناهی دەدەن و ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهی لە هەریەک لە NRT و K24 لە چ ئاستێکدایە و ڕێژەی جیاوازیی نێوان هەردوو پێگەکە لە گرنگیپێدانیان بەو جۆرە هەواڵانە چەندە؟

3. ئەو شێوازانە چین کە بۆ داڕشتنی مانشێتی هەواڵی تەناهی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 لەڕووی زمانەوانی و ناوەڕۆکەوە پشتی پێ دەبەستن؟

4. هەردوو ماڵپەڕەکانی مشتەی توێژینەوە لە داڕشتن و خستنەڕووی ناوەڕۆکی هەواڵی تەناهیدا پشت بە چ جۆرە سەرچاوەیەک دەبەستن؟

5. لە رووی قەبارەی تێکستەوە، هەریەک لە ماڵپەڕەکانی NRT و K24 تەنیا یەک قالبیان بۆ داڕشتنی هەواڵ هەیە، یانیش هەواڵەکانیان فرەجۆر و قەبارە جیاوازن؟

6. بەکارهێنانی فۆڕمەکانی وەک وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک لەگەڵ هەواڵە تەناهییەکان لە هەردوو ماڵپەڕەکانی مشتەی توێژینەوە تا چەندە گرنگیی پێ دەدرێت و کام فۆڕم لە هەموویان زیاتر جێگەی بایەخە و ریزبەندییەکانیان لە بەکارهێناندا چۆنە؟

7. ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی لە داڕشتنی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 بە چ ئاراستەیەکن؟ ئایا تاچەندە لایەنگیرییان پێوە دیارە؟ ڕێژەی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لەو هەواڵانەدا چەندە؟

### 1.3. **ئامانجی توێژینەوەکە**:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا پوخت دەکرێنەوە:

1. زانینی شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان.

2. دیاریکردنی ئاستی گرنگیپێدانی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 وەک مشتەی توێژینەوە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی و دیاریکردنی جیاوازی نێوان گرنگیپێدانیان بەو جۆرە هەواڵانە.

3. زانینی ئەو شێوازانە کە بۆ داڕشتنی مانشێتی هەواڵی تەناهی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 لەڕووی زمانەوانی و ناوەڕۆکەوە پشتی پێ دەبەستن.

4. دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی هەردوو ماڵپەڕەکانی مشتەی توێژینەوە لە داڕشتن و خستنەڕووی ناوەڕۆکی هەواڵی تەناهیدا پشتی پێ دەبەستن.

5. زانینی ئەو شێوازەی لە رووی قەبارەی تێکستەوە، هەریەک لە ماڵپەڕەکانی NRT و K24 بەکاری دەهێنن.
6. دیاریکردنی ئاستی گرنگیپێدانی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 بە فۆڕمەکانی وەک وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک لەگەڵ هەواڵە تەناهییەکان.
7. دیاریکردنی ئەو ئاراستەیەی لەناوەڕۆکی هەواڵی تەناهیدا لە هەریەک لە ماڵپەڕەکانی NRT و K24، لەگەڵ زانینی ئاستی لایەنگیری لەناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەدا.

### 1.4. گرنگیی توێژینەوە

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رۆشنبیرییە گشتییەی لە هەمبەر کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، هەرچەند وەک گوزارشتێکی رۆژانە دەستەواژەی میدیای تەناهی لەناو کۆمەڵگەش بووەتە زاراوەیەکی باو، بەتایبەت ژانری هەواڵی تەناهی، بەڵام ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ دیاریکردنی ئاستی پەیوەندی نێوان ئەو دوو چەمکە، واتا (میدیا و تەناهی) و کاریگەریان لەسەر یەکتر وەک پێویست نەبووە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

أ. لە رووی زانستییەوە: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەروازەیەکی واڵا و زانستیانە بەڕووی لێکدانەوە و وردبوونەوە لە "هەواڵی میدیایی و بواری تەناهی" و دیاریکردنی هێزی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکەکان و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە و تێپەڕاندنی سنووری میدیا و تەناهی بە واتا کلاسکییەکەی. هەروەها دەروازەیەکە بۆ ئەوەی توێژەران شرۆڤەی وردتر بۆ قەیرانە تەناهییەکان و لێکەوت و مەترسییەکانی بکەن، لەگەڵ لێکۆڵینەوەکردن لە ئاستی گرنگی رۆڵی میدیا و بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی، لەپێناو دروستکردنی متمانەی جەماوەر بە دەزگا تەناهییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخە ناسەقامگیرەکان، کە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی پەردە لەسەر تەواوی کارلێکەکانی هەڵنەدراوەتەوە، بەدیاریکراویش لە ماڵپەڕە کوردییەکان.

ب. له رووی پراکتیکییەوە: هەرچەند پێشتریش ژمارەیەک توێژینەوە لەبواری هەواڵی تەناهیدا کراون، بەڵام لەڕووی شێوازی دارشتنی هەواڵ بەدیاریکراویش لە ماڵپەڕە کوردییەکان، ئەمە یەکەم جارە توێژینەوەیەکی لەمشێوەیە بکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی ئەنجامدراوە، بە چەمکە گشتییەکەی "میدیای تەناهی" لێکۆڵینەوەیان کردووە، لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیە وردتر شرۆڤەی ئەم بابەتەی کردووە و پەنجەی خستووەتە سەر هەستیارترین ژانری میدیایی کە لە هەموو هونەرەکانی دیکەی میدیا کاریگەری زیاتری لەسەر جەماوەر هەیە، بەوەی کە بواری تەناهی پەیوەندی راستەوخۆی بە سەقامگیری ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی جەماوەرەوە هەیە، ئەویش "هەواڵ و زانیاری تەناهییە". بەمەش توێژینەوەکە دەبێتە دەروازەیەک بۆ راستەرێکردن و ئاراستەکردنی زیاتری میدیای کوردی بەرەو تایبەتمەندبوونی میدیا لە بڵاوکردنەوەی هەاڵدا.

ت. لە رووی بابەتەوە: ئەم توێژینەوەیە لە ناوەڕۆکێکی هەستیاری وەک هەواڵی تەناهی و شێوازی دارشتنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان دەکۆڵێتەوە، کە تا چەندە هەردوو ماڵپەڕەکانی مشتەی توێژینەوە پابەندی بنەماکانی زانستی و پیشەیین لە دارشتنی هەواڵ، لەلایەک بۆ متمانەپێکردنی جەماوەر بە دەزگا و کارمەندانی تەناهی بۆ یارمەتیدانیان لە دۆخی تایبەت و هەستیارەکانی تەناهیدا، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەو هەڕەشە تەناهییانەی بۆ سەر ژینگەی ئابووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان لەئارادان.

## 1.5. توێژینەوەکانی پێشوو:

**1.5.1. (الغصین 2012) لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی "أثر إعلام الأمني على أداء العاملین في الأجهزة الأمنیة في قطاع غزة" نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی ئیسلامی لە غەزە ئەنجامیداوە.**

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات واقعی گشتیی تەناهی و کاریگەرییەکەی لەسەر هاندانی کارایی کارمەندانی تەناهی لە دەزگا ئەمنیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە کەرتی غەزە بزانێت، ئەویش لەڕێگەی هەڵسەنگاندن و زانینی دۆخی میدیای تەناهی و کاریگەرییەکەی لە هاندانی کارایی کارمەندانی دەزگا تەناهییەکان. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە، بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە فۆڕمی ڕاپرسی بەستراوە، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە پلە جیاوازە سەربازییەکانی دەزگا تەناهییەکانی کەرتی غەزە بەسەر٣١٨ کەس دابەشکردووە.

ئەنجامەکانی توێژینەوە: سیاسەتی میدیای تەناهی کاریگەرییەکی کەمی لەسەر کارایی کارمەندانی دەزگا تەناهییەکان هەیە و وەزارەتی ناوخۆ لە کەرتی غەزە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای میدیای تەناهیی بۆفەرماندە باڵا و مامناوەندەکانی دەزگا تەناهییەکان نییە و هەموو پرسە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەخۆ ناگرێت. کارکردنی سیاسەتی میدیای تەناهی لەسەر کەمکردنەوەی درزی نێوان کۆمەڵگە و دەزگا ئەمنییەکان لە ئاستێکی مامناوەند دایە و دەزگاکانی تەناهی تاڕادەیەک پابەندی هەموو جۆرە سیاسەت و ڕێنماییەکی تەناهین. ئەوانەی کاری میدیای تەناهی دەکەن کاریگەرییەکی زۆر و ڕاستەقینەیان لەسەر کارایی کارمەندانی دەزگا تەناهییەکان هەیە. وەزارەتی ناوخۆ گرنگی زۆر بە کارمەندانی میدیای تەناهی دەدات و بە بەشێکی بنچینەیی لە وەزارەت دەزانێت، کارمەندانی میدیای تەناهیش سیاسەتی میدیایی وەزارەتەکە جێبەجێ دەکەن و لەڕووی پیشەییەوە زۆر گرنگی بەخۆیان دەدەن و هەماهەنگییەکی بەهێز لەنێوان کارمەندانی میدیایی و فەرماندەکانی دەزگاکانی تەناهیدا هەیە.

**1.5.2. توێژینەوەی (إسماعيل 2021) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (إستراتيجيات الإعلام و فاعليتها في تعزيزالأمن القومي السوداني) تێزێکی دکتۆرایە لە زانکۆی سوودان بۆ زانست و تەکنەلۆجیا ئەنجامی داوە.**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی چەمکە ستراتیژیەتەکانی میدیا و پلانی هەردوو رادیۆی (صوت القوات المسلحة و ساهرون)ـە، کە پاڵپشتی لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن و توێژەر هەوڵیداوە ئاستی پابەندبوونی دەزگا میدیاییەکانی سوودان بە جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی لەبواری میدیا و ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکات، هەورەها ئاشکراکردنی ئاستی کارامەیی هەردوو رادیۆکە لە بەهێزکردنی پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی لە سوودان. تویژینەوەیەکی وەسفییە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری پشتی بە فۆرمی راپرسی و چاوپیکەوتن و تێبینی بەستووە.

ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو کۆمەڵگە ئەنجامدراوە: کۆمەڵگەی یەکەم نوێنەرایەتی هەموو ئەو کارمەندانەی دەکات کە لە رادیۆی هێزە چەکدارەکان و رادیۆی ساهیرون کاردەکەن، کۆمەڵگەی دووەم نوێنەرایەتی پسپۆڕانی میدیای سودانیان دەکرد. مشتەی توێژینەوەکە بە مەبەست لە هەردوو کۆمەڵگاکە هەڵبژێردرا. نمونەی کارمەندانی رادیۆ لە (158) بەشداربوو پێکهاتبوو، کە توێژەر (170) پرسیارنامەی بەسەر نموونەی تویژینەوەکە دابەشکردووە.

ئەنجامەکانی توێژینەوە: سیاسەتی سەربازی کۆتوبەندکراوی میدیای سەربازی وایکردووە هەردوو رادیۆی (صوت القوات المسلحة و ساهرون) نەتوانن لە ئاست بەهێزکردنی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا بن. پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی تەنها ئەرکی هێزە تەناهییەکان نییە، بەڵکو پێویست بە بەشداری کارای هەموو لایەنە فەرمی و نافەرمییەکان هەیە. رەنگنەدانەوەی راستییەکان لەبارەی پرسە ئەمنییەکان وایکردووە، بیسەرانی ئەو دوو رادیۆیە متمانەیان بەو رادیۆیانە نەبێت، بۆیە لە میدیاکانی دیکەوە بەدوای راستییەکاندا دەگەڕێن.

**1.5.3. توێژینەوەی (شریف 2015) توێژینەوەکەی بە ناونیشانی (دور الصحف الكردية في تنمية الوعي الأمني لدى الجمهور) نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی مەنسورە لە وڵاتی میسر ئەنجامیداوە.**

توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر هەردوو میتۆدی شیکاری و روپێویی بەکارهێناوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە توێژگەی شیکاریدا ناخشیکاریی بۆ (169) ماددەی تەناهی، کە لە رۆژنامەکانی (ألإتحاد، التآخي، رێگای کوردستان و رووداو بڵاوکراونەتەوە)، کردووە. لە توێژگەی رووپێویشدا فۆڕمی راپرسیی بەسەر (440) قوتابی لە زانکۆکانی (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆک و کۆیە)دا دابەشکردووە، لە هەر یەکێک لەو زانکۆیانە (110) قوتابیی وەرگرتووە.

ئەنجامی توێژینەوە: بابەتی تەناهی لە ریزبەندی پێشەوەی ئەو بابەتانەن، بەلای بەشداربووانی مشتەی توێژینەوە گرنگن و بۆ وەرگرتنی زانیاری تەناهی، زۆرترین گرنگی بە رۆژنامەی (إتحاد) دراوە و دەکەوێتە پێش تەواوی رۆژنامەکانی دیکەی کوردی، دوای ئەویش بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک هەریەک لە رۆژنامەکانی (التآخي، رێگای کوردستان، رووداو) دێن، ریزبەندی بابەتە تەناهییەکانیش لەڕووی گرنگییەوە لە هەرچوار رۆژنامەکە بەشێوەیەکن، تەقینەوەکانی داعش پلەی یەکەم، تەقینەوە تەوقیتکراوەکان پلەی دووەم و رووبەڕووبوونەوەکانی ئەنبار لە پلەی سێیەم و کۆتاییدان.

**1.5.4. توێژینەوەی (سید 2020) بە ناونیشانی (أداء الإعلام الأمني عبر مواقع التواصل الاجتماعي والمواقع الرسمية وعلاقته باتجاهات الجمهور نحو أداء وزارة الداخلية)، تێزێکی دکتۆرایە لە کۆلیژی میدیا لە زانکۆی قاهیرەی وڵاتی میسر ئەنجامیداوە.**

توێژینەوەکە هەوڵی داوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای ئەو میدیا تەناهییە بکات، کە وەزارەتی ناوخۆی میسر لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییە فەرمییەکانییەوە پێشکەشی دەکات، لەگەڵ زانینی پەیوەندیی ئەو ئەدایەی وەزارەتی ناوخۆ و ئاراستەی جەماوەری میسری. لە توێژینەوەکەدا رێبازی وەسفی بەکارهاتووە و تویژەر هەردوو میتۆدی رووپێوی و شیکاری بەکارهێناوە، بۆ ئەو مەبەستەش لە لایەنی شیکاریدا ناخشیکاریی بۆ (لاپەڕەی فەرمیی وەزارەتی ناوخۆ لە تۆڕی

فەیسبووک، هەژماری تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ لە تۆڕی ئێکس، پێگەی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ لە ماڵپەڕی حکومەتی ئەلیکترۆنی) کردووە، هەرچی بۆ لایەنی روپێویشە، مشتەی مەبەستدار وەرگیراوە و لە (400) بەشداربوو پێکهاتووە و سەرجەمیان بەکارهێنەری ئەو تۆڕە ئەلیکترۆنیانەبوون، هەروەها چاوپێکەوتنیش لەگەڵ 16 شارەزای بواری میدیاش ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری بووە بۆ ئەو توێژینەوەیە.

ئەنجامی توێژینەوە: توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتووە، گرنگترینیان ئەوەیە، کە زۆرترین خزمەتگوزاری داواکراو لە ماڵپەڕی وەزارەتی ناوخۆی میسر لە ماڵپەڕی حکومەتی ئەلیکترۆنی بریتین لە (مۆڵەتی کارکردن، بەڵگەی تاوانکاری، باری شارستانی، هاتوچۆ)، هەروەها بەبڕوای بەشداربووانی توێژینەوە، ئەدای میدیای تەناهی لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی فەرمییەوە لە نێوان ئەدای ئەرێنی و نەرێنیدایە و پەیوەندییەکی بەهێزی لە نێوان ئەدای میدیای تەناهی لەلایەن تۆڕە فەرمییە کۆمەڵایەتییەکانی وەزارتی ناوخۆ و ئاراستەی جەماوەری ئامانجکراودا هەیە.

**1.5.5. توێژینەوەی (العنزي 2020)، تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشانی (دور الإعلام الأمني في مواجهة الجرائم الإلكترونية والحد منها من وجهة نظر العاملين في الأجهزة الأمنية في دولة الكويت) لە زانکۆی (مؤتة)ی ئوردن پێشکەشکراوە.**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: (لە دیدگای کارمەندانی دەزگا تەناهییەکانی وڵاتی کویت، رۆڵی میدیای تەناهی لە رووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و دانانی سنوورێک بۆ ئەو تاوانانە ل چ ئاستێکدایە؟)، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات رۆڵی میدیای تەناهی لە کەمکردنەوە و دانانی سنوورێک بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و شێوازەکانی بەهێزکردنی رۆڵی میدیایی تەناهی بزانێت و کۆسپەکانی بەردەمی لە دیدگای کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی وڵاتی کوەیت ئاشکرا بکات. توێژینەوەکە پشتی بە رێبازی رووپێوی بەستووە و مشتەی توێژینەوەی لە (767) کارمەندی دەزگا تەناهییەکان لە پلەی جیاوازدا لە سەرجەم دەزگا تەناهییەکانی

هەرشەش پارێزگای ئەو وڵاتە پێکهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریش، فۆڕمی راپرسیی بەکارهاتووە.

ئەنجامی توێژینەوە: رۆڵی میدیای تەناهی لە کەمکردنەوە و دانانی سنووریک بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان لە دیدگای کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان لە ئاستێکی باڵا دایە و ناوەندە ژمێرەیی وەڵامەکان گەیشتووەتە 3.742 لە 5، هەروەها لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە، کە میدیای تەناهی لە وڵاتی کوەیت رۆلێکی بەرچاو لە هۆشیاری تەناهی لەبارەی مەترسییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، دەستنیشانکردنی جۆری تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، شێوازەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و ریگەکانی رووبەڕووبوونەوەی و بڵاوکردنەوەی یاسا تایبەتەکان بەو جۆرە تاوانانە دەگێڕێت. یەکێکی دیکە لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئەوەیە کە ئەو کۆسپانەی رووبەڕووی میدیای تەناهی دەبنەوە، هۆکارەکەی لاوازی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان ئیدارەی میدیای تەناهی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە رووبەڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنی دەگەڕێتەوە.

**1.5.6. توێژینەوەی (الرحالة 2019)، نامەیەکی ماستەرە بە ناونیشانی (دور إدارة الإعلام الأمني في مواجهة الإشاعات الإلكترونية من وجهة نظر العاملين في إدارة الإعلام الأمني في الأردن) لە کۆلیژی زانکۆی عەمانی عەرەبی، لە وڵاتی ئوردن ئەنجامدراوە.**

توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی رووپێوی لەڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی راپرسییەوە بەسەر کارمەندانی ئیدارەی میدیای تەناهیدا لە ئوردن ئەنجامدراوە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهاتووە. پرسیاری سەرەکی توێژینەوە پێکهاتووە لەوەی (لە دیدگای کارمەندانی ئیدارەی میدیای تەناهی لە ئوردن، میدیای تەناهی لە رووبەڕووبوونەوەی دەنگۆی ئەلیکترۆنیدا چ رۆڵێکی هەیە؟). ئامانجی توێژینەوە زانینی رۆڵی ئیدارەی میدیای تەناهییە بە رەهەندەکانی: (سیاسەتی میدیای تەناهی، پیشەیی بوونی کارمەندانی میدیای تەناهی، گشتگیری لە رۆماڵی میدیای تەناهی، یاسا و رێساکانی رۆماڵی میدیای تەناهی،

روونی و بابەتیبوونی رۆماڵی میدیای تەناهی، فرەجۆری ئامرازە بەکارهاتووەکان لە رۆماڵی میدیای تەناهی لە رووبەڕووبوونەوەی دەنگۆی ئەلیکترۆنی بە هەموو رەهەندێکی کۆمەڵایەتیی ئەمنی، سیاسی، ئابووری و ئایینی لە تێڕوانینی کارمەندانی ئیدارەی میدیای تەناهی لە ئوردن).

ئەنجامی تویژینەوە: توێژینەوەکە ژمارەیەک ئەنجامی زانستی گەیشتووە، گرنگترینیان بوونی کاریگەرییەکی ئاماژەداری ئامارییە (الدلالة الإحصائية) بۆ تەواوی رەهەندەکانی رۆڵی ئیدارەی میدیای تەناهی لە سیاسەتی میدیای تەناهی، پیشەیی بوونی کارمەندانی میدیای تەناهی، گشتگیری لە رۆماڵی میدیای تەناهی، یاسا و رێساکانی رۆماڵی میدیای تەناهی، روونی و بابەتیبوونی رۆماڵی میدیای تەناهی، فرەجۆری ئامرازە بەکارهاتووەکان لە رۆماڵی میدیای تەناهی لە رووبەڕووبوونەوەی دەنگۆی ئەلیکترۆنی بە هەموو رەهەندێکی کۆمەڵایەتیی ئەمنی، سیاسی، ئابووری و ئایینی لە تێڕوانینی کارمەندانی ئیدارەی میدیای تەناهی لە ئوردن.

**1.5.7. توێژینەوەی (بسودة 2018)، نامەیەکی ماستەرە بەناونیشانی (دور الإعلام الأمني في مكافحة الجريمة الأليكترونية) لەلایەن دوو توێژەرەوە پێشکەش بە زانکۆی (احمد دراية – ادرار) کراوە لە جەزائیر.**

توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە و بۆ ئەو مەبەستەش توێژەران ناخشیکارییان بۆ 25 ژمارەی گۆڤاری سوپا (مجلة الجيش الجزائري) لە ژمارە 633ی ساڵی 2016 تا ژمارە 657ی ساڵی 2018یان ئەنجامداوە. لە توێژینەوەکەدا لە بری پرسیار، گریمانەی ئەوە کراوە، کە میدیای تەناهی بە شێوازی تایبەتی خۆپارێزی و ورياييەوە رووبەڕووی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دەبێتەوە و رۆڵێکی کارا لە رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکاندا دەگێڕیت، بۆ ئەو مەبەستەش پەیڕەوی ستراتیژییەت و پلانی جیاوازتر لە بوارەکانی دیکەی میدیا دەکات. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی رۆڵی میدیای تەناهی لە رووبەڕووبوونەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکاندا، لەگەڵ زانینی ئاستی بەشداریکردنی گۆڤاری

سوپای جەزائیر لە هۆشیارکردنەوەی خوێنەر سەبارەت بە مەترسییەکانی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان.

ئەنجامی توێژینەوە: گۆڤاری سوپای جەزائیر رۆڵێکی سەرەکی لە رووبەڕووبوونەوەی تاوانی ئەلیکترۆنیدا دەگێڕێت و چارەسەری ئەو بابەتە بەشێوەیەک دەکات، کە هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی مەترسییەکانی تاوانی ئەلیکترۆنی بەڕێژەی 58.82% دەکات. گەورەترین رێژەی بابەتەکانی گۆڤارەکە کە هاوتایە لەگەڵ 63% لە هەواڵی تەناهی پێکهاتوون و بە ستانداردی جیهانیی باو، مامەڵەی لەگەڵ هەستیاری هەواڵی تەناهیدا دەکات. هەرچی خستنەڕووی دەستکەوتەکانی سوپان لە بواری رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، ئەوا رێژەی 63%ی بەردەکەوێت.

**1.5.8. توێژینەوەی (کراز 2020)، نامەیەکی ماستەرە بە ناونیشانی (درجة الإفادة من الإعلام الجديد في تعزيز الوعي الأمني لدى طلبة الجامعات الفلسطينية بمحافظات فلسطين الجنوبية) لە زانکۆی ئەزهەر لە فەلەستین پێشکەشکراوە.**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوە پێکهاتبوو لە (تا چ ئاستێک میدیای نوێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەمنی سوودی بۆ قوتابیانی زانکۆ لە فەلەستین هەیە؟)، ئامانجی توێژینەوە بۆ زانینی پلەی سود وەرگرتنە لە میدیای نوێ لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری ئەمنی لە ناو قوتابیانی زانکۆ لە پارێزگاکانی باشووری فەلەستین. توێژینەوەیەکی وەسفییە و توێژەر میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوە، بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری پشت بە فۆڕمی راپرسی بەستراوە و مشتەی هەڕەمەکیی سادە لەناو قوتابیانی قۆناغی چوارەمی زانکۆکانی (الأزهر، القدس المفتوحة و الإسراء) لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ وەرگیراون، کە ژمارەیان (353) قوتابی بووە.

ئەنجامی توێژینەوە: ئەنجامی توێژینەوەکە دەیریانخستووە، کە پلەی گشتیی پێزانین بۆ ئاستی سوودوەرگرتن لە میدیای نوێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئەمنی تاڕادەیەک بەرزە و رێژەکەی بریتییە لە (65.49%). زۆرترین ئامێری بەکارهاتووش بۆ ئەو مەبەستە

بریتییە لە مۆبایلە و ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (93.5%)، ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەش کە بەلای مشتەی توێژینەوە بۆ ئەو مەبەستە پەسەندن، پێکهاتوون لە فەیسبووک و توێتەر.

**1.5.9. توێژینەوەی (المجالي 2020) بە ناونیشانی (دور مبادرات الإعلام الأمني لمديرية الأمن العام الأردني في التوعية من الجرائم من وجهة نظر ضباط وأفراد الشرطة المجتمعية للفترة 2016-2019)، تێزێکی دکتۆرایە پێشکەش بە زانکۆی مؤتە کراوە لە وڵاتی ئوردن.**

ئامانجی توێژینەوە بۆ زانینی ڕۆڵی دەستپێشخەرییە تەناهییەکانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەناهی گشتیی ئوردن لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە مەترسی تاوانەکان لە تێڕوانینی ئەفسەران و پۆلیسی کۆمەڵگەوە. توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پرسیاری ئەوە دەکات، کە تا چەندە دەستپێشخەرییەکانی میدیای تەناهی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەناهییەوە توانیویانە ئاستی هۆشیاری جەماوەر لە مەترسییەکانی تاوان بەرز بکەنەوەو و باشترین ئەو چارەسەریانە چین کە لەکاتی ڕووداوی تەناهیدا پێویستە پەنایان بۆ ببرێت؟ توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە و فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر 288 ئەفسەر و کارمەندی پۆلیسی کۆمەڵگە دابەشکراوە، کە خۆیان لە مشتەی توێژینەوەکەدا دەبیننەوە.

ئەنجامی توێژینەوە: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە، کە دەستپێشخەرییەکانی میدیای تەناهی لە بەرێوەبەرایەتی گشتیی تەناهی لە ئوردن لە ڕوانگەی کارمەندانی پۆلیسی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەبارەی تاوانەکان دەگێڕن. هەروەک ئەو دەستپێشخەرییانە توانایەکی بەرزیان هەیە لە دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشە تەناهییەکان، بەتایبەت لای گەنجان و دەستنیشانکردنی ڕۆشنبیرییەکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تاوان لە کۆمەڵگەدا و هۆشیارکردنەوەیان لە جۆرە بەربڵاوەکانی تاوان لە کۆمەڵگەدا و زۆرترین ئەو تاوانەش کە پێویستە کۆڵگە لێی وریا بێت، بریتین لە تاوانەکانی تەقەکردن و سەرپێچی یاساکانی بەرگری.

**1.5.10. توێژینەوەی (مستەفا 2020)، تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشانی (ڕۆڵی پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستان 2014-2017)، پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر کراوە.**

توێژینەوەیەکی وەسفییە و هەردوو میتۆدی ڕوپێوی و شیکاری تێیدا بەکارهاتووە، بۆ لایەنی شیکاری هەواڵی هەردوو پێگەی ئەلیکترۆنی خەندان و K24 وەرگیراون و ناخشیکارییان بۆ کراوە. هەرچی بۆ لایەنی ڕووپێوییە، مشتەی توێژینەوە لە توێژی دەستەبژێران وەرگیراوە و فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر 526 مامۆستای زانکۆ، نووسەر و ڕۆژنامەنووسدا دابەشکراوە. توێژنەوەکە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە، گرنگترین ئەو ڕەهەندانەی ئاسایشی نەتەوەیی چین پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان تیشکی خستووەتە سەریان لە جەنگی دژ بە داعش؟ و پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان چۆن بەرەنگاری پروپاگەندەی داعش لە دژی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە؟ و ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئاستی بایەخپێدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانە لە هەرێمی کوردستان بە ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش و دیاریکردنی ڕادەی بایەخدانی مشتەی توێژینەوەیە بە هەواڵی جەنگیی دژی داعش لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، هەروەها دەستنیشانکردنی ڕادەی کارایی پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردییەکانە لە وەڵامدانەوەی پڕوپاگەندەکانی داعش دژ بە هەرێمی کوردستان.

ئەنجامی تویژینەوە: لە ئەنجامدا تویژینەوە بەو ڕاستییە گەیشتووە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکانی نموونەی توێژینەوە گرنگیی بە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەدەن و لەوبارەیەوە هەواڵ و زانیارییان بڵاوکردووەتەوە. ڕەهەندی سەربازی و دوای ئەویش ڕەهەندەکانی ئاسایش و مرۆیی زۆرترین پانتایی گرتووە لە ڕماڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، لە بەرامبەردا ڕەهەندی ئابووری کەمترین بایەخی پێدراوە. هەروەها زۆرینەی مشتەی تویژینەوە

پێگە ئەلیکترۆنییە حزبی و ئەهلییەکان بەکاردەهێنن بۆ بەدواداچوونی هەواڵی جەنگی دژی داعش و چواریەکی مشتەی توێژینەوەش تەنها پێگە ئەهلییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەو مەبەستە.

### 1.6. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

لەم توێژینەوەیەدا خوێندنەوە بۆ 10 توێژینەوەی جیاواز کراوە، لەناویان 2 توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگەی ناوخۆیی، کە یەکێکیان بە زمانی کوردیی و ئەوی دیکەیان بە زمانی عەرەبییە، هەروەها 8 توێژینەوەی دیکەش لەسەر کۆمەڵگە عەرەبیەکان و بە زمانی عەرەبی ئەنجامدراون، وێڕای گرنگی هەموو ئەو توێژینەوانە کە لە بواری تەناهیدا ئەنجامدراون، بەڵام هیچ کامێک لەو توێژینەوانە لە شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی نەکۆڵیوەتەوە، لێرەدا جیاوازی توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو دەردەکەوێت، کە هیچ کامێک باسیان لەو شێوازانە نەکردووە، کە پێویستە لە داڕشتنی هەواڵی تەناهیدا پەیڕەو بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەی ئێستا لەڕووی ئەمنیەوە لەگەڵ سەرجەم ئەو توێژینەوانە یەکدەگرێتەوە، بەڵام لەڕووی شێوازەوە، هەرچەند دەستەواژەکانیشیان جیاوازن و لە ناونیشانەکانیاندا ئاماژە بە دەستەواژەی (شێواز) نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەر یەک لە توێژینەوەکانی (شریف، 2015) و (سید، 2020) یەک دەگرێتەوە، چونکە توێژینەوەی یەکەم کە بە ناونیشانی (دور الصحف الكردية في تنمية الوعي الأمني لدى الجمهور)، باس لە ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردی دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر. هەرچی توێژینەوەی دووەمە بە ناونیشانی (أداء الإعلام الأمني عبر مواقع التواصل الاجتماعي والمواقع الرسمية وعلاقته باتجاهات الجمهور نحو أداء وزارة الداخلية)، ئەوا دەستەواژەی (أداء) تێیدا بەکارهاتووە، کە لەڕێگەی شێوازەکانەوە پێوانە دەکرێت.

یەکێکی دیکە لە خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان توێژینەوەکان ئەوەیە، کە توێژینەوەی ئێستا لەڕووی لێکۆڵینەوەکردن لە پەیوەندی نێوان دەزگا تەناهییەکان و ئامرازە میدیاییەکان لەگەڵ

تەواوی توێژینەوەکانی پێشوو: (الغصين، 2012)، (إسماعيل، 2021)، (شريف، 2015)، (سيد، 2020)، (العنزي، 2020)، (الرحالة، 2019)، (بسودة، 2018)، (كراز، 2020)، (المجالي، 2020)، (مستەفا، 2020) یەکدەگرێتەوە. هەروەها لەڕووی بەکارهێنانی فۆڕمی ناخشیکاری، توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ هەریەک لە توێژینەوەکانی (شريف، 2015)، (سيد، 2020)، (بسودة، 2018)، (مستەفا، 2020) یەک دەگرێتەوە.

لە تویژینەوەی ئێستادا توێژەر سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو بینیوە بۆ بەرچاوڕوونی لە پێکهێنانی بیرۆکەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە و دەستنیشانکردنی ناونیشانی توێژینەوەکە، هەروەها بۆ ئامادەکردنی فۆڕمی ناخشیکاری و زانینی رەهەند و بوارە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی تەناهی. هەروەها گرنگی توێژینەوەی ئێستا لەوەدایە، کە تاکە تویینەوەیە تیشکی خستووەتە سەر شێوازەکانی داڕشتنی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان.

**1.7. ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**1.7.1. شێواز:** بۆ بابەتە فرە جۆرەکان بە گشتی، شێواز واتە جۆر یان فۆرمەلە یاخود شێوە، بۆ کەلوپەلە بەرجەستەکان روخسار و پێکهاتەی دەرەوە نیشان دەدات، بۆ ئەنجامدانی کارێک، هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو کارە دەخاتەڕوو، بۆ دروستکردنی شتێک، میکانیزمی دروستکردن و هەڵچنینەکە بەرچاو دەکات، لەکاری نووسیندا مەبەست لە شێوازی داڕشتن، خستنەڕووی ئەو قاڵبەیە کە نووسینەکەی لەسەر رێکدەخرێت. ئەم توێژینەوەیەش کە لەڕێگەی نووسنەوە زانیارابیەکان دەخاتەڕوو، وشە و رستە و پاراگرافەکان پشت بە رێنووسێکی زانستی دەبەستێت، بەڵام لێرەدا ئەمە مەبەستە سەرەکییەکە نییە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی نیشاندانی ئەو شێواز و فۆرمەلەیە، کە ماڵپەڕە کوردییەکان لە داڕشتنی هەواڵ پشتی پێ دەبەستن و لە چۆنیەتی خستنەڕووی زانیارییە نووسینەکییەکان لەگەڵ هاوپێچکردنی لەگەڵ فۆرمەکانی دیکەی وەک وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک دەکۆڵێتەوە، بە شێوەیەک کە لە شێوازی نووسین و گونجاندنی

لەگەڵ سیاسەتی دەزگا میدیایەکە ورد دەبێتەوە. کەواتە لێرەدا شێواز بریتییە لە: (جۆری قاڵبی ڕێکخراوی دەق لەگەڵ فۆرمەکانی وەک وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک بۆ ئەو هەواڵانەی ڕەهەندی تەناهییان هەیە لەلایەن ماڵپەڕە کوردییەکانەوە، بۆ خستنەڕووی زانیارییەکان).

1.7.2. داڕشتن: لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە داڕشتن، میکانیزمی نووسینی هەواڵی تەناهییە لەڕووی زمانەوانی، (وشە و ڕستە و پەرەگراف) و گونجاندنی دەستەواژەکانە لەگەڵ پەیامی مەبەستداری میدیایی، کە لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاودەکرێنەوە. هەروەها میکانیزمەکانی گواستنەوەی زانیارییەکانە لە سەرچاوەکانەوە و لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە ئایا زانیارییەکان وەک خۆیان لە سەرچاوەکان دەگوازرێنەوە و بە دەق دەخرێنەڕوو، یانیش دەستکاریان دەکرێن و دووبارە داڕشتنەوەیان بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی دەزگا میدیاییەکە بگونجێت.

1.7.3. **هەواڵ**: توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بەوە پێناسەی هەواڵ دەکات، کە بریتییە لە گەیاندنی هەر زانیارییەک لەبارەی ڕووداوە هەنووکەییە تەناهییەکان لە ڕێگەی ماڵپەڕە کوردییەکان، بەو پێیەی جێگەی گرنگی زۆرترین ژمارەی جەماوەر بێت و پەیوەندیی بە سەقامگیریی تەناهی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، یاسایی و سەرجەم بوارەکانی ژیانەوە هەبێت و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە جەماوەری بە ئامانجکراو لەبارەی ڕووداوی تەناهی بەدوایدا دەگەڕێت.

1.7.4. **ماڵپەڕی کوردی**: لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ماڵپەڕی کوردی هەموو ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانەیە کە تایبەتن بە کاری ڕۆژنامەوانی و زانیاری و هەواڵە جیاوازەکان لە سەرچاوەکانەوە وەردەگرن و بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی و بە زمانی کوردی دەخەنە بەردەستی جەماوەری بەئامانج کراو.

# بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

2.1. تەوەری یەکەم: هەواڵ (چەمک و پیکهاتە و جۆرەکانی)

2.1.1. چەمکی هەواڵ

2.1.2. پێکهاتەی هەواڵ

2.1.3. جۆرەکانی هەواڵ

2.1.4. بەهاکانی هەواڵ

2.1.5. سیفەتەکانی هەواڵ

2.2. تەوەری دووەم: تەناهی (چەمک و بوار و رەگەزەکانی تەناهی)

2.2.1. چەمکی تەناهی

2.2.2. بوارەکانی تەناهی

2.2.3. پەیوەندیی نێوان میدیا و تەناهی

2.2.4. رەگەزەکانی دانانی پلانی میدیایی بۆ رووداوە تەناهییەکان

2.2.5. رەگەزەکانی رۆماڵی میدیایی لەکاتی روودانی تاوان

2.3. تەوەری سێیەم: هەواڵی تەناهی (ماهیەت و گرنگی و ئامانج و سیماکانی هەواڵی تەناهی)

2.3.1. ماهیەتی هەواڵی تەناهی

2.3.2. گرنگی هەواڵی تەناهی

2.3.3. ئامانجی هەواڵی تەناهی

2.3.4. تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەناهی

2.3.5. سیماکانی هەواڵی تەناهی

2.3.6. پێوەرەکانی هەواڵی تەناهیی سەرکەوتوو

2.3.7. ئەرکەکانی هەواڵی تەناهی

2.3.8. کۆسپەکانی بەردەم میدیای تەناهی

2.4. تەوەری چوارەم: ستراتیژیەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی....

2.4.1. ئامرازە بەکارهاتووەکان لە گەیاندنی هەواڵی تەناهیدا

2.4.2. رەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە بابەتی تەناهیدا

2.4.3. سیاسەتی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی

2.4.4. رێکار و رێوشوێنی وریایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی

2.4.5. پرەنسیپەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهییەکان

## بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

### 2.1. تەوەری یەکەم: هەواڵ (چەمک و پێکهاتە و جۆرەکانی)

#### 2.1.1. چەمکی هەواڵ:

هەواڵ بە بەردی بناغەی ژانرەکانی دیکەی بواری میدیا دادەنرێت، ئەویش بەهۆی پەرۆشی مرۆڤ بۆ زانینی وردەکارییەکان لەبارەی رووداوەکانی دەوروبەر و ژینگەکەی و گەڕان بەدوای زانینی شتە نەزانراوەکان سەبارەت بە تاک و کۆمەڵگە. (رشید، 2020، 2)

هەواڵ رووداوە هەنووکەیی و زانیارییە جۆراوجۆرەکانی دەگوازێتەوە، رۆماڵی پرسە پەیوەندیدارەکان بە تاکەکان و کۆمەڵەکان و رووداوە سرووشتییەکان دەکات و پابەندە بە گواستنەوەی ئەو زانیارییانە بەشێوەیەکی چڕ و خێرا.

ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی وردی هەواڵ بکەین، ئەوا هەواڵ بریتییە لە وەسفکردنی راپۆرتێکی ورد و بێلایەن لەلایەن ئامرازەکانی میدیاوە پێشکەش دەکرێت، بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی (چاپکراو، بیستراو، بینراو)ەوە لەبارەی رووداوێک یان هەڵوێستێک یاخود بیرۆکەیەک، یانیش چالاکییەک، کە جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەر بێت بە هەموو جۆرەکانی (خوێنەر، بینەر، بیسەر)ەوە و لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیرییان بەشدار دەبێت.

صالح بەوە پێناسەی هەواڵ دەکات، کە بریتییە لە راپۆرتێک لەبارەی رووداوێک کە پێشتر لەلایەن خەڵکەوە نەزانراو بووە و پشت بە کۆکردنەوەی زانیاری ورد لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و پشتڕاستکراوەکانەوە دەبەستێت، دواتر لەلایەن هەواڵسازان و کەسانی پسپۆڕ لەبواری میدیا لەچوارچێوەیەکی رۆژنامەوانیدا دادەڕێژرێتەوە. (وتوت، 2004، 346)

لۆرد نورسکلیف بەوە پێناسەی هەواڵی کردووە، بریتییە لە "کاریگەربوون و دەرچوون لەوەی باوە.. بۆ نموونە: کاتێک سەگێک گاز لە مرۆڤ بگرێت نابێتە هەواڵ، بەڵام ئەگەر مرۆڤێک گاز لە سەگ بگرێت، ئەوکات دەبێتە هەواڵ". (معوض 1994، 29)

نیل ماکنێل کە وەک یاریدەدەری سەرنووسەری کاروباری دەرەوە لە رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز کاری کردووە، لەو باوەڕەدایە، هەواڵ "کۆکردنەوەی راستییەکانە لەسەر ئەو رووداوە هەنووکەییانەی جێگەی گرنگیپێدانی خوێنەرن و دواتر لە رۆژنامەکان چاپ دەکرێن". (MacNeil 1955، 112)

جیرالد جۆنسۆن دەڵێت: هەواڵ بریتییە لە "وصف یان راپۆرتی رووداوێکی گرنگ بەلای جەماوەرەوە، هەروەک گرنگ بێت بەلای خودی هەواڵدەری رۆژنامەوانی، بەهای رووداویش بەلای هەواڵدەرەوە دەوەستێتە سەر ئاستی گرنگیی ئەو رووداوە بۆ بڵاکردنەوە". (Hoff 1973، 20)

فرێد فرایزەر بۆند باوەڕی وایە، "هەواڵ راپۆرتێکی کاتییە لەبارەی هەر شتێک کە جێگەی گرنگی بێت لەلای مرۆڤ و هەواڵی باش ئەو هەواڵەیە کە جێگەی گرنگیپێدانی زۆرترین ژمارەی خوێنەر بێت و بە هەواڵێکی گرنگ دابنرێت". (وتوت، 2004، 343)

عەبدولسەتار جەواد دەڵێت: "هەواڵ ئەو شتەیە کە پێشتر نەمانزانیوە، شتێک کە لەبیرت چووەتەوە یانیش نایزانی". (جواد، 2002، 43)

ماک وەجل پێناسەی هەواڵی بەوە کردووە کە بریتییە لە "راپۆرت لەبارەی رووداوێکی دیاریکراو و رۆژنامە لەو باوەڕەدایە، بە بڵاوکردنەوەی قازانجێکی ماددیی دەستدەکەوێت". (الیاسري 1987، 12)


هەروەک فارس فالینز وا پێناسەی کردووە، "ئەو هونەرەی میدیایە، کە زانیاری دیاریکراو بەشێوەیەکی واقعیانە لەبارەی رووداوی بەرجەستە دەگوازێتەوە، یانیش رەنگدانەوەی رووداوە دیاریکراوەکان بێت بەشێوەیەکی چڕ و بە خێراترین رێگە و پێویستە لە رووداوی راستەقینە و پشتڕاستکراوە سەرچاوە بگرن". (جواد، 2002، 43)

شیرین تەقاتقە دەڵێت: هەواڵ "ژانرێکی رۆژنامەوانیی سەربەخۆیە، زانیاری و وردەکاری نوێ لەبارەی رووداوێک دەگوازێتەوە، کە بەلای کۆمەڵگەوە گرنگ بێت". (طقاطقة 2016)

هەواڵ بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە راپۆرتێك لەبارەی رووداوێک کە پێشتر لەلایەن خەڵکەوە نەزانراو بووە و پشت بە کۆکردنەوەی زانیاری ورد لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و پشتڕاستکراوەکانەوە دەبەستێت و دواتر لەلایەن هەواڵسازان و کەسانی پسپۆڕ لەبواری میدیا لەچوارچێوەیەکی رۆژنامەوانیدا دادەڕێژرێتەوە، بەو شێوەیەی کە وەڵامی هەرشەش پرسیار (کێ، چی، چۆن، کەی، لەکوێ، بۆچی) دەداتەوە. (وتوت، 2004، 346)

### 2.1.2. **پێکهاتەی هەواڵ:**

هەواڵی میدیایی لەڕووی قەبارەوە کورتە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی پیشەییانە دابرێژرێت و ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی گوزارشت لەو پەیامە بکات، کە مەبەستە بگەیەندرێتە جەماوەری وەرگر بەشێوەیەکی باش، بۆیە پێویستە هەر هەواڵسازێک بەر لە دەستپێکردنی کاری هەواڵنووسین، بەشێوەیەکی راست و پیشەییانە لەسەر داڕشتنی هەواڵ رابهێنرێت و بەو شێوەیە هەواڵ دابڕێژێت، کە نووسینەکەی سەرنجی وەرگر رابکێشێت و وای لێ بکات تا کۆتایی لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بەردەوام بێت. مەرجیش نییە تەنیا پەیامی مەبەستدار لەرێگەی تێکستی نوسراوەوە بگەیەندرێت، بەڵکو زۆر جار ژمارەیەک فۆڕمی دیکەی وەک: وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک لەگەڵ هەواڵەکەدا بڵاودەکرێنەوە، بەمەش ناوەڕۆکەکە بەهێزتر و متمانەپێکراوتر دەبێت. جاری واش هەیە، وێنە یان ڤیدیۆ، یاخود گرافیک بەتەنیاش توانای گەیاندنی پەیامە مەبەستدارەکەی هەیە. (یاسمین 2023)




شێوەی (1) پێکهاتەی هەواڵ روون دەکاتەوە

**1. دەقی هەواڵ:**

دوای کۆکردنەوەی زانیاری قۆناغی دارشتنی هەواڵ دەستپێ دەکات و پێویستە ئەو کەسەی هەواڵ دادەرێژێت، بەر لەدەستپێکردنی لەبارەی چۆنیەتی دارشتنییەوە بزانێت و هەواڵیش لە چەند بەشێک پێکدێت، ئەوانیش: (وقاد 2023)

**ناونیشانی هەواڵ:** ناونیشانی باش چەندین ئەرک لە هەمان کاتدا جێبەجێ دەکات، لەوانەش: راکێشانی سەرنجی خوێنەر، کورتکردنەوەی بابەتە هەواڵییەکە و پێویستە تا بکرێت بە کەمترین وشە و کورتترین رستە دابرێژرێت، بەڵام بەو شێوەیەی ئارەزووی خوێنەر تێر بکات و وێنەیەکی هزری سەرەتایی لەبارەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لای خوێنەر دروست بکات، بۆ ئەوەی تا دوایین وشە بیخوێنێتەوە. (النعيمي 2017، 86)

ناونیشانی هەواڵ لەڕووی بابەتەوە چەندین جۆری جیاوازی هەیە، گرنگترینیان:(13-ACADAMY, 2017,14)

1. ناونیشانی گوتەی ورگیراو: یەکێک لە گرنگترین رستەکانی گوتەی کەسێکی پەیوەندیدارە بە رووداوی هەواڵەکە و دەکرێتە ناونیشانی هەواڵەکە، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشێت.
2. ناونیشانی راچڵەکێنەر: بەشێوەیەک دادەرێژرێت، کە لەیەکەم ساتدا خوێنەر بە بینینی دەستەواژەیەک شۆک دەبێت و دەیەوێت بزانێت چی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدایە.

3. ناونیشانی لایەنگیر: ئەو ناونیشانەیە کە لە دارشتنیدا لایەنگری بۆ لایەنێک و ڕەتکردنەوەی لایەنەکەی دیکەی پێوە دیارە.
4. ناونیشانی هاوسەنگ: مەبەست لێی بابەتیبوون و بێلایەنییە لە دارشتنی ناونیشان و هەواڵەکە وەک خۆی لە مانشێتدا ڕەنگی داوەتەوە و هیچ کەسێک ناکاتە پاڵەوان و هیچ کەسێکیش بەتاوانبار ناکات.
5. ناونیشانی دژ: وەک هەمان ئەو ناونیشانەیە کە لایەنگیریی تێدایە، بەڵام لەم جۆرەدا ئەوەندەی دژایەتی بۆ لایەنێک دیارە، کەمتر لایەنگیری بۆ بەرامبەرەکەی دیارە.
6. ناونیشانی تەنزئامێز: ئەو ناونیشانەیە کە هەواڵساز بەرگێکی کۆمێنتیی لەبەر دەکات، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابکێشێت، بەڵام بێ ئەوەی ئەو جۆرە دارشتنە ببێتە هۆی چەواشەکردنی ناوەڕۆکی هەواڵ، بۆ نموونە: (ئەوانەی کاریان بۆ بچووککردنەوەی کوردستان دەکر، ریسەکەیان بوو بە خوری).
7. ناونیشانی ئاراستەکراو: ئەو جۆرە ناونیشانەیە، کە لە دارشتنیدا سیاسەتی ئەو دەزگایە لەبەرچاو دەگیرێت کە هەواڵەکەی لێ بڵاودەکرێتەوە.
8. دابەشکاریەکی دیکەش هەیە، کە لەڕووی زمانەوانییەوە بۆ مانشێتی هەواڵ دەکرێت، گرنگترینیان: (سطيف، فنيات التحرير في الصحافة، المحاضرة الرابعة 2017)
9. ناونیشانی کورتکراوە: ئەو جۆرەی ناونیشانەیە کە بە ڕستەیەکی کورت وەسفی ڕووداوەکە دەکات.
10. ڕستەی کاری: لەو جۆرە مانشێتانەدا واباشترە بۆ هەواڵی میدیایی کارەکە ڕانەبردوو بێت، ئەمەش بەوەی کە وردەکارییەکانی ڕووداوی هەواڵ لە ناوەڕۆکدا و دوای مانشێت دێت.

11. ناونیشانی پرسیاری: ئەو ناونیشانەیە کە بەشێوەی پرسیار دادەڕێژرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر تامەزۆری خوێندنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە بکات و بە نیشانەی پرسیار کۆتایی دێت.

12. رستەی ناوی: هەمیشە ئەو جۆرە مانشێتە بە ناو دەستپێ دەکات و زۆربەی جاریش دەبێتە ناونیشانی سەرەکیی هەواڵ. (رزاقي 2008-2009 ، 56)

**پێشەکی** (**لیدی هەواڵ**): هەواڵی میدیایی گوتار و چیرۆک نییە بۆ ئەوەی تا کاتێکی دواتر دوابخرێت، بەڵکو ماددەیەکە وەرگرەکەی زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەوەی بەزووترین کات لەبارەی ورهدەکارییەکانییەوە بزانێت. پێشەکی ئەو شوێنەیە کە پێویستە خوێنەر وەڵامەکانی هەرپێنج پرسیارە باوەکانی هەواڵی دەستکەوێت، ئەوانیش: (چی؟ بۆچی؟ کێ؟ چۆن؟ لەکوێ؟)، وەڵامی پرسیاری چی؟ پەیوەندی بە جۆری رووداوەکەوە هەیە، لەبەرچی؟ پەیوەستە بە پاڵنەر و هۆکارەکانی پشت رووداوەکە، هەرچی کێ؟ ئەوا تایبەتە بە کارەکتەرەکانی ناو رووداوەکە، لەکوێ؟ شوێنی رووداوەکە نیشان دەدات، چۆن؟ میکانیزمی رووداوەکە دەگێڕێتەوە. (وتوت، 2004، 346-347)

**ناوەڕۆکی هەواڵ**: ئێرە ئەو شوێنەیە کە وردەکارییەکانی پەیوەست بە رووداوی هەواڵەکە تێیدا دەخرێنەڕوو، وەک ناوهێنانی ئەو شاهێدحاڵەکان و سەرچاوانەی پشتیان پێ بەستراوە، هەروەها ئەو شوێنەیە کە گوتە وەرگیراوەکان تێیدا دەگوازرێنەوە، ئەمەش راستگۆیی هەواڵەکە بەهێزتر دەکات و سەرنجی خوێنەر بۆ رووداوەکە زیاتر دەکات. (الربيعي 2020)

**کۆتایی هەواڵ**: پێویستە هەواڵی میدیایی بە دوایین ئەو زانیاریانە کۆتایی بهێنرێت، کە واتای ناوەڕۆکی هەواڵەکە تەواو دەکەن، ئەو زانیاریانە وا لە وەرگر دەکات، کە بە زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە تێر دەبێت و پێویستی بە هیچ زانیارییەکی دیکە نابێت لەسەر رووداوی هەواڵەکە، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت، کە هەواڵەکە باگراوندێکی زیاتری هەبێت، ئەویش لەدوای کۆتایی

هەواڵ دەنووسرێت. لەوانەشە لەکۆتایی هەواڵەکەدا هەندێک پرسیار لای وەرگر دروست بکات، بۆ ئەوەی لە بەدواداچوونەکانی بۆ ئەو رووداوە بەردەوام بێت، بەدیاریکراویش ئەو هەواڵانەی لێکەوتەکانی بەردەوامن. (مهدي، 2023)

**2. وێنەی هەواڵ:**

وێنە دڵنیاییەکی زیاتر بە ناوەڕۆکی هەواڵ دەدات، بەتایبەت کاتێک وێنەی رووداوەکە هاوپێچ دەکرێت، دەتوانرێت بە چەند وشەیەکی کەم گوزارشت لە راستی رووداوەکە بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی وێنەهەواڵ دەبێتە پاڵپشتی بەهێزکردن و متمانەپێکردنی رووداوی هەواڵەکە و واتای ناوەڕۆکەکەی تەواو دەکات. جۆرەکانی وێنەهەواڵیش بەپێی چەند پێوەرێک جیا دەکرێنەوە، ئەوانیش: (ربيع 2005، 96)

1.وێنەی کاتی رووداو: بەهێزترین جۆری وێنەیە بۆ راستگۆیی و متمانەپێکردن بە ناوەڕۆکی هەواڵ.

2.وێنەی شوێن و کەسانی پەیوەندیدار دوای رووداو: جۆرێکی دیکەی بەهێزی وێنەهەواڵە و ناوەڕۆکی هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام وردەکاریەکان دوای کۆتاییهاتنی رووداوەکە نیشان دەدات.

3.وێنەی کەسی: وەک وێنەی بەرپرس، گوتەبێژ و کەسانی سەرپشک کراو بۆ قسەکردن لەسەر رووداوە هەواڵەکە، زۆربەی جار لەگەڵ دەقی لێداوان یانیش کۆنگرەی رۆژنامەوانی، یاخود راستەوخۆ دوای رووداوەکە بەکاردەهێنرێت، جا چ وێنەی کاتی رووادوەکە بێت یانیش دواتر.

4.وێنەی ئەرشیڤ: هێزێکی کەمتر لە جۆرەکانی دیکەی وێنەهەواڵ هەیە، چونکە بەهۆی دەسپێڕانەگەیشتن و نەبوونی وێنەی رووداوەکە، پەنا بۆ ئەو جۆرە وێنەهەواڵانە دەبرێت.

**3. ڤیدیۆی هەواڵ:**

ئەگەر ڤیدیۆی هەواڵ بۆ ماڵپەڕەکان بە سەرکەوتوویی بەرهەم بهێنرێن و مۆنتاژ بکرێن، دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا چیرۆکێک بگێڕنەوە و بینەر لەسەر ئاستێکی فراوان بەخۆیانەوە سەقاڵ بکەن. (العطار، 2020 ,6)


لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنەلۆژیا و میدیای ئەلیکترۆنی، ڤیدیۆ هەواڵیش وەرچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینیووە و وردتر و دوورتر لەو ڤیدیۆ هەواڵانە دەڕوانێت، کە پێشتر بۆ تەلەڤزیۆن ئامادە دەکرا و دەکرێت ڤیدیۆ بەتەنیا لەگەڵ مانشێتێک چیرۆکێکی تەواو بگێڕێتەوە. (Bohnisch 2006، 9)

**4. گرافیکی هەواڵ:**

گرافیک بە یەکێک لە گرنگترین فۆرم و ئامرازە بەکارهاتووەکان لەگەڵ هەواڵی میدیایی دادەنرێت، کار لەسەر گواستنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ورد و روون بۆ وەرگر دەکات و لەشێوەی وێناکردنی بیرۆکەکان دیزاین دەکرێت، بەشێوەیەک کە کاریگەری لەسەر بینایی وەرگر دروست دەکات، دواتریش یارمەتی وەرگر دەدات بە وردی لە رووداوە کاریگەرەکان تێبگات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گرافیک روونکردنەوە و سادەکردنی زانیارە ئاڵۆزەکانە، بەشێوەیەک دیزاین دەکرێت، کە لە توانایدایە زۆرترین زانیاری لە وێنەیەکی بچووک و سادەدا بخاتەڕوو. جگە لەمەش بواری ئەوەی تێدایە کە گرافیک دیزاینەرەکە لەکاتی دیزاینکردن، بەهای سەرەنجراکیشی لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا بەکارهێنەر بێزار نەبێت. (م. أحمد 2022، 184)

### 2.1.3. جۆرەکانی هەواڵ:

لێرەدا چەندین جۆری هەواڵی میدیایی هەن، بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی هەواڵیش چەند پێوەرێک هەن، ئەوانیش: (ربیع 2005، 83)




شێوەی (2) جۆرەکانی هەواڵ روون دەکاتەوە

**1. دابەشکاری لەڕووی جوگرافییەوە:**

مەبەست لە دابەشکاری جوگرافیا بۆ هەواڵ لە شوێنی ڕووداوەکە، لەسەر ئەو بنەمایەش هەواڵ دەبێتە دوو جۆر:

- هەواڵی ناوخۆیی Hom News: ئەو هەواڵانەن کە لەبارەی ڕووداوەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بڵاودەکرێنەوە، کە میدیاکە تێیدا پەخش و بڵاوکردنەوەکەی دەکات.

- هەواڵی دەرەکی Forjien News: ئەو هەواڵانەن کە لەبارەی ئەو ڕووداوانە بڵاودەکرێنەوە، کە دەکەونە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەزگا میدیاییەکە تێیدا پەخش و وەشانەکەی دەکات.

**2. دابەشکاری لەڕووی بابەتەوە:**

واتە لێرەدا بابەتی هەواڵ پێوەری سەرەکیی دابەشکاریە، بۆ نموونە: هەواڵی سیاسی، هەواڵی ئابووری، هەواڵی وەرزشی، هەواڵی هونەری، هەواڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، هەواڵی تەناهی و سەربازی، زانستی و و بوارەکانی دیکە و بەپێی ئەو بوارانە جیادەکرێنەوە، کە بابەتی ڕووداوی هەواڵەکەن. (النعیمي 2017، 75)

**3. دابەشکاری لەڕووی قەبارەوە:**

بەگوێرەی پێوەری قەبارە یانیش ڕووبەر، هەواڵ دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت، ئەوانیش: (الولید 2024)

- هەواڵی سادە یانیش کلاسیک: ئەو هەواڵانەن کە هەرچەندە وردەکارییەکانی جۆراوجۆر بن، ڕووداوە سەرکیییەکەیان لە دەوری یەک بابەتدا دەخولێتەوە و پێویست شرۆڤەکردنی زیادەڕۆ ناکات، بەوەی کە تەنها یەک بابەتە و زانیارییەکان کورتن، بۆ نموونە: (تەقینەوەی مینێکی سەردەمی بەعس لە چیای هندرێن شوانێک گیانی لەدەستدا).

- هەواڵی لێکدراو: ئەو هەواڵانەن کە زیاتر لە ڕووداوێک لەناو یەک هەواڵدا لەخۆ دەگرن و ئەو هەواڵانەن، کە پەیوەندییان بە زنجیرەیەک ڕووداو و قەیران و کارەسات و کودەتا و جەنگەوە هەیە، بۆ نموونە: هێرش و ڕووبەڕووبوونەوەکانی گرووپە چەکدارەکانی بەرەی

موقاوەمەی شیعە و هێزەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ژمارەیەک وڵاتی وەک عێراق، یەمەن، سووریا، فەلەستین، ئێران و ئیسرائیلی گرتووەتەوە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان خوێندنەوەیجاوازیان بۆئەو بابەتە هەیە و مەترسی و هۆشدارییەکانیان لەبارەی لێکەوتەکانی ئەو رووداوانە جیاوازن، بۆ دۆخی هەر یەکێکیش لەو وڵاتانە هەڵسەنگاندنی جیاواز دەکرێت.

### 2.1.4. بەهاکانی هەواڵ:

1- **بەهای گرنگی** Importance: دەکرێت بەهای گرنگی بەوە لێکبدرێتەوە، کە یەک هەواڵی بە تەنها هەڵگری مانایە زۆر بێت و زۆرترین ژمارەی زانیاری یان توخم لەخۆبگرێت و هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە ئەو هەواڵەی بڵاودەکرێتەوە جێگری گرنگیپێدانی زۆرترین جەماوەرە و زانیارییەکان سەبارەت بە ڕووداوەکە لای جەماوەر دەنگدانەوەیەکی زیاتر لە هەواڵەکانی دیکەی دەبێت.

2- **بەهای نزیکی** Proximity Value: مەبەست لە بەهای نزیکی، نزیکی رووداو، بابەت، کەسایەتی، یانیش پرسەکانی ناو هەواڵەکەیە لە جەماوەری وەرگر، بەهای نزیکیش دوو جۆری سەرەکیی هەیە، ئەوانیش: (العربي 2018، 707)

- نزیکی جوگرافی: زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەواڵی ناوخۆیی زیاتر لە هەواڵی دەرەوەی جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەری ناوخۆیین، لەبەر ئەوەی رووداوەکانی ناو هەواڵە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان بە ژانی ئەوانەوە هەیە، بەڵام هەواڵەکانی دەرەوەی کاریگەری ئەوتۆیان لەسەر ژیانی جەماوەری ناوخۆ نییە.
- نزیکی دەروونی و هاوسۆزی: لێرەدا مەبەست لە نزیکی دەروونی و هاوسۆزی، مەیلی ویژدان و گرنگیپێدانی سۆزی جەماوەرە بەو رووداوانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی رۆژانەی جەماوەر و نزیکن لە شێوازی ژیانیان، ئەو نزیکییەش چەند

هۆکارێکی هەیە، لەوانەش: نەتەوە، ئایین و رەچەڵەک، بەتایبەت لەو رووداوانەی توندوتیژییان تێدایە و کاتێک هەواڵەکە لەبارەی ستەمکاری بێت بەرامبەر کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، کە لەو هۆکارانەدا لەگەڵ جەماوەری ئامانجکراو هاوبەش بێت، ئەوا لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە کاردانەوەیەکی هاوسۆز بۆ قوربانییەکە لای جەماوەر دروست دەبێت.

3- **بەهای دەستەبژێری** Elitism: دەستەبژێری سیاسی، ئابووری و رۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا جێگەی زۆرترین گرنگیپێدانی ئامرازە میدیاییەکانی هەواڵن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو توێژە لەسەر ئاستێکی زۆر فراوانی جەماوەر ناسراون و هەواڵی رووداوەکانیان بۆ جەماوەرێکی زۆر فراوان گرنگن. (نجاعي 2022، 361)

4- **بەهای کات** Timliness: کات بە سەرەکیترین بەها بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ دادەنرێت، زۆرێکیش لە لێکۆڵینەوەکان هۆکاری ئەو گرنگییە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە هەواڵ وەک وەک کاڵایەکی بازرگانییە و ملکەچی بنەمای کێبڕکێیە، بە تایبەت کە بڵاوبوونەوەی خێرای هەواڵەکان دۆخێکی لە رادەبەدەر گرنگە، چونکە بە کەمێک دواکەوتن لە بڵاوکردنەوە، رکابەری دیکە لە گۆڕەپانی میدیادا هەن، بڵاوی دەکەنەوە.

5- **بەهای وروژاندن** Sensationalism: هەواڵی وروژێنەر بە تایبەتی کە لەبارەی رووداوی نائاسایی و ئەو رووداوانە بڵاودەکرێنەوە، کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر هەستی ژمارەیەکی زۆری جەماوەر هەیە، جێگەی گرنگیپێدانی میدیا هەواڵییەکانە، یەکێکە لە گرنگترین بەهاکانی هەواڵ. (الصرایرة 2008، 24)

6- **دەستبەجێیی، هەنووکەیی، ئێستایی** Newsness / Timeliness/ Freshness: توخمی هەنووکەیی و تازەیی یەکێکە لە گرنگترین بەهاکانی هەواڵ لە سەرجەم بوارە جیاوازەکان، بەتایبت ئەو هەواڵانەی رەهەندی سیاسی و تەناهییان هەیە، بۆ نموونە رۆماڵی هەڵبژاردنەکان،

نوێترین پێناسەی هەواڵیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کە دەڵێت: "هەواڵ بریتییە لە زانیارییەک کە ئەگەر لە بری ئەمڕۆ سبەی جەماوەر بیزانێت، ئەوا لە بەهاکەی کەمتر دەبێتەوە". (نجاعي 2022، 177)

7- **بەهای گرنگی** Importance: دەکرێت بەهای گرنگی لە هەواڵدا بەوە وەسف بکرێت، کە تەنها یەک هەواڵ دەتوانێ ژمارەیەکی زۆری زانیاری گرنگ و جیاواز لەخۆ بگرێت و کاتێک بڵاودەکرێتەوە دەبێتە جێگەی سەرنجی زۆرترین جەماوەر، بەمەش ڕووداوی هەواڵەکە بەراورد بە هەواڵەکانی دیکە، کاردانەوەیەکی زۆر فراوانتری لای جەماوەر دەبێت. (العاني 2012، 233)

8- **بەهای نامۆیی** Unusualness Value: بەهای نامۆیی هەموو ئەو شتانە پێکدەهێنێت کە خۆی لە ئەزموونێکی دەگمەن و نامۆ دەبینێتەوە بۆ جەماوەر، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەم جۆرە هەواڵە لای ئەوان زۆر لە سەربردەیەکی ئاساییەوە دوورە و لە یەکەم نیگادا سەیر و جێگەی پرسیارە بۆیان. لەسەر بنەمای دەستەواژەش وتەیەکی بەناو بانگ هەیە و دەڵێت: (کاتێک سەگێک پیاوێک دەگەزەێت، ئەوا نابێتە هەواڵ، بەڵام ئەگەر پیاوێک سەگێک بگەزێت، ئەوا دەبێتە هەواڵ)، چونکە شتێکی ئاساییە ئەگەر سەگێک پیاو بگەزێت و شتێکی باوە، بەڵام ئەگەر پیاوێک سەگێک بگەزێت، ئەوا شتێکی نامۆ و نائاساییە. (نجاعي 2022، 177-178)

9- **بەهای پێشبینی** Expectation value: گرنگی هەواڵ بەشێوەیەکی سەرەکی لەو کاریگەرییەدا دەردەکەوێت، کە لەبارەی ڕووداوەکانەوە کۆمەڵێک پرسیار لە مێشکی خوێنەر یان گوێگردا دەوروژێنێت سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەم هەواڵە چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵ، کە زۆر جار لەگەڵ هەواڵەکاندا بەر لە دەرچوونی ئەنجامی ڕووداوەکان، پێشبینی کەسانی پەیوەندیدار بۆ جەماوەر بگوازرێتەوە، یانیش زۆر جار تەنها بەخستنەڕووی زانیارییەکانی ناو هەواڵ، خودی وەرگر خۆی پێشبینی ڕووداوەکان دەکات، ئەگەرچی هەندێک جار پێشبینیەکان

ناڕاست دەردەچن لۆژیکی بوونی ئەو پێشبینییانە بەشێوەیەکی ڕێژەییە. (البدراني 2015، 84-85)

10- **بەهای ململانێ** Conflict Value: ئەم بەهایە بە یەکێ؛ لە کۆنترین بەهاکان دادەنرێت کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەکاتی لەدایکبوونیەوە ناسراوە و لە ململانێ یەک لەدوای یەکەکاندا ژیاوە، چ لەگەڵ خودی خۆی یانیش لەگەڵ ئەوانی دیکە، ئەم بنەمایەش بە هەمان شێوە بەسەر ئەو وڵاتانەدا جێبەجێ دەبێت، کە لەنێوان خۆیاندا دەکەونە ململانێ و گۆڕانکاریەکانی ناو ئەو ململانێیانە دەبنە کەرەستەی خاو بۆ سەرجەم دەزگا میدیاییەکان، بەدیاریکراویش لە ژانری هەواڵدا ڕەنگ دەداتەوە. (الصرايرة 2008، 24)

11- **سەرنجڕاکێشی** Interesting Value: کاتێک مەرجێک هەبێت بۆ ئەوەی جەماوەر بۆ ماوەیەکی تاڕادەیەک درێژ باسی هەواڵێکی دیاریکراو بکەن، لێرەدا بەهای سەرنجدان دەردەکەوێت، کە ئەم هەواڵە بووەتە جێگەی گرنگی خەڵک، تەنانەت ئەگەر هەواڵەکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئەوانیش نەبێت، بەڵام بۆ ماوەیەک بە سەرقاڵکردنی خۆیان بەو جۆرە هەواڵانە، لە ڕووتیناتی ژیان ڕادەکەن و بەشێک لە ئارەزووەکەیان بەم شێوەیە تێر دەکەن. (نجاعي 2022، 178)

12- **گرتنەوە و فراوانی** Amplitude: مەبەست لە بەهای گرتنەوە و گەورەیی، واتا هەرچەند ڕووداوی هەواڵەکە گەورەتر بێت، ئەوەندە باشترە و لێرە مەبەست لە گەورەیی بۆ زیادەڕەوی نییە، بەڵکو ڕووداوەکە بەشێوەەک گەورەیە جێگەی گرنگیپێدانی ژمارەیەکی زۆری جەماوەرە و بەرژەوەندییەکانی گەورەترین قەبارەی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت. (أنمار 2016، 70-71)

### 2.1.5. سیفەتەکانی هەواڵ:

لێرەدا ژمارەیەک سیفەت هەن کە پێویستە لە هەواڵدا هەبن و دەبنە جێگەی گرنگیپێدان و متمانەپێکردنی وەرگر، ئەوانیش: (حسین 2011)

1- **بابەتیبوون و بێلایەنی**: مەبەست لێی نەشێواندنی هەواڵ و لانەبردن و زیادنەکردنی هیچ زانیاریەک، واتا پێویستە ڕووداوەکان وەک خۆیان بگوازرێنەوە و هیچ کەم و زیادەیەکی تێدا نەکرێت و بەشێوەیەکی بابەتیانە و بێلایەنی و پرۆفیشناڵانە دابڕێژرێت.

2- **ڕاستگۆیی**: ناکرێت هیچ هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، بەر لەوەی ڕاستی و دروستییەکەی دڵنیا ببنەوە، واتا ڕاستی و تەندروستی هەواڵەکە مەرجە بۆ بڵاوکردنەوە و لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێکی بەبێ پشتڕاستکردنەوە، کە لەوانەیە دواجار ناڕاست دەربچێت، ئەوا بە نەرێنی بۆ ناوبانگی ئەو دەزگا میدیاییە دەشکێتەوە، کە هەواڵەکەی بڵاوکردووەتەوە.(فؤاد 2015-2016، 104)

3- **وردی**: واتا بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان لەبارەی ڕووداوە ڕاستەقینەکە بە وردی، بەبێ فەرامۆشکردنی هیچ زانیاری وردەکاریەک، کە لەوانەیە دواجار ئەمە ببێتە هۆی نەگەیشتنی بەشێک لە زانیارییەکان بە وەرگر. (ربیع 2005، 78)

4- **سیاسەتی دەزگای میدیایی**: گریمانە دەکرێت، کەسیاسەتی دەزگای میدیایی ڕەگەزێک نییە لەڕەگەزە سەرکەییەکانی هەواڵ، بەڵام مەرجێکە لەمەرجەکانی بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێک لەودەزگایە، واتا ئەو هەواڵەی کەناکرێت لەیەکێک لەدەزگاکانی میدیایی بڵاوبکرێتەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ سیاسەتەکەی ناگونجێت، مانای نییە نابێ لەهیچ دەزگایەکی تر بڵاوبکرێتەوە.(النعیمي 2017، 72)

5- **هاوسەنگی**: هاوسەنگی یەکێکە لە سیفەتە داواکراوەکان لەکاتی داڕشتنی هەواڵی میدیایی، بەتایبەت کاتێک بابەتەکە پەیوەست بێت بە زیاتر لە لایەنێک. زرۆبەی جاریش دەبینرێت کە زیاتر لە لایەنێک دەکەونە بەر کاریگەری ڕووداوەکە و لایەنی ستەمکار و ستەملێکراو یان

تاوانبار و بێتاوان هەیە، ئەمەش وادەکات کە پێویست بکات هەواڵنووسەکە بوار بۆ هەموو ئەو لایەنانە بڕەخسێنێت، کە پەیوەندییان بە رووداوەکەوە هەیە، بۆ ئەوەی گوزارشت لە بۆچوونی خۆیان بکەن و هەڵوێستی هەموو ئەو لایەنانە لە هەواڵەکەدا رەنگ بداتەوە. (مشارقة 2017، 40)

6- **روونی و ئاسانی و کورتی لە داڕشتن**: واتا دوورکەوتنەوە لە دەستەواژەی تەمومژاوی، بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی لێی تێبگات و تا بکرێت بە کەمترین داڕشتن زۆرترین زانیاری بداتە دەست خوێنەر._(رشيد، 2020، 17)

7- **دوورکەوتنەوە لە شێوازی بکەر نادیار و بەکارهێنانی کاری رانەبردوو**: واتا لەڕووی زمانەوانییەوە پێویستە لە رستەکاندا کارەکتەری سەرەکی ناو رووداوەکانی هەواڵ ئاماژەی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری (کێ) بداتەوە، کە یەکێکە لە رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵ. هەروەها بەکارهێنانی کاری رابردووش بۆ کاتی رووداوەکان، وا لە هەواڵەکە دەکات هەنووکەیی بە رووداوەکەوە دیار بێت وبەردەوامی رووداوەکە وئامادەکاری بۆلێکەوتەکانی لەداهاتوودا نیشاندەدات. (الضبع 2022)

## 2.2. تەوەری دووەم: تەناهی (چەمک و بوار و رەگەزەکانی تەناهی)

### 2.2.1. چەمکی تەناهی:

دەزگا تەناهییەکان بە یەکێک لە سیمبوڵە هەرە دیارەکانی هێزی دەوڵەت و شکۆیەکەی دادەنرێن و بنچینەی بوون و پێگەکەیەتی لە نێوان وڵاتان، بەشێوەیەک وەبەرهێنان لە تەناهی بووەتە پێشینەی بێ رکابەری هەموو وڵاتێک. وشەی تەناهی لە بنەڕەتی زمانەوانیدا، واتا دڵنەوایی دەروونی و نەهێشتنی ترس، بەمەش تەناهی وڵات واتا دڵنەوایی گەلەکەی و تەناهی شەڕ، واتا: سەلامەتبوون لێی و تەناهی فڵانە کەس، باوەڕپێکردن و متمانەکردن پێی. (الکریم 1992، 10)

هەندێک لە زانایان بەوە پێناسەی تەناهییان کردووە، کە بریتییە لە: "هەستکردنی تاک و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە تێربوونی ئۆرگانی و دەروونی، لە سەرووی هەمووشیانەوە پاڵنەری تەناهی بۆ هەردوو رەهەندی ماددی و دەروونی، هەرچی لایەنی ماددیە، ئەوانە بە سەرچاوەی متمانەدان بە کۆمەڵگە دادەنرێن، کە رۆڵیان لە لابردنی هەڕەشەکان بۆ سەر ئەو لایەنە ماددییە هەیە، وەک: دەستەبەرکردنی شوێنی حەوانەوەی بەردەوام و بژێوی رۆژانە و رێککەوتن و گونجان لەگەڵ ئەوانی دیکە، لەکاتێکدا پاڵنەری دەروونی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە کۆمەڵگە دان بە تاک و رۆڵ و پێگەکەیدا بنێت، هەر ئەمەشە کە دەکرێت بە دەستەواژەی "سەقامگیری گشتی" ناو ببرێت، کە دەبێتە هۆی بەردەوامیدان بە ژیانێکی ئارام بە شێوەیەکی رێژەیی بۆ کۆمەڵگە". (الکریم 1992، 10)

جحنی بەوە پێناسەی کردووە، کە بریتییە لە: "دەرهاویشتەی کۆمەڵێک رێکار و رێوشوێنی پەروەردەیی، خۆپارێزی و سزایی، کە دەسەڵات لەپێناو باشکردن و کۆنترۆڵکردنی لە ناوخۆ و

دەرەوە دەیانگرێتەبەر، لەسەر ئەو بنەمایەی کە جێگەی ڕەزامەندی گەلە و لەگەڵ مەبەست و بەرژەوەندییە دیارکراوەکان دژیەک نین". (فایز 2000، 73)

پێناسەیەکی دیکە دەڵێت: تەناهی شتێکی جیاوازە لە باوەڕبوون و دەستەبەری و متمانەبوون، بەڵام وا دەردەکەوێت کە زیاتر لە متمانەبوونەوە نزیکە و دەکرێت بگوترێت: تەناهی بریتییە لە: "متمانەیەکی باوەڕپێکراو یانیش دەستەبەرکراو، یاخود ئەو متمانەبوونەیە کە بە تەناهی دەروونی هەستی پێ دەکەین". (قسوم 2018، 19)

تەناهی واتای سەلامەتی وڵات لە دژی ئەو مەترسییە دەرەکی و ناوخۆییانە دەگەیەنێت، کە دیارترینیان پیلانگێڕی، دەستدرێژی، تاوانی سیاسی، سیخوڕیکردن، ناپاکی و پەیوەندیی لەگەڵ دوژمنان و نەیاران. (العدوان 2021، 291)

تەناهی بریتییە لە (کۆمەڵێک ڕێکار و یاسا، کە مرۆڤەکان لەسەری دەڕۆن لەپێناو دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردن لە دەروونەکەی، سەروەت و سامانەکەی، خاکەکەی یانیش هەر شتێکی بەهادار کە ترسی لەبارەیەوە هەبێت). (الدویکات 2022)

تەناهی بەوە پێناسە دەکرێت: (تەناهی هەستکردنێکە کە پێچەوانەی ترسە، بەشێوەیەک کە ئەگەر پشتیوانییەک بۆ تاک یان کۆمەڵگە دەستەبەر بوو، کە وا بکات هەست بە تەناهی و دڵنەوایی بکات و هەموو مرۆڤێک کە لە دەروونی خۆی، سامانەکەی و کەسوکارەکەی دڵنەوا بوو، واتا تەناهی هەیە، هەموو کۆمەڵگەیەکیش کۆمەڵێک پشتیوانی لەو چوارچێوەیەدا بۆخۆی دیاری دەکات، کە لەگەڵ بەها، دابونەریت و بەرژەوەندییەکانی بگونجێت، دواتر تەناهی دەستەبەر دەبێت). (ل. شعبان 2005، 7)

واڵتەر لیبمان دەڵێت: تەناهی بریتییە لەوەی (گەل لە دۆخێکی سەقامگیر دەمێنێتەو، تا ئەو ئاستەی کە ئەگەر بیەوێت ڕوودانی جەنگ بەلاوە بنێت بەهیچ شێوەیەک ڕووبەڕووی مەترسی قوربانیدان بە بەها بنچینەییەکان نابێتەوە، ئەگەریش ڕووبەڕووی تەحەدیات ببێتەوە بەهۆی

سەرکەوتنی لە جەنگێکی لەو شێوەیە هەر لەسەر توانای خۆی دەمێنێتەوە). (الحربی 2008 ، 13-14)

لەو پێناسەی سەرەوە دەردکەوێت، کە تەناهی بریتییە لە: "بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە پارێزگاریکردن لە بەها بنچینەییەکانی دەوڵەت، وەک: سەربەخۆیی و سەروەری و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە حاڵەتی جەنگ، وێڕای ئەمەش تەوەرێکی بنچینەیی بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک یان کۆمەڵە وڵاتێک پێکدەهێنێت، لەکاتێکیشدا سیاسەتی دەرەوە بە ڕەفتاری دەرەوەی وڵاتان دادەنرێت، تەناهی نەتەوەیی بە یەکێک لە گرنگترین بنەما سەرەکییەکانی دادەنرێت، ئەمەش بۆ پارێزگاریکردن لە دەوڵەت لە هەڕەشەکان و تەماعکاری دەرەوە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە".

هەر لەبەر ئەوەش، پەیوەندی تەناهی بە وڵات دەوەستێتە سەر چوار ڕەگەزی سەرەکی، ئەوانیش: (الصادق 2014)


- دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی و ئامانج و ئەو بەهایانەی، کە دەوڵەت هەوڵ بۆ بەدەستهێنان و پارێزگاریکردن لێیان دەدات.
- دەستنیشانکردنی ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی دەوڵەت یان نەتەوە دەبنەوە.
- دیاریکردنی سیاسەتەکان و دەستنیشانکردنی هەنگاوە پێویستەکان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە پێشبینیکراوەکان.
- پێکهێنانی ئەو دامەزراوانەی توانای جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی هەیە، پێکاندنی ئەو ئامانجەش پێویست بە بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە کە مافی تەواوی لە ئاراستەکردن و دابینکردنی داهاتەکان هەیە. (الشهرانی 2006، 91)

چەمکی تەناهی لەسەر ڕوونکردنەوە و هەواڵدان لەبارەی هەموو ئەوەوە بنیات دەنرێت، گە گرنگی بە ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتییان دەدات، و جەخت لە درککردن بە هەموو ئەو

ڕووداوه تەناهییانه دەکاتەوه، که له ژینگەی دەوروبەر ڕوودەدەن، که لەوانەیه هەندێک لەو ڕووداوانه ببنه مەترسی بۆ سەر تەناهی و سەلامەتییەکەی. لێرەدا ڕۆڵی کارای میدیای تەناهی دەردەکەوێت، که دوایین گۆڕانکارییه تەناهییەکان بەبیر جەماوەرەکەی دەهێنێتەوه، ئەویش لەڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەکان دوای خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ ئەو ڕووداوانه و شرۆڤەکردنیان لەگەڵ خستنەڕووی پوختەیەک له مێژووی ڕووداوەکه و بەستنەوەی به گۆڕانکارییه هەنووکەییەکان و لەکاتی قەیرانه تەناهییەکاندا هەوڵ دەدات، به حیکمەتەوه مامەڵه لەگەڵ بەرەوپێشچووەکان بکات. ئەو هاووڵاتیەی درک به ڕووداوەکان دەکات و بەدواداچوون بۆ پرسه تەناهییەکان دەکات، زۆر به هەستیاری و وریایەوه ڕەفتار لەگەڵ دۆخەکه دەکات و دەبێته یاریدەدەرێک بۆ لایەنه تەناهییەکانی دەوڵەت و هاوکارییان دەکات، بۆ ئەوەی مەترسییەکان بەلاوه بنرێن و بەیەکەوه دۆخەکه بەسەلامەتی تێپەڕێنن، به پێچەوانەی کەسی ناشارەزا، که زانیارییه تەناهییەکان دەشارێتەوه و دواجار دۆخەکه زیاتر ئاڵۆز دەکات. لەکاتی ڕوودانی قەیراندا، گومانی تێدا نیه، که پێویسته هەموو هەوڵەکان لەسەر هەموو ئاسته جیاوازەکان یەکبخرێن بۆ دەرچوون لێی به سەلامەتی، بۆ ئەو مەبەستەش دەزگا تەناهییەکان و میدیای تەناهی و جەماوەر به تەواوی چین و توێژەکانییەوه بەشداری له گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەکاندا دەکەن، ئەمەش به پشتبەستن به هەواڵ و زانیاری تەناهیی ئاراستەکراو بەو ئامانجه. (إيمان 2010، 31)

### 2.2.2. بوارەکانی تەناهی:

بابەتی تەناهی نەتەوەییش بەگوێرەی رەهەندە جیاوازەکان چەندین جۆری هەیە، وەک لەم هێلکاریەی خوارەوەدا دیاریکراوە: (الإنسانی ،2021 199)




شێوەی (3) بوارەکانی تەناهی روون دەکاتەوە

- تەناهی سیاسی: تەناهی سیاسی دڵنیابوونە لەوەی تاکەکان بە یەکسانی و لە هەموو بارودۆخێکدا دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی بکرێت، بەتایبەتی سیاسییەکان، یان پاراستنی پێویست بۆ مافەکانی مرۆڤ لە چەوساندنەوە و ستەمکاری، هەروەها پێویستی بەدیهێنانی دیموکراسیی لە سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەت و چەسپاندنی سەروەری یاسا بەسەر هەموو شتێکدا و ئازادبوونی تاک و کۆمەڵ لە زۆرەملێی سیاسی. (الحسيني 2021)

تەناهی سیاسی کار بۆ سەقامگیرکردنی ڕێڕەوی ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگە دەکات، بەمەش دەستەبەری تەناهی بۆ سەرجەم ڕەگەزەکانی ژیانی سیاسی دەکات. هەروەها مەبەست لێی تەرکیزکردنە لەسەر هەواڵ و زانیاری سیاسی، وێڕای ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە تەناهی نێودەوڵەتی و سیاسەتەکەی، هەروەک سیاسەتی نێودەوڵەتی بە گرنگترین ئەو پێکهاتانە دادەنرێت، کە میدیای تەناهی پشتی پێ دەبەستێت و بە بڕبڕەی سەرەکی بۆ پێکهێنانی حکومەتەکان هەژمار دەکرێت و گرنگترین بوارەکانی تەناهی سیاسیش بریتین لە: (مهدي، 2021)

- تەناهی کۆمەڵگە.
- تەناهی هەرێم.
- تەناهی دەسەڵات.

- تەناهی ئابووری: لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایشی ئابووری (ICRC) بەوە پێناسەی تەناهی ئابووری دەکات، کە ئەو حاڵەتەیە کە تاکەکان، خێزانەکان یان کۆمەڵگە خۆجێییەکان دەتوانن پێداویستییە بنچینەییەکانیان دابین بکەن و بە شێوەیەکی بەردەوام خەرجییەکانیان دەستەبەر بکەن، کەژیانێکی ڕێزدار بژین، پێداویستییە سەرەتاییەکانیش بریتین لە خۆراک، ئاو، شوێنی نیشتەجێبوون، جل و بەرگ و کەلوپەلی پاککەرەوەی کەسی، هەروەها توانای دابینکردنی تێچووی چاودێری تەندروستی و پەروەردە. (الأحمر 2024)

- تەناهی خۆراک: دەستەبەرکردنی خۆراکە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە بە چەندێتی و چۆنایەتیی پێویست بەشێوەیەکی بەردەوام لەپێناو ژیانێکی تەندروست و چالاک. ((الفاو) 2022، 171)
- تەناهی کولتووری و ئایدۆلۆژی: واتا توانای پارێزگاریکردن لە نەریت و ئایدۆلۆژیا و دەستەبەرکردنی دابونەریت و بەها کولتوورییە ناوخۆییەکان. (نوري 2012، 52)

- تەناهی تەندروستی: بریتییە لە هەوڵەکانی رزگارکردنی مرۆڤ لە هەموو ئەو هەڕەشانەی کە دەکرێت کاریگەری نەرێنی لەسەر سەلامەتی جەستەیی، عەقلی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەبێت. بە واتایەکی دیکە، هەموو ئەو رێکارانە دەگرێتەوە، کە دەوڵەت لەپێناو پاراستنی سەلامەتی جەستەیی و عەقلی و کۆمەڵایەتی هاووڵاتییەکانی بەبێ جیاوازی دەگرێتەبەر. (دوح 2021، 3)
- تەناهی ژینگە: پەیوەندی بە پاراستنی ژینگەی دەوروبەری ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانیی مرۆڤەکانەوە هەیە. (الهيتي 2014، 525)
- تەناهی کۆمەڵایەتی: ئەو جۆرەی تەناهییە، کە کۆمەڵێک مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەست بە دڵنەوایی و پارێزراوی دەکەن، هەموویان وەک یەک هەست بە سەقامگیری و نەبوونی هیچ مەترسییەک لەو کۆمەڵگەیەدا دەکەن. (الشقحاء 2004، 62)

### 2.2.3. **پەیوەندیی نێوان میدیا و تەناهی:**

میدیا بە ئامرازێکی کارا لە ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی دادەنرێت بۆ دروستکردنی ئەڵقەی پەیوەندیکردن و بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان دەزگای تەناهی و جەماوەر، بۆیە بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان بۆ دەزگای تەناهیش دادەنرێت بۆ گەیاندنی پەیامە تەناهییەکەی بە جەماوەری وەرگر و هۆشیارکردنەوەی لە مەترسییەکان و پێدانی رێنمایی پێیان بۆ چۆنیەتی خۆپارێزی لەو مەترسییانە. (باسم 2006، 15)

رۆڵی دەزگا میدیاییەکان بۆ بنیاتنانی ئاراستەی تاکەکان، لە ئاستی توانایان لە ئاراستەکردنی بیرۆکەی مرۆڤ و هەست و رەفتارەکانیدا لەڕێگەی پێدانی هەواڵی تەناهیی مەبەستداردا دەردەکەوێت. لەو سۆنگەیەشەوە درک بە گرنگی دەزگای تەناهی بۆ جەماوەر دەکرێت لە دابینکردنی تەناهی بە چەمکە گشتییەکەی، وەک: تەناهی سیاسی، هزری، ئابووری، خۆراکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، ئایدۆلۆژی و کولتووری. سروشتی پەیوەندی لە نێوان میدیا و

تەناهیدا لە ڕێگەی کاریگەریکردن و کاریگەربوونی ئەو هەواڵەدا پێوانە دەکرێت، کە ئاراستەی وەرگر دەکرێت، جا ئەگەر ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندیکردن پابەند بوو بە بەرنامەی پلان بۆداڕێژراو بەشێوەیەکی تەندروست و شێوازی سەلامەت و توانای ئەوەی هەبێت پەیامەکەی بە ڕاست و دروستی و بێ بوونی هیچ گومانێک بگەیەنێت، ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت مرۆڤێک پێ بگەیەنێت، کە خاوەن بیرۆکەیەکی باش بێت لە ڕەفتار و ئاراستەکەیدا، کە توانای لێکدانەوەیەکی تەندروستی هەبێت بۆ ڕووداوە تەناهییەکان. (معز 2005، 132)

کاتێک میدیا ڕۆڵە تەناهییەکەی دەگێڕێت، ئەوا دەبێتە میدیایەکی تەناهی و کار لەسەر پەخشکردنی هەستی ڕاستگۆیانە بەرەو قووڵکردنەوەی تەناهی و پارێزگاریکردن لە سەقامگیری دەکات، جا ئەگەر ئەو ژانرەی بڵاوی دەکاتەوە، هەواڵ بێت، ئەوا دەبێتە هەواڵی تەناهی، بۆ ئەوەی مرڤ هەست بەو مافە بکات، کە لە ژیانەکەی، ئایینەکەی، سامانەکەی و هەموو مافە دیاریکراوەکانیدا پارێزراوە، لەگەڵ باوەڕبوونی بە ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتی تەناهی و بەدەستهێنانی پشتیوانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرکییەکان. (الجحنی 2005، 191)

کاریگەری نێوان میدیا و تەناهی کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕکراوە، وەک چۆن میدیا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیی هەیە، بە هەمان شێوە ئەگەر تەناهی بۆ کەسی میدیاکار هەبوو یانیش نەبوو، ئەوا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیی لەسەر دۆخەکان دەبێت. ئەگەر کارمەندی دەزگای تەناهی بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ میدیاکار کرد و میدیاکاریش ترسی لە کارمەندی دەزگای تەناهی هەبوو، ئەوا زیان بە پەیوەندیی نێوان هەردوولا دەگات، بۆیە هەماهەنگی و هاوکاری پێویستییەکی حەتمییە کە لە نێوان هەردوولادا هەبێت. (الدعیج 1982، 249)

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، پەیوەندیی نێوان میدیا و تەناهی پەیوەندیەکی تەواوکارییە، پێویستی بە هاوکاری نێوانیان هەیە نەک ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتر، هەر یەکێک لەو دوو

لایەنە کاری ئەوی دیکەیان تەواو دەکات، هیچ کامێکیان بەبێ بوونی لایەنی دیکە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، تەواوکاری نێوان هەردوو لایەنەکەش مانای ئەوە نییە، کە ئەو لایەنە خۆشەویستیی بۆ ئەو کارە هەیە، بەڵکو سروشتی کارەکە پێویست بە پیشەییبوون لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکراو دەکات، بەوەی کە هەردووکیان دوو دەسەڵاتن لە چوار دەسەڵاتەکان. کارکردن لەو دوو بوارە بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی کارەکە جیاوازە، بەڵام دژیەک نییە، بەڵکو هاوتەریب و تەواوکەری یەکن. (الدلو 2011، 14)

### 2.2.4. ڕەگەزەکانی دانانی پلانی میدیایی بۆ ڕووداوە تەناهییەکان:

لەکاتی هەر ڕووداوێکی هەنووکەییدا، هیچ پلانێکی پێشوەختە لەبەردەست نەبووە بۆ ئەوەی لەکاتی ڕوودانەکە جێبەجێ بکرێت، چونکە ڕووداوەکە پێشبینی نەکراو بووە، لەلایەکی دیکەشەوە پلانی میدیایی بۆ ئیدارەدانی ڕووداوە تەناهییەکان بەگوێرەی سروشت و جۆری ڕووداوەکە دەگۆڕێت، هەروەها دەوەستێتە سەر سروشتی بەرپرسیاریێتی و تواناکانی دامەزراوە تەناهییەکە، جا چ دامەزراوەکە ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ڕەگەزەکانی پلانی میدیایی لەمانەی خوارەوەدا دیاری بکرێن: (د. شعبان 2013)

1- دیاریکردنی جۆری کێشەکە و ڕەهەندەکانی.

2- دیاریکردنی ئامانجەکانی پلانی میدیایی.

3- دیاریکردنی جەماوەری ئامانجکراو.

4- دیاریکردنی توانا ماددی و مرۆییەکان.

5- ئامادەکردنی پەیامە میدیاییەکە.

لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی پلانی پەیامی تەناهی دروستکردنی کاریگەریی داواکراوە لەسەر وەرگر، بەوەی کە ئەوەی لەکاتی ڕووداوە تەناهییەکاندا دەگوترێت، زۆر لەوە گرنگترە کە دەکرێت، بەتایبەت لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕووداوەکان. بەڵام ژینگەی ڕووداوەکە،

مەترسییەکان و کەمی کات فشارێکی زۆر لەسەر تیمی ئیدارەدانی رووداوەکە درووست دەکات و دەکرێت لەمەی خوارەوەدا تێبینی بکرێت: (د. شعبان 2013)

– بەهۆی سیفەتی هەنووکەیی، زانیارییەکان دژیەکن و بازنەی قسەوقسەلۆک و دەنگۆی ناڕاست فراوانە و زانیارییە ساختەکان لەگەڵ داتا راستەقینەکان رکابەری دەکەن.

– وردبوونەوە لە لایەنێکی دیاریکراوی رووداوەکە و فەرامۆشکردنی لایەنەکانی دیکە.

– بەدەستەوەدانی ئەنجامی نەخوازراو، کە بەهۆی خێرایی لە بڕیاردان دێنە ئاراوە.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە و باشکردنی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە، شارەزایانی بواری پەیوەندی و میدیا ئامۆژگاری ئەوە دەکەن، کە پێویستە گوتەبێژی فەرمی تاقیبکرێتەوە بۆ راییکردنی ئەرکی گواستنەوەی پەیامی میدیایی بە ناوەڕۆکێک، کە لە ئاست داواکاری جەماوەری ئامانجکراو و دەزگا میدیاییەکەدا بێت. (د. شعبان 2013)

### 2.2.5. **رەگەزەکانی رۆماڵی میدیایی لەکاتی رووداني تاوان:**

لێرەدا ژمارەیەک رەگەز هەن، کە پێویستە لە کاتی رۆماڵی میدیایی بۆ تاوانەکان لەناو پەیامی میدیاییدا بوونیان هەبێت، ئەوانیش: (القرشي 2021، 66)

1/ ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە تاوانەکەوە هەیە (تاوانباران).

2/ ئەو شوێنەی تاوانەکە لێی رووداوە (شوێنی رووداوەکە).

3/ ژمارەی قوربانیان.

4/ قەبارەی زیانەکان.

5/ ئەو دۆخەی تاوانەکە تێیدا روویداوە.

6/ لایەنە مرۆڤایەتییەکان یان سۆزدارییەکان "متعاطفة" کە پەیوەندییان بە تاوانەکەوە هەیە.

7/ سیناریۆی رووداني تاوانەکە.

بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە ئامرازەکانی میدیا بەگشتی دەوەستێتە سەر ئەو حەوت خاڵانەی سەرەوە و هەریەکێک لەو خاڵانەی بەها و سەنگی تایبەت بە هەواڵی تاوانەکە دەدات. (د. أحمد 2005، 10)

## 2.3. تەوەری سێیەم: هەواڵی تەناهی (ماهیەت و گرنگی و ئامانج و سیماکانی هەواڵی تەناهی)

### 2.3.1. ماهیەتی هەواڵی تەناهی:

هەواڵی تەناهی یەکێکە لەو چەمکە هاوچەرخانەی کە لە سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە تازەیە، بریتییە لە گوزارشتێکی تەناهی کە پەیوەندی بە سیاسەت و ستراتیژییەتی هەر وڵاتێکەوە هەیە و بەشداری لە خزمەتکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە و سەقامگیرییەکەیدا دەکات، گرنگی بە لایەنی هزری و رۆشنبیری نەتەوەکان دەدات. (العسكر 2007)

مێژووی بەکارهێنانی دەستەواژەی میدیای تەناهی بەگشتی و هەواڵی تەناهی بەتایبەت بۆ ساڵی 1980 دەگەڕێتەوە، کاتێک عەلی بن فایز الجحنی ئەو دەستەواژەیەی لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (الإعلام الأمني) بەکارهێنا. چەمکی هەواڵی تەناهیی لەو بابەتانە سەرچاوەیگرت، کە لەلایەن دەزگاکانی میدیاوە لەبارەی رووداوە تەناهییەکانەوە دەردەکران، بە هەموو جۆرەکانی گۆڤار، بڵاوکراوە، بەرنامە و تەواوی ئەو چالاکییە میدیاییانەوە، کە مەبەستیان هۆشیارکردنی کۆمەڵایەتی بوو لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ ئەو بنەما و بەها مرۆییانەی رێگری لە ئەنجامدانی تاوان دەکەن. (العسيري 2000، 23)

توێژەران ژمارەیەک پێناسەی جیاوازیان بۆ چەمکی هەواڵی تەناهی داناوە، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو گۆشە نیگا و ئەو لایەنانەی کە هەر یەکێک لە توێژەران لەرێگەیەوە لەو چەمکەیان کۆڵیوەتەوە، بۆ نموونە: یەکێک لە توێژینەوەکان بەوە پێناسەی چەمکی هەواڵی تەناهی دەکات، کە بریتییە لە: "جۆرێکە لە ژانرەکانی میدیا، ئامانجی متمانەپێکردنی جەماوەرە بە بابەتە تەناهییەکان و ئەو کارەی لەلایەن پیاوانی تەناهییەوە ئەنجام دەدرێت". (ع. مسعودي 2016، 16)

له توێژینەوەیەکی دیکەدا بەوە پێناسەی هەواڵی تەناهی کراوە، کە "مەبەست لێی هەموو چالاکییە میدیاییە مەبەسەتدار و پلان بۆداڕێژراوەکانە و لە ڕێگەی ئامادەکردنی پەیامی میدیاییەوە دەکرێت، بە ئامانجی ناساندنی تەواوی هەوڵ و دەستکەوتەکانی دەزگا تەناهییەکان لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی میدیا و پەیوەندییەکانەوە، کە لەشێوەی هەواڵی تەناهی بڵاوی دەکەنەوە". (الشهري 2001، 187)

دکتۆر عەلی بن فایز ئەلجەحنی بەوە پێناسەی هەواڵی تەناهی دەکات، کە بریتییە لە "جۆرێک لە میدیا، ئامانجی زیادکردنی کاریگەری و کارامەیی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندە لەبارەی چالاکییە میدیاییەکانی لایەنە تەناهییەکان و لەرێگەی ئێزگە، تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەوانییەوە لەشێوەی هەواڵ پێشکەش دەکرێت، بەمەبەستی بەرزترین ئاستی هۆشیاریی جەماوەر، بەو ئامانجەی هۆشیارییەکی تەناهی لای هاووڵاتییان دروست بێت و گیانی هاوکارییان لەگەڵ لایەنە تەناهییەکان بخولقێت، بۆ ئەوەی تەناهی و سەقامگیری بەرقەرار بێت". لە هەمان کاتدا دکتۆر جاسم خەلیل میرزا بەوە پێناسەی کردووە، کە: "بریتییە لەو زانیاریانەی لە دەزگا تەناهییەکانەوە دەردەچن و لەرێگەی دەزگا میدیاییە جیاوازەکانەوە لەشێوەی هەواڵ بڵاودەکرێنەوە، بە ئامانجی هۆشیاری و ڕێنماییکردن و باشکردنی وێنەی دەزگای تەناهی لای جەماوەر، لەپێناو بەدەستهێنانی کارلێکی ئەرێنی لەنێوان پۆلیس و جەماوەر". (السراني 2012، 45)

پێناسەیەکی دیکە دەڵێت: هەواڵی تەناهی: "بریتییە لەو هونەرەی گوزارشتکردن، کە دەزگا میدیاییەکان بەکاریدەهێنن بۆ ئاراستەکردنی رای گشتی بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست، لە میانەی پەیامە جیاواز و دیراسەکراوەکان، کە لەلایەن دەزگا تەناهییەکانەوە بە ئامانجی پێکانی پلانی تەناهی دەردەکرێن، بۆ ئەوەی کاریگەری لە جەماوەر بکات، هەروەک هەماهەنگی لەگەڵ ئەو لایەنانەش لەخۆ دەگرێت، کە پەیوەندییان لەگەڵ دەزگا تەناهییەکان هەیە، بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر بێت". (عسيري 2000، 13)

هەواڵی تەناهی یەکێکە لە دەستەواژە هاوچەرخەکان، کە ماوەی چەند ساڵێکە دەرکەوتووە، ئاماژەیە بۆ ناوەڕۆکی میدیایی پەیوەندیدار بە ئارامی و سەقامگیری، کە پەیوەندیی بە سیاسەت و ستراتیژییەتی هەر وڵاتێکەوە هەیە، بەشداری لە خزمەتگوزاری تەناهی کۆمەڵگە و سەقامگیرییەکەیدا دەکات، گرنگی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و رۆشنبیری گەل دەدات. (الحقباني 2006، 16)

هەواڵی تەناهی بەوە پێناسە دەکرێت: "جۆرێکە لە میدیا و خاوەن فەلسەفە و ئامانجی تایبەت بەخۆیەتی، گرنگی بە زیادکردنی کاریگەری و کارامەیی دەدات لەڕێگەی ئەو بابەتانەی لە دەزگا و ئامرازەکانی راگەیاندنەوە لەبارەی لایەنە تەناهییەکان و ئەو چالاکییە میدیاییانەوە دەردەکرێن، کە سروشتێکی تەناهییان هەیە، ئەویش لە رێگەی ئامرازە جاوازەکانی میدیا، وەک: رادیۆ، تەلەڤزیۆن، رۆژنامە و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندییەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش لەپێناو هۆشیارکردنەوەی زۆرترین قەبارەی جەماوەر بە هەڕەشە تەناهییەکان". (الجحني 2000، 32)

حوشان بەوە پێناسەیکردووە، کە بریتییە لە: "ژانرێکی میدیا، ئامانجی خزمەتکردنی پرس و بابەتە تەناهییەکانە لەپێناو چەسپاندنی سەروەری تەناهی لە هەموو سووچەکانی کۆمەڵگە، ئاراستەی جەماوەری گشتی و تایبەت دەکرێت، هەموو جۆرە هوونەرێکی میدیایی لە وشە، وێنە، ڤیدیۆ، رەنگ و کاریگەرییە هونەرییەکانی بەکاردەهێنێت، بۆ ئەمەش پشت بە زانیاری، راستییەکان و بیرۆکە پەیوەندیدارەکان بە تەناهی دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی بابەتیانە و لە قاڵبێکی هەواڵئامێزدا دەخرێنە روو". (برکة بن زامل 2005، 11)

هەرچی شەعبانە بەوە پێناسەیکردووە: "ئەو هەوڵە میدیاییانەن کە لە میانەی ئامرازە جیاوازەکانەوە دەدرێن بۆ تیشکخستنەسەر کاری پۆلیس بەشێوەیەکی گشتی و کارکردن لەسەر پێکهێنانی وێنەیەکی جوانی هێزە ئەمنییەکان لە هزری جەماوەر". (ح. شعبان 1997، 2)

عەسیری هەواڵی تەناهی بەوە پێناسە دەکات، بریتییە لە: "بڵاوکردنەوەی راستگۆیانە بۆ راستییەکان، نەگۆڕە تەناهییەکان، ئەو را و ئاراستانەی پەیوەندییان بە چاندنی هەستی ئارامیی و دڵنەوایی لە دڵی جەماوەردا هەیە، ئەویش لەڕێگەی رۆشنکردنەوەیان بە زانیاری تەناهی و چەسپاندنی متمانەیان بە رەهەندەکانی بەرپرسیارێتییە تەناهییەکان و بەدەستهێنانی پشتیوانییان لە رووبەڕووبوونەوەی ئەنجامدەرانی تاوان و ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی لەیاسادەرچوون". (عسيري 2000، 30)

بەشێک لە زانایان لەو باوەڕەدان مەبەست لە میدیای تەناهی هەموو ئەو ناوەڕۆکانەیە، کە لە دەزگا تەناهییەکانەوە دەردەچن و لە ئامرازە میدیاییەکان بڵاودەکرێنەوە، جا لەشێوەی بڵاوکراوە، هەواڵ و بەرنامە بن یان هەموو ئەو چالاکیانەی لایەنە تەناهییەکان ئەنجامی دەدەن، کە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر بۆ هاوکاریکردنی دەزگا تەناهییەکان لە کەمکردنەوەی رێژەی تاوان لەناو کۆمەڵگە. (اللحام 2015، 78)

زۆربەی توێژەران لە توێژینەوەکانیاندا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامانەی کە چەمکی هەواڵی تەناهی بەگوێرەی سروشتی دۆخی تەناهی جۆراوجۆر و جیاوازن و ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت: (مختار 2021، 7-8)

1. ژانرێکی میدیایی ئامانجدارە و پشت بە ئامراز و تەکنیکەکانی ئەو میدیایە دەبەستێت، کە کار لەسەر چەسپاندنی تەناهی و رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تاوانکاری دەکەن.

2. گوزارشتە لە کۆمەڵێک هەواڵی میدیایی بانگەشەخواز و هۆشیاری لەلایەن دەزگاکانی تەناهی و ئەوانەی ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە تەناهیی تاک و کۆمەڵگە.

3. مەبەست لە پشتبەستنی زانیاری تەناهی بە ئامرازەکانی میدیا، بۆ گۆڕینی وێنەی هزرییە لای جەماوەر لەبارەی کارمەندی تەناهی و تێگەیاندنی تاکەکانە بۆ گرنگیدان بە هاوکاریکردنی

نێوانیان، بەوەی کە رووبەڕووبوونەوەی تاوان پێویستیی بە هاوکاری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ دەزگا تەناهییەکان هەیە، بۆ ئەوەی تەناهی و سەقامگیری بەرقەرار بێت.

4. ئامانجی هەواڵی تەناهی متمانەپێکردنی جەماوەرە بە رەهەندەکانی بەرپرسیارێتی تەناهی و بەشدارپێکردنیان لە رووبەڕووبوونەوەی تاوان و دیاردە تاوانکارییەکان، بەوەی کە هەموو تاکەکان ئەندامی کۆمەڵگەن و هەمان بەرپرسیارێتی لەسەر شانی ئەوانیشە.

5. ئەو کاریگەریەی هەواڵی تەناهی دروستی دەکات، کاریگەرییەکی ئەرێنییە، چونکە ئامانجێکی پاکی هەیە، ئەویش چەسپاندنی بنەماکانی تەناهی و سەقامگیری و رووبەڕووبوونەوەی تاوانە.

6. هەواڵی تەناهی بڵاوکردنەوەی راستییەکان و زاڵبوون بەسەر قسە و قسەڵۆک لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی متمانە و پشتیوانی جەماوەر بەدەستبهێنن.

7. هەواڵی تەناهی وەک یەکێک لە ژانرەکانی میدیا، لە کۆمەڵێک رەگەزی تەواوکار و پلانبۆداڕێژراو پێکهاتووە و شتێکی هەڕەمەکی نییە، بەشێوەیەک کە ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە لە رێگەی پارێزگاریکردن لە تەناهی تاک و سەلامەتی کۆمەڵگە. (أحمد 2018، 17)

هەر لەو سۆنگەیەشەوە دەتوانرێت هەواڵی تەناهی بەوە بناسرێتەوە، کە "کۆمەڵێک هەوڵی میدیاییە لەلایەن دەزگا تەناهییەکانەوە، لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی هزریی ئەرێنی لەبارەی ئەرکی دەزگای تەناهی و ئامانج و خواستەکانی، هەروەها پێدانی زانیاری راستگۆیانە لەبارەی حاڵەتی تەناهی و کێشەکان بە جەماوەر و چەسپاندنی چەمکە گشتگیرەکەی تەناهی لای تاک و کۆمەڵگە، بەو ئامانجەی ژینگەیەکی گونجاو برەخسێنرێت لە پێناو رێگەکانی هاوکاری نێوان تاک و کۆمەڵگە لەگەڵ لایەنە تەناهییەکان، ئەویش لەمیانەی وروژاندنی هەستەکانیان بۆ

هاوکاریکردنیان لەگەڵ دەزگاکانی تەناهی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان و دیاردە تاوانکارییە کۆن و نوێیەکاندا، لەبەر ڕۆشنایی واقعی تەناهیی هاوچەرخ". (أحمد 2018، 18)

دوای خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ ئەو هەموو پێناسانەی سەرەوە و چەندین پێناسەی دیکەش، وێنەیەکی گشتگیر لای توێژەر درووست بوو، بەوەی کە هەواڵی تەناهی "بریتییە لە پرۆسەیەک لەلایەن کەسانی تەناهی یان دەزگا تەناهییەکانەوە لە ڕێگەی پەیامێکی میدیاییەوە لەشێوەی هەواڵ، کە هەڵگری کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشە لە نێوان جەماوەر و دەزگا تەناهییەکاندا بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی میدیا ئاراستەی جەماوەری ئامانجکراو (وەرگر) دەکرێت، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان بۆ پێکهێنانی رایەکی گشتی لەسەر پرسە تەناهییەکان و لەپێناو بەشداریکردنی زۆرترین تاکی کۆمەڵگە لە هەڵمەتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان و قەیرانە تەناهییەکان".

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە ژمارەیەک بنەما بۆ کاری هەواڵی تەناهی لە هزری توێژەردا روون بوونەوە، گرنگترینیان:

1- ئامانجی هەواڵی تەناهی دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری و ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانە لە ڕێگەی زیادکردنی کارلێکی ئەرێنیی نێوان جەماوەر و کارمەندانی تەناهی.

2- چالاکییەکی میدیاییی هۆشیارییە، لەلایەن دەزگا میدیاییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا تەناهییەکان ئەنجام دەدرێت.

3- هەوڵ دەدات متمانە لای تاکەکان دروست بکات، کە بەشداریکردن لەگەڵ دەزگا تەناهییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان ڕەهەندێکی گرنگە و دەکرێت بە فەرامۆشکردنی ببێتە هۆی پەکخستنی جومگە ئیدارییەکان و هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان. (السراني 2012، 54)

3- هەواڵدانی تەناهی ئەو جۆرەی پرۆسەیە، کە تێیدا زانیاری تەناهی پێشکەش بە خەڵک دەکرێت، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەناهی، بەتایبەت لە کۆمەڵگا تازە پێگەیشتووەکان، کە گەلەکانیان پێویستییان بە باشکردنی دۆخەکەیان بەرەو باشتر هەیە، بۆ ئەوەی لەبارەی کێشە تەناهییەکانیانەوە باشتر بزانن.

4- هەواڵی تەناهی لە پرسە تەناهییەکاندا بە هێزێکی زیاتری بەشداریکردنی جەماوەرییەوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەمەش بەوەی کە میدیا توانای لێک نزیک کردنەوەی رایەکی گشتیی یەکگرتووی هەیە لەبارەی پرسە تەناهییەکان، کە دواجار ئەو هەوڵانە دەبنە فاکتەری رووبەڕووبوونەوەی تاوانەکان.

5- لە میدیای تەناهیدا لێکنزیکبوونەوەیەکی زیاتر لە نێوان بواری تەناهی و دەزگای میدیاییدا هەیە، ئامانجی ئەمەش بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەرە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەناهی لەلایەن دەزگا میدیاییەکانەوە. (الحوشان 2005، 13-14)

6- هەواڵی تەناهی هەندێک رۆڵی ئەرێنی دەبینێت، لەوانەش بڵاوکردنەوەی رێنمایی و زانیاری بۆ جەماوەر، بە ئامانجی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامی قەیرانەکان و چاودێریکردنی جەماوەری ئامانجکراو و تێبینیکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دێنە ئاراوە، هەروەک کار بۆ ئەوە دەکات، زانیاری لەبارەی تاوان و قەیرانە تەناهییەکان بە جەماوەر بدات و لەو دەنگۆیە ناڕاستانەش ئاگادار بکاتەوە، کە لەبارەی رووداوەکان بەشێوەیەکی چەواشەکارانە لەبارەی ئەو تاوان و قەیرانانە بڵاودەکرێنەوە، هەروەک میدیای تەناهی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە تەناهییە جیاوازەکان رۆماڵی قەیران و رووداوە تەناهییەکان دەکەن و قەبارە و جۆری زانیاریەکان دەخەنەڕوو. (ع. مسعودي 2016، 20)

7- هەواڵی تەناهی رۆڵێکی گرنگ لە بنیاتنانی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتان و دانانی پلانە ستراتیژییەکانیاندا دەگرێڕێت، ئەویش ئەو رۆڵەیە کە لەسەر بنەمای کارلێک لەگەڵ ئەو

ئالنگارییانە دەیگێڕێت، کە ڕووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانی دەبنەوە، لەپێناو دڵنیابوونەوە لە ستراتیژیەتی دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئالنگارییانە، هەواڵی تەناهی ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و پرسەکاندا هەیە، ئەمەش لەڕێگەی بەشداریکردن لە تاوتوێکردنی ئەو پرسانە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانە، هەروەها پەیامێکی گرنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هزری تاوانکاری و توندڕەوی هەیە، کە هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات دەکەن، ڕۆڵی هەواڵی تەناهی لە کاتەکانی جەنگ و ڕوودانی تاوانەکاندا دەردەکەوێت، بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی پروپاگەندە و زانیاری چەواشەکارانە. (ج. میرزا 2005، 60)

8- هەواڵی تەناهی کار لەسەر چاوکراوەیی تاکەکان و کۆمەڵەکان لەبارەی هزری توندڕەوی و ئاشکراکردنی شێوازە تاوانکارییەکانی دەکات و ئەوانەش ڕووبەڕووی دادگا دەکاتەوە، کە لە بەها و بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەردەچن و ئامانجی کۆمەڵە چەکدارەکان و لایەنە تاوانبارەکان ڕوون دەکەنەوە، ئەمەش وایکردووە بەکارهێنانی میدیا ببێتە ئامرازێکی خاوەن گرنگیی حەتمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت دەکەن، هەروەک میدیای تەناهی کار لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی تواناکانی دەکات بۆ بەشداریکردنیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردانە، لە هەمانکاتدا هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە گرنگیی هاوکاریکردنی دەزگا تەناهییەکان بۆ شکستپێهێنانی پیلانگێڕیی گرووپە بەرەهەڵستکارەکان سیستەمی دەوڵەت. (المشاقبة 2012، 187)

### 2.3.2. گرنگی هەواڵی تەناهی:

هەواڵی تەناهی لەم سەردەمەدا بووەتە یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی هەواڵ، ئەمەش بەوەی کە هەڵگری تایبەتمەندییەکی هەستیاری گەورەیە لە سیستەمی هەر وڵاتێک، کە دەیەوێت پارێزگاری لە سەقامگیریی ناوخۆی وڵاتەکەی و تەناهی تاکەکانیدا بکات، وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و چاوکراوەیی دەزگا جیاوازەکانی تەناهی لەبارەی چەمکی هەواڵی تەناهی لە

کۆمەڵگە هاوچەرخەکان، کە ئامانجێکی دیکەی ئەوەیە رووبەڕووی تاوانەکان دەبێتەوە و لە گرنگترین ئەو رۆڵانەی میدیای تەناهی لەپێناو دەستەبەرکردنی تەناهی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ هەر وڵاتێک دەیگێڕێت بریتین لە: (الحازمي 2021، 21-22)

1- هەواڵی تەناهی هەوڵ دەدات رۆشنبیری تەناهی بڵاوبکاتەوە، ئەمەش لەرێگەی ناساندنی کارنامەی دامەزراوە تەناهییەکان و خستنەڕووی بابەت و پرسە تەناهییەکان بە شێوەیەکی بابەتیانە و چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی شەفاف، بە ئامانجی کاریگەریکردن لە رای گشتی و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر. (الإعلامية 2023)

2- پەیامی تەناهیی ئاراستەکراو بە شێوەیەکی زانستیانە کاریگەری لەسەر رای گشتی دەکات و بەشداری لە پێکهێنانی ئاراستەی تەناهی تایبەت بە سیاسەتی دەزگا تەناهییەکاندا دەکات، ئەمەش لەرێگەی پێدانی زانیاری، بیرۆکە و نەریتە تەناهییەکان بە هاووڵاتییان، بۆ ئەوەی رۆڵی خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی تاواندا ببینن، دواتریش لەگەڵ دەزگا تەناهییەکان لەو رۆڵەدا بەشدار بن. (صديق 2004، 5)

حوشان ئاماژە بەوە دەدات، کە گرنگی میدیای تەناهی لەم خاڵانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت: (الحوشان 2005، 16)

1. گرنگیی هەواڵی تەناهی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەی گەل و وڵاتان بە جیاوازی پلەی هۆشیاری و پێشکەوتنیان.

2. بە ژانرێکی میدیایی ورد دادەنرێت و زانیاری تەناهی پێشکەش بە خەڵک دەکات، لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەناهییان.

3. هەواڵی تەناهی هێزی بەشداریکردنی زیاتر بە جەماوەر دەدات بۆ خزمەتکردنی پرسە تەناهییەکانی کۆمەڵگە، ئەویش لە میانەی لێک نزیک کردنەوەی را و ئاراستەکان و پێکهێنانی رایەکی گشتیی یەکگرتوو لەبارەی پرسە تەناهییەکان. (عزوز 2021، 187-188)

4. هەواڵی تەناهی پەیوەندییەکی بەهێزتر لە نێوان بواری تەناهی و ئامرازەکانی میدیادا دروست دەکات، بەشێوەیەک، کە نەبوونی ئەو پەیوەندییە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی کۆمەڵگە رەگەزێکی گرنگی هۆشیاری و پێشکەوتن لەدەست بدات. (ع. مسعودي 2017، 19)

5. هەواڵی تەناهی کار لەسەر بەرتەسککردنەوەی درزی نێوان رۆشنبیری گشتی و زانیاریی زانستیانەی تەناهی دەکات.

6. بەشێوەیەکی گشتی هەواڵی تەناهی خاوەن گرنگییەکی زیندووە، رۆڵی لە سەقامگیری و گەشەپێدانی توانای گەلان و دواتر تواناکانیان لە پێشکەوتن لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا هەیە.

7. گرنگیی رۆڵی پیاوانی تەناهی لەو کاتەدا زیاتر دەردەکەوێت، کە مەترسییەکانی نەزانین و پشتگوێخستنی تەناهی لای جەماوەر زیاتر بێت، ئەوکاتیش ئەرکە زیندووەکەی دەزگا تەناهییەکان و سیستەمی فەرمانڕەوا لە جووڵەی کۆمەڵگە و پەیوەندیی نێوان تاکەکانی، بە پشتبەستن بە دەزگا میدیاییەکان دەست بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەکەن، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخە تەناهییەکە بکەن. (الحوشان 2005، 16)

### 2.3.3. **ئامانجی هەواڵی تەناهی**:

ئامانجی هەواڵی تەناهی گەیاندنی پەیامێکی گشتگیری تەناهییە لە رێگەی وەرگێڕانی ئەو زانیاریانەی دواجار دەبنە هۆی پارێزگاریکردن لە تەناهی تاک و کۆمەڵ، ئەو زانیاریانە لە چوارچێوەی ستاتیژیەتێکی دیاریکراودا دادەڕێژرێن، بۆ ئەوەی تەواوی ئامانجە سەرەکییەکانی تەناهی بەدەستبهێندرێن، گرنگترینیان: هۆشیاری تەناهی لەپێناو بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی تاکەکان بۆ گرتنەبەری رێکاری خۆپارێزی بەرامبەر هەڕەشە تەناهییەکان و دانانی سنوورێک بۆ تاوانە جیاوازەکان. هەروەها بۆ دروستکردنی رایەکی گشتی لەناو کۆمەڵگە بۆ پاڵپشتیکردن لە پیاوانی تەناهی و روونکردنەوەی ئەو خزمەتگوزاریانەی دەزگا تەناهییەکان

پێشکەشی کۆمەڵگە دەکەن. (نسرين، الإعلام الأمني ودوره في نشر الوعي الثقافي بين أعوان الشرطة 2016، 66)

هەواڵی تەناهی تەنها ناوەستێتە سەر گواستنەوەی زانیارییە تەناهییە راستەکان بۆ خەڵک، بەڵکو هەوڵ دەدات ئەو هۆشیارییە لای جەماوەر بنیات بنێت، کە گیانی ماددی و مەعنەوی بە هەموو پێکهاتەکانی سەرکەوتن و پشتبەستن بە رێنمایەکان لەلایان دروست دەکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە سیستەمێک کە دەستەبەری تەناهی مرۆڤ و سەلامەتییەکەی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا دەکات، لەوانەش داکوتانی رەگ و ریشەی هاوکاری و بەهاناوەچوون لەگەڵ سەرجەم ئەو کەرتانەی دەوڵەت، کە دەستەبەری باشترین خزمەتگوزاری تەناهی و سەقامگیری دەکەن، بۆ ئەمەش پێویست بە پڕکردنەوەی هەستی گشتی و تێرکردن بە بیرۆکەی سوودبەخش لای تاکەکان دەکات، تاوەکو مرۆڤ لە سەلامەتی و تەناهیدا بەگیانێکی بەرز، مۆراڵێکی باڵا، هیممەتێکی بەهێز و دەروونێکی ئارام و رازی بژیت. هەروەک هەواڵی تەناهی رۆڵێکی بەرچاو لە بڵاوکردنەوەی مەعریفەت لەناو ریزەکانی خودی کارمەندانی تەناهیشدا بڵاودەکاتەوە، بە پێدانی زانیاری نوێ لە بوارە تایبەتەکەیان و پێدانی وانەی نوێ لەڕێگەی خولی تایبەت، کۆڕبەند و هەموو ئەو ئامرازانەی لە هەڵمەتەکانی هۆشیاری تەناهیدا بەکاردەهێنرێن، کە ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی گرنگیپێدانێکی زیاتریان بە پەرەپێدانیان بە تواناکانیان لە راپەڕاندنی ئەرکەکانیان و خزمەتکردنێکی زیاتری هاووڵاتیان، بۆ ئەوەی تاڕادەی قوربانیدان پاڵپشتییان لێ بکەن. (الجحني 2000، 32)

ئامانجی هەواڵی تەناهی بڵاوکردنەوەی هەستی دڵنەواییە لە دەروونی تاکەکانیی کۆمەڵگە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی و بەها رۆحییەکانی، ئەویش لە میانەی بەشداریکردن لە پارێزگاریکردن لە قەوارەی کۆمەڵگە و تەناهییەکەی، بەشێوەیەک کە ئامانجەکانی خۆپارێزی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی

لەپێشینەی ئەو مەبەستانە بێت، کە هەواڵی تەناهی کاری بۆ دەکات و هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، ئەو ئامانجانەش بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنکراون: (ناجي 2016، 104)

1. ئامانجە خۆپارێزییەکان: دەکرێت ئەو ئامانجانە لەرێگەی هەڵمەتی بەردەوامی هۆشیارییەوە بۆ تاکەکان بەدەستبهێنرێت، ئەویش لەرێگەی دانانی پلان و بەرنامەیەکی رێکخراو بۆ پارزگاریکردن لە تەناهی و سەلامەتی گیان و سامانیان و هەڵمەتەکە بەشێوەیەک بێت، کە تاک هەست بە هەر حاڵەتێکی مەترسیدار بکات و بتوانێت خوێندنەوە بۆ دەرهاویشتە زیانبەخشەکانی هەموو قەیرانێک بکات، هەروەک دەبێت جەماوەر لە هەوڵەکانی دەزگا تەناهییەکانیش ئاگادار بکرێتەوە، وەک دەرچوونی مەفرەزە، چاودێریکردنی گومانلێکراوان، رێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هاتووچۆ، پرۆسەکانی رزگارکردن و ئاگرکوژێنەوە و هەموو چالاکییە تەناهییەکانی دیکە، بۆ ئەوەی ئامانجە خۆپارێزییەکە لەو رێگەیەوە بەدەستبهێنرێن و هەموو درزەکانیش بەڕووی تاوانەکاندا دابخرێن. (مهدي، ما هي أهداف الإعلام الأمني وما هي مصادره؟ 2020)

2. ئامانجەکانی هۆشیاری: دەکرێت ئەو ئامانجانەش لەمیانەی بڵاوکردنەوەی راستییە تەناهییەکان و هاوکاریکردنی دەزگا تەناهییەکان، بەهێزکردنی پەیوەندی جەماوەر و لایەنە تەناهییەکان بەدەستبهێنرێن، بەشێوەیەک کە هەریەکێکیان رۆڵی کارای خۆ بگێرێت، بەبێ ئەوەی کاریگەری نەرێنیی لەسەر رۆڵی ئەوی دیکەیان هەبێت، و جەماوەریش لە راستییەکان ئاگادار بکرێتەوە. (اللحام 2014، 102)

3. ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان: ئەو ئامانجانەش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو ژانرە میدیاییەوە بەدەستدەهێنرێت، کە پارێزگاری لە ئیتێک، بەها و چاودێری رەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات و وا لە کۆمەڵگە دەکات، لە دژی تاوان بوستێتەوە و رووبەڕووی هەموو جۆرە کێشەیەکی وەک هێرشی سەر رۆشنبیری، بیرۆکەی رووخێنەر و رەفتاری لەیاسا دەرچوو ببێتەوە، ئەمەش

لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی گیانی تەبایی و بەیەکەوە کارکردن و هاوکاری لەناو تاکەکانی کۆمەڵگە. (نسرین، 2016، 68)

هاووڵاتیان ڕۆڵێکی ئەرێنی لە پێکاندنی ئامانجەکانی کارمەندانی تەناهیدا دەگێڕن، ڕێگەی زۆر هەیە کە تاکەکان دەتوانن بەشدارییەکی کارا لەگەڵ پیاوانی تەناهیدا بکەن لە پارێزگاریکردنی کۆمەڵگە لە مەترسییەکانی تاوان و تاوانباران، بەڵام بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، پێویستە درک بە گرنگی ئەو ڕۆڵە بکەن و بە تەواوی لە سنووری ئەو ڕۆڵە و سرووشتەکەی تێبگەن، ئەمەش مەحاڵە، تەنها لە ڕێگەی میدیای دیراسەکراوی تەناهییەوە نەبێت. (نسرین، 2016، 44)

**2.3.4. تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەناهی:**

هەواڵی تەناهی ژمارەیەک تایبەتمەندیی هەیە، وەک لەم هێلکاریەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە: (خضور، 2005، 6-10)



شێوەی (4) تایبەتمەندییەکانی هەواڵی تەناهی روون دەکاتەوە

1- **بواری تەناهی**: بەرەوپێشچوونە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و رۆشنبیرییەکان لە وڵاتی هاوچەرخ و گۆڕانکاری لە چەمکی تەناهیدا بووەتە هۆی فراوانبوونێکی زیاتر لە بواری تەناهی و ئاڵۆزتربوون و گۆڕانی بۆ ژیانێک کە بە رووداو، دیاردە و بەرەوپێچوونەکاندا قووڵ بووەتەوە و بووەتە جێگەی گرنگیپێدانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان.

2- **بابەتی تەناهی**: بابەتی تەناهی بابەتێکی زۆر هەستیارە، بەهۆی ئەوەی پەیوەندیی بە بوونی تاک و کۆمەڵەوە هەیە، یانیش پەیوەندیدارە بە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ، یاخود پەیوەندییە بە هێزەکەی بە بەها، پێوەر و ئاراستەکانی تاک و کۆمەڵ. ئەو بابەتەش رەنگدانەوەی لەسەر هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونانەوە هەیە، کە لە هەموو رووێکی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هزریدا روودەدەن. بابەتێکە بە قووڵایی واقعی کۆمەڵایەتیدا چووە و پێویستی بە زۆرترین داتا و زانیاری هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لێی تێبگەن و دواتر چارەسەر بکرێت. هەروەها بابەتی تەناهی بەڕووی مشتومڕیدا کراوەیە، چونکە جێگەی گرنگیپێدانی هەمووانە، بەڵام بۆ دەزگای بڕیاردان شتێکی تایبەتە. (العبید 2010، 15)


3- **رووداوی تەناهی**: رووداوی تەناهی بەوە جیادەکرێتەوە، کە ریتمێکی خێرا، جووڵەیەکی لەناکاو و بەرەوپێچوونێکی باهۆزی و سەرسوڕهێنەرە. پەیوەندیدارە بە لایەنە نەرێنییەکانی ژیانی تاک، کۆمەڵ و دامەزراوە. هەوڵی زۆربەی لایەنە تۆمەتبارەکان لە رووداوی تەناهیدا بۆ ئەوەیە، بابەتەکە بیشارنەوە و پەردەپۆشی بکەن و بێدەنگی لێ بکەن. رووداوی تەناهی جۆرێک لە سەرنجڕاکێشی و وروژاندنی هەیە، کە پاڵ بە خاوەنەکەیەوە دەنێت بیشارێتەوە، لە هەمان کاتدا وا لە دەزگاکانی میدیا دەکات کاری لەسەر بکەن و جەماوەری گشتی هان دەدات، بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێن و هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەیەوە بدەن. زۆربەی جاریش

سەرچاوەکان فەرمین، یان تاکەکەسین و بە پێشکەشکردنی زانیاری دیاریکراو و کۆدکراو جیادەکرێنەوە. (ع. مسعودي 2017، 35)

4. **دیاردەی تەناهی**: گۆڕانکاری و ئالۆزی ژیانی تەناهی و بەناویەکداچوونی بەرژەوەندییەکان و فرەهێزی و بوونی چەندین جۆر لایەنی بەرپرس لە دەستەبەرکردنی تەناهی و ئاوێتەبوونی چەمکی تەناهی لەگەڵ زۆرێک لە چەمکەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و رۆشنبیری بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی چەمکی گشتگیر بۆ تەناهی، هەموو ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی تەناهی، کە لە ژمارەیەک رەگەز و فاکتەری جۆراوجۆر پێکهاتوون، هەیانە سەرتاپای تەناهییە، لەهەمان کاتدا هەیانە سیاسی، ئابووری، دەروونی، رۆشنبیرییە. (علي 2022، 558)

دەستنیشانکردن و تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی ئەو دیاردە تەناهییە ئالۆز و بەناویەکداچووە، و گرنگییەکەی تێگەیاندنی سەرجەم کارمەندانی تەناهییە لە رەهەندەکانی دۆخەکە، هەروەها زانینی ئاستی هێز و گرنگی ئەو کارمەندانە و دەستنیشانکردنی ئاستی کارلێک و کاریگەری لە نێوان پیاوانی تەناهی و هۆکارەکاندا بووەتە گرنگییەکی حەتمی. دوای ئەمەش ئامادەکردنی ئەو کارمەندانە بۆ گەیشتن بە وێنەی تەواو، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکە، یانیش چارەسەرکردنی کێشەکە.

دیاردەی تەناهی لە بۆشاییدا بوونی نییە، بەڵکو دەرەنجامی زەمینەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکی دیاریکراوە، هەربۆیە تێگەیشتنیش لەو دیاردەیە و چارەسەرکردنی، بە پشتگوێخستنی ئەو بوارانە کارێکی ئەستەمە. هەروەک ئالۆزی بەرژەوەندییەکان و فرەهێزی فشاری جیاوازی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەخوڵقێنن و کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی شرۆڤەکردن دروست دەکەن و ژاوەژاو لە چارەسەری زانستیانە بۆ دیاردەکە دروست دەکەن. (علي 2022، 558)




شێوەی (5) دیاردەی تەناهی و شێوازی مامەڵەی هێزە تەناهییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا روون دەکاتەوە

5. **ئامرازی میدیای تەناهی:** تایبەتمەندییەکانی "بابەت" و "ڕووداو" و "دیاردە"ی تەناهی لە ئامرازی میدیای تەناهیدا ڕەنگدەداتەوە و دەکرێت لەو بوارەدا جیاکاری لە نێوان سێ جۆر ئامرازدا بکرێت: (خضور، 2005، 241-242)

ئامرازی یەکەم: ئامرازی میدیای تەناهی خاوەن سروشتێکی فەرمی، بەوە جیادەکرێتەوە، کە زۆر وردە لە هەڵبژاردنی ڕووداو و بابەتەکان و شێوازی چارەسەرکردن و ڕێگەکانی پێشکەشکردن و خستنەڕوویان.

ئامرازی دووەم: ئامرازی میدیای تەناهی خاوەن سروشتێکی بازرگانییە، بەوە جیادەکرێتەوە کە لە داڕشتن و دەرهێناندا گرنگییەکی زۆر بە کاریگەری، زیندوویێتی و سەرنجڕاکێشی دەدات، هەروەها لە جۆرایەتی سەرچاوەکانی و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا، بەڵام زۆر جار کەمتر گرنگی بە لایەنی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە چارەسەرکردنی پرسەکانی تاوان و لەیاسا دەرچوون و تەناهی بە گشتی دەدات.

ئامرازی سێیەم: ئامرازی میدیای تەناهی هەوڵ دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەت، رووداو و دیاردە تەناهییەکاندا جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و هونەری هەواڵسازی میدیایی و گرنگیی بەکارهێنانی شێوازەکانی ئەو ژانرانە دروست بکات، کە توانای گەیاندنی ماددە میدیاییە تەناهییەکەی بۆ جەماوەر هەیە، بەمەبەستی کاریگەریکردن لەسەری و تێگەیاندنی جەماوەر لە پرسە تەناهییەکان و پاراستنی لە بەلاڕێداچوون و پارێزگاریکردن لێی لە تاوان و هاندانی بۆ بەشداریکردن و گێڕانی رۆڵێکی کارا لە دەستەبەرکردنی تەناهی. (خضور 2005، 45)

6. **سەرچاوەکانی هەواڵی تەناهی:** لێرەدا ژمارەیەک سەرچاوەی میدیای تەناهی هەن لە رۆماڵکردنی رووداو و بابەتە تەناهییەکان، لەوانەش: (خضور 2005، 11-12)

- سەرچاوە فەرمییەکان: بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ میدیای تەناهی دادەنرێن، لەوانەشە تاکەکان سەرچاوە بن، ئەو سەرچاوانە ئەوپەڕی فەرمیبوونیان هەیە و دواتریش خاوەن راستگۆیی، متمانە و بەرپرسیارێتییەکی بەرزن، بەڵام لە بەرامبەردا بەهۆی پەیوەستبوونی بە هەندێک سیستەم و یاسا و رێسای کارکردن، وای لێدەکات زۆر جار خۆپارێزی لە درکاندنی زانیارییەکاندا بکات و بێدەنگ دەبێت و لەوانەیە هەندێک جاریش هاوکار نەبێت، ئەمەش پەیوەندیی بە سروشتی رووداوە تەناهییەکە و پێویستی دەستەبەرکردنی و رێوشوێنەکانی دادگاوە هەیە، هەروەک هەندێک جار بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە سەرچاوە تەناهییە فەرمییەکان

باوەڕیان بە سروشتی کاری میدیای تەناهی و ئەو ڕۆڵەی نەبێت، کە لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت، ئەمەش وادەکات هەڵە تێگەیشتنێک لە نێوان دەزگا تەناهییەکان و دەزگاکانی میدیادا بێتە ئاراوە. (الفالح 2005، 38)

- سەرچاوە تایبەتەکان: مەبەست لێی کەسەکان یان لایەنەکان و دامەزراوە تایبەتەکان یانیش ئەهلییە پەیوەندیدارەکانە بە ڕووداوە تەناهییەکە، یانیش تێوەگلاو لە پرسە تەناهییەکەدا، ئەوکاتیش پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەبارەی ئەو زانیاریانەی پێشکەشیان دەکات، چونکە زۆرجار بەرژەوەندییەکانی ئەم سەرچاوانە کۆنترۆڵی کوالیتی ئەو زانیاری و بۆچوون و راستی و شیکارییانە دەکەن کە پێشکەشی دەکەن. (ع. مسعودي 2017، 33)

- پسپۆڕ و کەسانی تایبەتمەند: گشتگیریی بابەتی تەناهی و گشتاندنی پێویستی بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا هەیە لە بواری ئەو بابەتە تەناهیەی چارەسەر دەکرێت یانیش ڕۆماڵ دەکرێت، بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخرێتە سەر ڕووداوی تەناهی، یانیش سەر دیاردەی تەناهی. بۆ ئەمەش پێویست دەکات ڕۆژنامەنووسی تەناهی زۆر وریا بێت لە هەڵبژاردنی کەسایەتی گونجاو و هانی بدات، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی ڕۆژنامەوانیانەی گونجاو لەگەڵ دەزگای تەناهیدا بنووسێت یانیش بدوێت.

7. **جەماوەری هەواڵی تەناهی**: جەماوەری میدیای تەناهی بە ژمارەیەک سیما جیادەکرێتەوە، کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەدای میدیای تەناهی، ئەو سیمایانەش: (میرزا 2005، 102)

- جەماوەر فراوان و جۆراوجۆر و جیاوازە، لەوانەیە ئەمەش بۆ سەرنجڕاکێشی بابەتی تەناهی بگەڕێتەوە.

- لەڕووی ناوەڕۆکی هەواڵی تەناهیەوە جیاوازییەکی زۆر لەناو جەماوەری میدیای تەناهیدا هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێک چین و توێژ هەن بەدوای ڕەهەندەکانی هەڵچوون، کاریگەری و

سەرنجڕاکێشیی بابەتی تەناهیدا دەگەڕێن، لەهەمان کاتدا هەندێک توێژی دیکە هەن لەڕێگەی زانین و تێگەیشتن لە لایەنی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەفتاری و مرۆڤایەتیی ڕووداوی ئەمنییەوە، بەدوای تێرکردنی پێداویستییەکانیاندا دەگەڕێن.

– جیاوازی پلەی تیشکخستنەسەر و گرنگیپێدان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ماددەی میدیای تەناهی جیاوازییەکی گەورەیە لەناو چین و توێژە جیاوازەکانی جەماوەری تەناهی.

– تایبەتمەندی جەماوەری تەناهی وەک تایبەتمەندی جەماوەری هەر میدیاییێکی دیکە وایە و بەردەوام بەدوای ماددەی نوێ و شێوازە پێشکەوتووەکانی چارەسەری و ئەو ڕێگایانەدا دەگەڕێت، کە پێشتر پێشکەش نەکراون.

8. کادیری پەیوەندیکردن: ئەو کەس و لایەنە ئەمنییەیە کە پەیامی میدیایی تەناهی (هەواڵ و زانیاری تەناهی) ئاراستە دەکات و هەر ئەویشە کە جۆری ناوەڕۆکی هەواڵی تەناهی و جەماوەری بەئامانجگیراو دەستنیشان دەکات. (بغدادي 2018)

زریانی بەرەوپێشچوونەکان لە ژیانی تەناهیدا بووەتە هۆی بەرتەسککردنەوەی سەردەمی میدیای ترادیشناڵی ناتایبەتمەند و گشتی، بەهۆی ئەوەی کە ناتوانێت لەگەڵ کەژاوەی ژیانی تەناهیدا هەڵبکات و پێداویستییەکانی تێر و دابین بکات، دواتریش ئەو بەرەوپێشچوونانە کۆتاییان بە قۆناغی ڕۆژنامەوانی گشتیی نا تایبەتمەند هێناوە، بەهۆی بێتوانایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی تەناهی و ڕووداوەکانی و چارەسەرکردنی دیاردەی بەرەوپێشچوونەکانی، تێرکردنی پێداویستییە میدیاییە تەناهییەکان بۆ جەماوەر لە ئاستێکی زۆر بەرزی فێرکردن و ڕۆشنبیری دایە و لە پلەیەکی باڵای گرنگیپێدانە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بوونی کادیری میدیای تەناهیی گونجاو و تایبەتمەند ببێتە پێداویستییەکی حەتمی، بۆ ئەوەی لە میدیای تەناهی تایبەتمەند کار بکات، تاوەکو ئەو میدیایە بتوانێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی کادیری میدیای تەناهی ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێت: (میرزا 2005، 101)

- لێهاتوویی میدیایی: دەتوانێت ببێتە خاوەن ئەوەی پێویستە بۆ کاری میدیایی، ئەویش لە ڕێگەی خوێندنی میدیای ئەکادیمی تایبەتمەند.

- لێهاتوویی تەناهی لە بوارێکی دیاریکراو لە کارامەییەکانی تەناهیدا، وەک: (جینائی، ژینگە، ئابووری، هاتووچۆ... هتد) لەڕێگەی خوێندنی تایبەتمەند لەو بوارانە، بەمەش دەتوانرێت کەسی تەناهی ببێتە خاوەن کارامەیی میدیاییش، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن مەعریفەیەکی زانستی قووڵ و گشتگیر لەبواری میدیای تەناهی بە گشتی و هەواڵی تەناهی بەتایبەت، کە دەیەوێت کاری تێدا بکات. (خضور 2005، 6-10)

هەروەک هەواڵی تەناهی هەندێک تایبەتمەندی دیکەی هەیە، کە هەڵگری ڕەهەندی لێهاتوویی و کارامەیین و بە گوتەی (جحنی) پێویستە لە هەموو ئەو کەسانەدا هەبێت، کە لە بواری میدیای تەناهیدا کار دەکەن، ئەوانیش: (الجحني 2000، 285)

- دەستپاکی
- ڕاستگۆیی
- وەفاداری
- سەرکردایەتیکردنی باش
- ڕەچاوکردنی سیستەمی گشتی
- ڕەچاوکردنی کات
- ڕەچاوکردنی دووبارەکردنەوە
- ڕەچاوکردنی زمانی جەماوەری بەئامانجکراو
- بنەمای نەبوونی خراپی لە دارشتنی هەواڵ
- بەڕاست بگوترێت ڕاست و بە هەڵە بگوترێت هەڵە
- هاوکاری

### 2.3.5. **سیماکانی هەواڵی تەناهی:**

سیماکانی هەواڵی تەناهی لەڕووی ناوەڕۆکەوە ژمارەیەک سیمای تایبەتی هەرەیە، ئەوانیش: (کافی 2015، 97-98-99)

1- **بابەتی تەناهی فراوان و گشتگیرە:** ئەمەش بەوەی کە بەگوێرەی چەمکە سەردەمیانەکەی بەپێی جۆرەکانی تاوان و قەیرانە تەناهییەکان فرە رەهەندە و ژمارەیەکی زۆری پرس و بابەتی جیاواز دەگرێتەوە، لەوانەش: تاوانەکانی تیرۆر، دزیکردن، مامەڵەکردن بە مادده هۆشبەرەکان، چەکی بێمۆڵەت، تاوانی کوشتن، هێرشی ناوخۆیی و هەرێمایەتی، تاوانی ئەلیکترۆنی و گێچەڵی سێکسی. (کافی 2015، 97-98-99)

2- **هەستیارە:** ئەمەش بەوەی کە لەوانەیە کاریگەرییەکانی پەل بۆ کۆمەڵگە، تاکەکان و دەستە جیاوازەکانی بهاوێژێت و پرسی تەناهی خۆی لەخۆیدا پرسێکی هەستیارە و پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە و کاریگەری لەسەر زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە.

3- **ورد و مەترسیدارە:** لەکاتێکدا کە پێویستە بە وردی مامەڵە لەگەڵ پرسە تەناهییەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی ڕێچکە درووستەکەی ون نەکات، لە هەمانکاتدا دەبێت لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە تەناهییەکان بەوپەڕی ورياييەوە هەنگاو بنرێت، چونکە سەرچاوەی رووداوە تەناهییەکان کەسانی تاوانبارن و دەکرێت لە هەر حاڵەتێکدا بێت، مەترسییان بۆ سەر ژیانی میدیاکار و پیاوانی تەناهیش هەبێت. (مهدي، 2020)

4- **ئاراستەکراوە:** بابەتە تەناهییەکان زۆربەی جار دەخرێنەڕوو، بۆ ئەوەی جەماوەر هان بدرێت هەڵوێستێکی دیاریکراو لە دژی تاوانەکان و تاوانباران وەربگرێت، ئەو هەڵوێستەش لەچوارچێوەی رایەکی گشتیدا رەنگ دەداتەوە.

5- **هەڵوێستێکی زانراوە:** هەمیشە هەڵوێستەکان پشتیوانی پرسە تەناهییەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە هەڵوێستەکان لە رایەکی دیاریکراوەوە بۆ رەفتار بگۆڕدرێت و

جەماوەر بەشێوەیەکی کرداری ئەو پشتگیریکردنەی بۆ هێزە تەناهییەکان لە دژی تاوان و تاونباران نیشان بدەن.

### 2.3.6. پێوەرەکانی هەواڵی تەناهیی سەرکەوتوو:

بۆ ئەوەی هەواڵی تەناهی سەرکەوتوو بێت و رۆڵێکی کارا بگێڕێت، پێویستە پەیڕەوی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بکات: (محمد 2011، 33)

1. **خێرایی لە دەستپێشخەری**: بینینی یەکەم ساتەکانی رووداو کاریگەری زۆر بەهێز لەسەر تاکەکان دروست دەکات، دواتر هەوڵ دەدات دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکە و لە هەمان سەرچاوەوە بەدواداچوون بۆ رووداوەکانی دەکات، ئەمەش پەیوەستە بە سایکۆلۆژیەتی تێگەیشتن و گواستنەوە لای ئەو تاکە.

2. **فۆکەسخستنە سەر ئێستا زیاتر لە رابردوو**: ئەمەش بەوەی ئەو رووداوانەی ئێستا روو دەدەن، زیاتر جێگەی گرنگیپێدانی مرۆڤە وەک لە رووداوەکانی رابردوو. (ع. مسعودي 2017، 34)

3. **بابەتیبوون و واقعیەت**: دەبێت ماددەی تەناهی لە هەستی کەسی داماڵرێت، لەبەر ئەوەی ماددەی تەناهی پرسێکی کەسی نییە، بەڵکو راستییەکی راستەقینەیە.

4. **گشتیبوون**: میدیای تەناهیی سەرکەوتوو ئەو میدیایەیە کە ئاراستەی هەموو خەڵک لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکرێت، هەروەها بە تەواوی پرەنسیپ و بیروباوەڕەکانەوە، هەروەک گشتیبوون بەمانای ئەوە دێت، کە ماددەی میدیایی لەڕووی بابەتییەوە گشتگیر بێت و هەموو ئەو پرسیارانە رۆماڵ بکات، کە لەبارەی بابەتەکەوە لە هزری خەڵکدا دەخولێنەوە.

5. **ئاسانی و سادەیی**: بۆ ئەوەی ماددەی میدیای تەناهی بە سەرجەم خەڵک بگات و بۆ بەلاوەنانی هەڵەتێگەیشتن لە ماددەکە و دوورخستنەوەی خوێنەر یانیش بیسەر لە بەلاڕێداچوون

و سەرلێشێواوی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیمایە لە جوانی دەربڕین و دەستەواژەی ناوازە دوورناکەوێتەوە. (خضور 2005، 13)

### 2.3.7. ئەرکەکانی هەواڵی تەناهی:

میدیای تەناهیی بە گشتی و هەواڵی تەناهی بەتایبەت، بەگوێرەی سرۆشتی دەزگا تەناهییەکان و جیاوازیی نێوان سروشتی کارەکانیان جۆرەکانیان جیاوازن، بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی ئەرکەکانیان لەم چەند خاڵەدا کۆبکرێنەوە: (الدغمان 2016)

– دروستکردنی وێنەیەکی هزریی ئەرێنی لەبارەی دەزگا تەناهییەکان و کار و ئەرکەکانی لای هاووڵاتی، بەوەی کە لە بنەڕەتدا کاری ئەو دەزگایە بۆ بەرژەوەندی گشتیی هاوبەشە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی. (أبوعامود 2017)

– گەشەپێدانی گیانی بەشداریکردن و پەیوەندیی نێوان دەزگای تەناهی و تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە مسۆگەرکردنی تەناهی گرنگییەکی سەرەکییە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاسایش و سەقامگیری پێویستی بە هەوڵی هەمەلایەنەیە.

– ئامادکردنی داتا و هەواڵی میدیایی تایبەت بە لایەنی تەناهی.

– رۆماڵی میدیایی بۆ هەموو رووداوەکانی تایبەت بە لایەنی تەناهی.

– ناساندنی ئەو چالاکییە جیاوازانەی، کە دەزگا تەناهییەکان پێشکەشیان دەکەن، کە دەچنە چوارچێوەی خزمەتگوزاری فەرمیی حکومەت، کە هاووڵاتییان پێویستییان پێیەتی و شرۆڤەکردنی رێککارەکانی پێویست بۆ گەیشتنی ئەو خزمەتگوزارییە بە هاووڵاتییان. (کمال 2018)

– ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لەبارەی هەرچی تاوانی نوێیە، بەتایبەت تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و تاوانە نوێیەکانی دیکە، کە تازە لەناو کۆمەڵگە هاوچەرخەکان سەرهەڵدەدەن، ئەمەش وێڕای چاندنی چەمکە تەناهییەکان لای هاووڵاتییان و پێدانی زانیاری لەسەر

مەترسییەکانی تاوان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی هاوکاریی هاوبەش لە نێوان هاووڵاتییان و دەزگا تەناهییەکان. (الیاس 2012، 18)

– ئاراستەکردنی جەماوەر بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕێککارانەی پێویستن بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە رووخێنەرەکان یان لەکاتی روودانی تاوان.

– بازاڕگەری (تسویق) بۆ سیاسەت و چالاکییە تەناهییە جیاوازەکان و خستنەڕوویان و ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لەبارەیانەوە، بۆ ئەوەی رای هاووڵاتییان لەبارەی ئەو خزمەتگوزارییانە وەربگرن کە وەزارەتی ناوخۆ پێشکەشی دەکات، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە گونجاوترین شێواز بۆ راییکردنی ئەرکی تەناهی بە بەردەوامی. (مهدي، 2020)

– هەوڵدانی بەردەوام و ڕێکخراو بۆ پێکهێنانی ژینگەیەکی گونجاو بۆ چالاکی تەناهی و درووستکردنی رایەکی گشتیی، کە بەردەوام پشتگیری لەو چالاکییانە بکات.

– ئامادەکردنی سیناریۆ پێویستەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە تەناهییە پێشبینیکراوەکان.

– دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو میکانیزمانەی دەبنە هۆی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ئامرازە جیاوازەکانی میدیای لە کۆمەڵگە.

– بەدواداچوونی ورد و بەردەوام بۆ هەموو ئەو بابەتانەی دەزگا جیاوازەکانی میدیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەبارەی بابەتە تەناهییەکان یانیش ئەوانەی پەیوەندییان بە دەزگا تەناهییەکانەوە هەیە بڵاو دەکەنەوە، لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بابەتانە و شرۆڤەکردنیان لە گۆشە و نیگا جیاوازەکانەوە و سوودوەرگرتن لێیان بۆ دانانی ستراتیژیەت و پلانی تەناهی. (الدغمان 2016)

### 2.3.8. کۆسپەکانی بەردەم میدیای تەناهی:

میدیای تەناهیش وەک هەر جۆرێکی دیکەی میدیای تایبەتمەند لە کۆسپ لەمپەر بەدەر نییە و لەکاتی راییکردنی کارەکانی رووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە، کێشەکانی بەردەم ئەو جۆرە میدیایەش دەکریت لەمانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە: (الدغمان 2016)

یەکەم/ ئەو کیشانەی لەکاتی سەرەتای رووداوەکان درووست دەبن، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندی بە رەهەندی خێرایی لە گواستنەوەی هەواڵەوە هەیە، کە لەکاتی روودانی هەر رووداوێکی تەناهی پێویستە روونکردنەوە لەبارەی رووداوەکە بدرێت، بەڵام هەندێک جار پێویستە هەندێک لە زانیارییەکان بە نهێنی بهێڵرێنەوە، بەتایبەت ئەوانەی دەبنە هۆی نانەوەی پشێوی و هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتیمانی دەکەن، کە لێرەدا ئەرکێکی سەرەکی میدیای تەناهی ئەوەیە، هاوسەنگی لە نێوان بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دروستبکات، بەوەی کە هەندێک لە وەردەکارییەکان دەخرێنەڕوو و هەندێکیشیان پێویستە بە نهێنی بهێڵرێنەوە. (عامود 2006، 92-91)

دووەم/ لە هەندێک دۆخی تایبەتدا کێشەی وا درووست دەبن، کە کۆت و بەند دەخرێنە بەردەم ئازادییەکان، ئەمەش لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکاندا ناگونجێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پێویستە ئەولەویەت بە لایەنی تەناهی بدرێت نەک میدیا، کە لێرەدا نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرییەکان، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بە دیموکراتییەکانیشەوە رووبەڕووی ئەو کێشەیە دەبنەوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەیاسا رێکخراوە و سنووری میدیای تەناهیش وەک هەر جۆرێکی دیکەی میدیاکان، لە یاسادا دیاریکراوە.

سێیەم/ هەندێک کێشەی دیکە هەن لە زۆربەی وڵاتان رووبەڕووی دەزگا تەناهییەکان دەبنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی جۆری پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیی ئاسایی و دەزگا

تەناهییەکان و هەروەها سروشتی هەندێک ئەرکی تەناهیی وەک: کۆنترۆڵکردن و ئامادەسازی و ئەنجامدانی هەڵمەتە تەناهییەکان، وێڕای ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە، کە دیدگای خەڵک بۆ دەزگا تەناهییەکان و چالاکییەکانیان دیاری دەکات، بەوەی کە ئایا تا چەند خەڵک لە گرنگی ئاسایش و کاری دەزگا تەناهییەکان تێگەیشتووە؟ ئایا هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەناو جەماوەر لەو ئاستەدایە کە درک بە مەترسی ئەنجامی تاوانەکان بکەن؟. (الدغمان 2016)

## 2.4. تەوەری چوارەم: ستراتیژیەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی

### 2.4.1. ئامرازە بەکارهاتووەکان لە گەیاندنی هەواڵی تەناهیدا:

میدیای تەناهی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پشت بە دەزگا گشتییەکانی میدیا دەبەستێت و بەشێکی دانەبڕاوە لەو میدیایە و هەمان ئامرازەکانی رۆژنامە، رادیۆ، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، سینەما و شانۆ بەکاردەهێنێت و لەبەر ئەوەی میدیای تەناهی ئامانج و مەبەستێکی هەیە و هەوڵی پێکاندنی دەدات، بۆیە پێویستە سوودی تەواو لەو ئامرازانە وەربگیرێت و بەکاربهێنرێن و بە باشی سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خوازراو. (ع. مسعودي 2017، 40)

جۆراوجۆری و چەندایەتی ئامرازە میدیاییەکان بە هۆکاری کاریگەریکردن و بەرزی توانای میدیای تەناهی لە متمانەپێهێنانی جەماوەر دادەنرێن، خستنەڕووی هەواڵی تەناهی لە زۆرترین جۆری ئامرازەکانی میدیا دەبێتە هۆی متمانەپێهێنانێکی زیاتری جەماوەری ئامانجکراو بەو هەواڵەی دەخرێتەڕوو، هەروەها دەستەبەری گەیشتنی پەیامەکە بۆ زۆرترین ژمارەی جەماوەر دەکات، و لەگەڵ جیاوازی جۆری پەیامە میدیاییەکە گونجاوترین جۆری ئامرازی میدیایی هەڵدەبژێردرێت.

1. **رۆژنامە**: مەبەست لە میدیای خوێنراوە و یارمەتیدەرە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەناهی، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەستەبەری پێشکەشکردنی زۆرترین هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆر بەشێوەیەکی خێرا و هەنووکەیی دەکات، هەروەک دەتوانێت بابەتی جددی و ئاڵۆز پێشکەش بکات و بەشێوەیەکی قووڵ، گشتگیر و بە وردەکاری و شرۆڤەی ورد و تەواو دەتوانێت چارەسەری ئەو زانیارییانە بکات. (خضور 2005، 78)

رۆژنامە بە کۆنترین گرنگترین جۆری ئامرازی میدیای جەماوەری دادەنرێت لە کاریگەریکردن لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە و تا ئێستاش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاکەکان

هەیە و ئامرازێکی سەرکەوتووە لە ئاراستەکردن و کاریگەریکردن لەسەر سروشتی تاکەکان، رۆژنامە بە ئاسانی دەتوانێت پشتیوانی جەماوەر بۆ بەرنامە و رێکارەکانی هێزە تەناهییەکان بەدەستبهێنێت، بۆ هاوکاریکردنێکی خۆبەخشانە بۆیان. (عصمت عدلي 2009)

2. **رادیۆ:** لە بەربڵاوترین جۆرەکانی دیکەی ئامرازەکانی میدیا دادەنرێت، بەوەی کە هیچ پێویست بە زانینی خوێندنەوە و نووسین ناکات، هەرزانی تێچوونەکەی وایکردووە هەموو کەسێک بتوانێت دەستی بکەوێت. (خضور 2005، 78)

رادیۆ بە تایبەتمەندییەکانی خێرایی، کاریگەری، وێناکردن، نزیکی لە دەستی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە جیادەکرێتەوە، هەربۆیە دەزگا تەناهییەکان بۆ گەیاندنی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی لەپێناو رووبەڕووبوونەوەی تاوانەکان و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان پشت بە رادیۆ دەبەستن. (أمام 1975، 310)

3. **تەلەڤزیۆن:** ئەو ئامرازەیە کە توانیویەتی تا ئاستێکی بەرز سەرنجی وەرگر بەلای خۆیدا رابکێشێت و رۆژانە چەندین کاتژمێر لە کاتی خۆیان بۆ سەیرکردنی شاشەکەی تەرخان بکەن، چونکە ئەو ئامرازە خاوەن ژمارەیەک تایبەتمەندیی سەرسوڕهێنەر و کاریگەری خێرایە و تایبەتمەندیی هەنوکەیی و گواستنەوەی وێنەی رەنگاوڕەنگ و دەنگ بەیەکەوە ئاوێتە کردووە. تەلەڤزیۆن تا ئێستاش تواناکەی لە متمانەهێنان بە جەماوەر لە نێوان ئامرازەکانی دیکەی گەیاندنی پەیامی میدیایی لەدەستنەداوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە خستنەڕووی دیمەنەکاندا پەیوەندی لە نێوان زیاتر لە هەستێکدا دروست دەکات و بەلایەنی کەم هەستی بینین و بیستن کۆدەکاتەوە، تەلەڤزیۆن لە خستنەڕووی ڤیدیۆکانیدا زمانی گوتراو و زمانی جەستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش توانایەکی سەرەکییە بۆ متمانەهێنانێکی دەگمەن، کە لە میدیاکانی دیکەدا نییە. (بومدين 2020، 88)

تەلەڤزیۆن بەهۆی تایبەتمەندییەکەی توانای ئەوەی هەیە، کە لە ئاراستەکردندا جیاوازی لەنێوان کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەواردا ناکات و بەبێ جیاوازی ئاستی رۆشنبیری و فێرکاری پەیامەکەی ئاراستەیان دەکات. (عبدالحمید 2002)

ئەو تایبەتمەندیانەشن بوونەتە هۆی ئەوەی تەلەڤزیۆن ببێتە جۆرێک لە ئامرازی میدیایی، کە لە یەک کاتدا مومارەسەی هەرچوار ئەرکە میدیاییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی پەیامەکان، فێرکردن و رۆشنبیرکردن و کاتبەسەربردن و چێژبەخشین بکات، بۆیە تەلەڤزیۆن توانایەکی زۆری لە راکێشانی سەرنجی بینەر و کاریگەریکردن لەسەری هەیە و هاوشێوەی میدیای سینەماییە و تەنها لەم خاڵانەدا لێی جیاوازە: (خالد 1988، 75)

– بوونی تەلەڤزیۆن لە هەموو ماڵێک کاری رووبەڕووبوونەوەی تاکەکان بۆ پەیامی میدیایی ئاسانتر دەکات.

– لە کاتی روودانی رووداوەکان لە شوێن و ساتی رووداوەکان لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە راستەوخۆ دەگوازێتەوە.

– لە هەمان کاتدا بە هەموو چین و توێژەکانی جەماوەر دەگات و ئاراستەی کەسانی ئاست جیاواز لەڕووی رۆشنبیرییەوە دەکات.

– رۆڵێکی کارا لە پێکهێنانی رای گشتی و نیشاندانی کاردانەوەکاندا دەگێڕێت.

4. **سینەما و شانۆ**: فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمانی بێرتول برێخت (Bertolt Brecht) دەڵێت: (شانۆیەک و نانێک بدە بەمن من گەل پێشکەش بەتۆ دەکەم)، ئەگەر تا ئەمڕۆ ئەو فەیلەسوفە لە ژیاندابا لە بری شانۆ داوای فیلمێکی سینەمائیی دەکرد، چونکە لەم رۆژگارەدا فیلم یەکەم ئامرازی کاریگەرە لەسەر ژیانی جەماوەر و بووەتە وێنەیەکە خاوەن زمانی زۆر کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵایەتی گەلاندا، کە پێشتر هاوتای لە ژیانی مرۆڤدا نەبووە. (غ. أحمد 1999، 284)

توێژینەوە میدیاییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، سینەما یەکێکە لە بەهێزترین جۆرەکانی میدیا سەبارەت بە ڕووداوەکان لەلایەک و هەرزەکاران لە لایەکی دیکەوە، بەوەی کە تاکی هەرزەکار بە یەک لەسەرسێی جەماوەری سینەما دادەنرێن، سینەماش بە هێزەکەی لە ڕاکێشانی سەرنجی بینەر جیادەکرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خستنەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤایەتییەکان لە شاشەی سینەما، وا لە مرۆڤ دەکات خۆی لە چاوی کەسانی دیکەدا ببینێت و ململانێی سەرکێشییەکان لە دەروونندا دەجووڵێنێت. (وحید 2022، 371)

ئەگەر لە سەرەتای سەیرکردنی سینەما وەک ئامرازێکی کاتبەسەربردن و چێژبەخشین دەربکەوێت، لە هەمان کاتدا دەتوانێت چەندین ڕۆڵی گرنگ و زۆریش بگێڕێت، بەوەی کە پرسگەلێک لەخۆ دەگرێت کە جێگەی گرنگیپێدانی جەماوەرە، بەڵام بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش لەمیانەی شرۆڤەکردنی چیرۆکی بەیەکەوەبەستراوی درامیی پەیوەست بە لایەنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە سینەما کاریگەری لەسەر جەماوەر هەیە و ڕاییێکی گشتی لەبارەی پرسەکان پێکدەهێنێت و کاریگەرییەکەی لە بواری تەناهیشدا دەوەستێتە سەر بنەمای گشتی، کە جەخت لەوە دەکاتەوە، (کاریگەری هەر ڕووداوێک یان کەسێک دەوەستێتە سەر پێکهێنانی کەسایەتی ئەوانەی سەیری ئەو ڕووداوە و ئەو کەسە دەکەن).

5. ئینتەرنێت: سەرهەڵدانی ئینتەرنێت وەرچەرخانێکی جەوهەریی لە سروشتی پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتیی جەماوەریدا هێناوەتە ئاراوە، تا ئەو ئاستەی بووەتە هۆی ئەوەی پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بۆ توێژینەوەکانی پەیوەندی جەماوەری بە گشتی و توێژینەوەکانی کاریگەری کۆمەڵایەتی بە تایبەت بووەتە پێویستییەکی حەتمی، بۆ ئەوەی بتوانێت لەئاست هەموو خواستەکانی ئەو گۆڕانکارییانەدا بێت. (حماة 2002، 311)

زۆربەی توێژەران لەو باوەڕەدان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان شێوازێکی دیکەی جیاوازتری لە پێشان وەرگرتووە، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی دوو ئامرازی نوێی تەکنەلۆژیا، ئەوانیش: "ئینتەرنێت و مۆبایل"ن. (بخیت 2010، 25)

ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژیایەی لەگەڵ دەرکەوتنی ئینتەرنێت لە بواری پەیوەندی کەسیدا سەری هەڵداوە، شێوازێکی نوێی لە پەیوەندیکردندا بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەویش ئەو پەیوەندیکردنەیە، کە پەیوەستە بە شێوازەکانی تەکنەلۆژیا، کە ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان لایەنەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەگێڕێت و کارەکەی لەسەر بنەمای پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی کەسیی ئەنجام دەدات، سیمای پەیوەندیی جەماوەری هەڵناگرێت، ئەو جۆرە پەیوەندییەش بە پەیوەندی نێوەندگیر "C.M.C Computer mediated communication" ناودەبرێت. (Taylor 2003، 196)

ئینتەرنێت نوێترین و بەربڵاوترینی جۆرەکانی میدیایە، بەتایبەت لەناو چینی گەنجان و توێژی ڕۆشنبیران، زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان کردووەتە جێگرەوەی هەموو میدیاکانی دیکە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە هەموو ئەو سیفەتانەی سەرنجڕاکێشی و کاریگەری لەخۆدا کۆکردووەتەوە، کە لە سەرجەم جۆرەکانی دیکەی میدیادا هەیە، بەتایبەت کە لەو سەردەمەدا مۆبایل شوێنی هەموو ئامێرەکانی گرتووەتەوە و توانای کۆکردنەوەی سەرجەم جۆرەکانی ئامرازی میدیایی هەیە. (بخیت 2010، 26)

هەروەها بەهۆی گرنگیی جۆرایەتی ئامرازەکانی میدیای بەکارهاتوو لە میدیای تەناهیدا، کاریگەری ئەو جۆرایەتییە لەسەر کارایی کارمەندانی تەناهی لە چوارچێوەی گریمانەکاندا تاقیدەکرێتەوە.

هەروەک دەتوانرێت ئامرازەکانی دیکەی وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی وەک فەیسبووک و تۆڕەکانی دیکەش لەو چوارچێوەیەدا هەژمار بکرێن، کە بە میدیای نوێ دەناسرێن.


گرنگیی تۆڕی ئینتەرنێت کە بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە دەزگا تەناهییەکان خزمەتگوزارییە پەیوەندییەکانیان لە چوارچێوەی پلانی میدیاییدا دابڕێژن لە پێناو گەیشتن بە

جەماوەری ئامانجکراو، هەروەها بەرەوپێشبردنی سیستەمەکانی میدیای تەناهی بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەک ئامرازیکی پەیوەندیی جەماوەری. (الأبشيهي 2009، 799)

فەلسەفەی میدیای تەناهی لە دەزگا تەناهییەکاندا دەوەستێتە سەر چۆنیەتی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە تەناهییەکان لەسەر ئاستێکی باڵای راستگۆیی و بابەتیبوون و خێرایی لەبارەی رووداوەکان کە توانای زیاتر بۆ نێرەری تەکنەلۆجیا و گەیشتن بە زانیارییە راست و دروستەکان بۆ جەماوەر دەستەبەر دەکات، ئەمەش لە میانەی ناوەندە میدیاییە تەناهییە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکان، بەشێوەیەک دەبێتە هۆی گواستنەوەی وێنەیەکی ورد و راستگۆیانە لەبارەی دۆخی تەناهی. (ح. شعبان 1999، 135)

### 2.4.2. **رەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە بابەتی تەناهیدا:**

پرۆسەی پەیوەندیکردنی تەناهی دەوەستێتە سەر ژمارەیەک رەگەزی سەرەکی، وەک لەم هێلکاریەی خوارەوەدا:




شێوەی (6) پرۆسەی پەیوەندیکردنی تەناهی روون دەکاتەوە:

1- **نێرەری پەیامی تەناهی:** ئەو کەسایەتی و لایەنە تەناهییەیە، کە بە ئەرکی ناردنی پەیامە میدیاییەکە هەڵدەستێت و بە رەگەزی سەرەکی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دادەنرێت و سەرکەوتنی لە پرۆسەکەدا دەوەستێتە سەر توانای کارامەیی و لێهاتوویی لە ئەنجامدانی پرۆسەکەدا. (بدر 1997، 33)

لە میدیای تەناهیدا نێرەر بریتییە لە کارمەندی تەناهی یان دەزگایەکی تەناهی، کە کارەکتەری سەرەکییە لە ئامادەکردنی پەیامی تەناهی و ئاراستەکردنی بۆ جەماوەری ئامانجکراو لە رێگەی ئامرازە جیاوازەکانی میدیا و پەیوەندیکردنەوە، دەکرێت لایەنی نێرەر کەسێک یان دەزگایەکی تەناهی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بێت.

2- **پەیامی تەناهی**: ئەو ناوەڕۆکە میدیاییەیە کە لەلایەن کەسانی تەناهی یان دەزگا تەناهییەکانەوە ئامادە دەکرێت و لە شێوەی هەواڵ ئاراستەی جەماوەری وەرگر دەکرێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەی ئەو جەماوەرە، لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیران و تاوانانە هاوکاری دەزگا تەناهییەکان بکەن، کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، بە شێوەیەک کە پەیوەندییەکی بەهێز بۆ پرسە تەناهییەکان لە نێوان هاوولاتییان و دەزگا تەناهییەکاندا دروستدەکات.

پێویستە هەواڵ و پەیامی تەناهی هەڵگری سیفەتەکانی سەرنجڕاکێشی، سادەیی، و توانای لەڕادەبەدەر بێت لە متمانەپێکردن و کاریگەریکردن لەسەر تاکەکان و بەهێزکردنی یەکدەستی لە نێوان جەماوەر و هێزە تەناهییەکان دوور لە شێوازەکانی رق و کینە. لە هەمان کاتدا نەبوونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی لە هۆشیارکردنەوەی تەناهی و پسپۆڕی بواری میدیا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەگەلێک لە گەیاندنی پەیامە میدیاییە تەناهییەکە بە شێوەیەکی گونجاو. (شەرزاد 2015، 71)

3- **ئامرازی ناردنی پەیامی تەناهی**: بریتییە لەو ناوەندە میدیاییەی، کە پەیامە تەناهییەکە لەڕێگەیەوە ئاراستەی جەماوەری ئامانجکراو دەکرێت، دەکرێت ئەو ناوەندە میدیاییە بینراو، بیستراو، چاپکراو یانیش هەر ئامرازێکی دیکەی پەیوەندیکردنی جەماوەری بێت، کە کاری لایەنە تەناهییەکان لە گەیاندنی پەیامەکە تەواو دەکات.

گرنگی ئامرازی راگەیاندن دەوەستێتە سەر پێگە بەهێز و لاوازەکەی، لەوەی کە ئامرازێکی باش یان خراپی گەیاندنی پەیامەکە بێت. (بدر 1997، 37)

4- **جەماوەری بەئامانجکراو**: بریتییە لە جەماوەری ئامانجکراو، کە پەیامە تەناهییەکە ئاراستەی دەکرێت و دوای دیراسەکردنی ئەو پەیامە رایەکی گشتی لەبارەی دۆخێکی تەناهیی دیاریکراو لایان درووست دەبێت و کاردانەوەکان دەردەکەون.

5- **ئامانج و کاردانەوە**: ئەو پەیامەی لایەنی نێرەر لە رێگەی دەزگاکانی میدیاوە ئاراستەی جەماوەری ئامانجکراو دەکات، ئامانجێکی دیاریکراوی لەپشتە، ئەویش بریتییە لە بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان لەبارەی مەترسییەکانی ئەو تاوان و قەیرانانەی هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، کە دواجار ئەمەش وا دەکات زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر هەر دۆخێکی نەخوازراوی تەناهی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و لە هاوکاریکردنی هێزە تەناهییەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان سڵ نەکەنەوە و هەڵوێستەکەیان لەبارەی دۆخە تەناهییەکە لە شێوەی رەفتار دەنوێنن. (بدر 1997، 40)

### 2.4.3. **سیاسەتی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی**:

زۆربەی ئیدارە میدیاییە تەناهییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەتەناهییەکانیاندا پەیڕەوی سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەن، وەک ئەمەی خوارەوە: (الحوشان 2005، 20-22)

1. پێویستە لێدوانە رۆژنامەوانیەکانی بەرپرسان و ئەوانەی دەسەڵاتی لێدوانیان بۆ پرسە تەناهییەکان هەیە، بەشێوەیەک بێت کە کاریگەری لەسەر رای گشتی و ئاشکراکردنی پلانی نهێنی بۆ ئەنجامدانی پرۆسە ئەمنییەکان نەبێت، هەروەک رۆژنامەوانیش مافی ئەوەی هەیە بچێتە گۆڕەپانی رووداوەکە و بابەتەکە بۆ ئیدارەی دامەزراوەکە بگوازێتەوە بەر لەوەی بڵاوبکرێتەوە.

2. لە زۆربەی تاوانەکاندا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان مەرجی خۆی هەیە، بەتایبەت لەو پرسانەی هێشتا لێکۆڵینەوەکانیان کۆتایی نەهاتووە و لەوانەیە بڵاوکردنەوەیان زیان بە پرسە تەناهییەکە بگەیەنێت.

3. ئەو پرسانەی کاریگەرییان لەسەر رای گشتی هەیە، وەک دەنگۆکان و تاوانەکانی کوشتن، وەڵامدانەوەیان و رونکردنەوەیان بۆ جەماوەر بە قۆناغی جیاواز دەبێت و بەدواداچوون بۆ پرسەکە بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی حوکمە یاساییەکەی بۆ دەردەچێت. (زغیر 2024)

4. بڵاوکردنەوەی پرسە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە رووداوەکانی سەلامەتی گشتی لە رۆژنامە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی رۆژانە دەبێت، وەک: (رووداوەکانی هاتووچۆ، ئاگرکردەوتنەوە، ژێرئاو کەوتن).

5. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری وەرزی وەک: (هاتووچۆ، بەرگری شارستانی، پۆلیس، تیرۆر).

6. رێکارەکانی لێکۆڵینەوە بڵاوناکرێنەوە، تەنها بە هەماهەنگی لەلایەن ئیدارەی پەیوەندییە گشتییەکان و میدیا نەبێت، هەروەها پێدانی تێکستی بابەت لەگەڵ داواکردن لێیان بۆ پابەندبوون بە ناوەڕۆکەکەی.

7. پێدانی دەرفەت بە ئامرازە میدیاییەکان، بۆ ئەوەی رەخنە لە کارایی دەزگا تەناهییەکان بگرن و دەزگا تەناهییەکانیش وەڵامی گونجاو لەگەڵ رووداوەکە بە دەزگا میدیاییەکان بدەن. (زغیر 2024)

8. تایبەتمەندی هەندێک پرس و وریایی لەوەی کە لەکاتی بڵاوکردنەوە هیچ کاردانەوەیەکی پێچەوانە و نەرێنیی نەبێت. بەو پێیەش دەبینرێت کە ئەو بنامایانەی دەستبەرداربوون لێیان ئەستەمە، رۆژنامەکان دەخەنە ژێر سانسۆر و چاودێری لە بڵاوکردنەوەی پێشوەختە، کە

لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی بڵاوکردنەوەی بابەتە میدیاییە تەناهییەکان لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە لە ئاستێکی لاوازدا بێت.

### 2.4.4. ڕێکار و ڕێوشوێنی وریایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی:

دەزگا تەناهییەکان پێویستە لە بڵاکردنەوەی هەواڵی تەناهی پابەندی ژمارەیەک ڕێکار و ڕێوشوێنی تایبەت بن، ئەویش بەهۆی هەستیاری ئەو بوارە، لە گرنگترین ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنانەش: (الحوشان 2005، 33)

1- زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.

2- دڵنیابوونەوە لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان.

3- دڵنیابوونەوە لە تەواوی و بێ کەموکوڕی زانیارییەکان.

4- دوورکەوتنەوە لە پرسە کەسایەتییەکان.

5- بەلاوەنانی ئەو زانیارییانەی دەبنە هەڕەشە لەسەر تەناهی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

6- دوورکەوتنەوە لە وروژاندنی بیری توندڕەوی هۆزایەتی، تایفەگەری و ئاییني.

7- دوورکەوتنەوە لە لاوازی زانیارییەکان لەبارەی پرسە تەناهییەکان.

8- خۆپارێزی لە مەترسی بابەتەکە لەسەر تەناهی نەتەوەیی.

9- دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگە یەک ناگرنەوە.

10- وریایی لە هەستیاری بابەتی کۆمەڵایەتی.

11. دوورکەوتنەوە لە ناوزڕاندن بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵگە.

12- خۆپاراستن لەو پرسانەی پەیوەندییان بە لایەنە تەنهاییە باڵاکانەوە هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری وڵات و پاراستنی نهێنیی زانیارییە تەناهییەکان هەیە.

13- گومان نەکردن لە پرسە نەتەوەییەکان.

### 2.4.5. پرەنسیپەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی:

پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی میدیای تەناهی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا گرنگە بۆ گەیشتن بە کاریگەرییە داواکراوەکان. بابەتیبوون بنەمایەکی ئەوەندە ئەخلاقی نییە لە جیهانی میدیادا بەقەدەر ئەوەی بژاردەیەکی پراگماتییە. جا لە بازاری کراوەدا ئەگەر راستییەکان باس نەکەیت، کەسانی دیکە دەیدرکێنن، ئەو کاتیش راستگۆیی تۆ دەکەوێتە مەترسییەوە. (بلواضح حمزة 2022، 75)

بابەتیبوون کۆمەڵێک بنەمایە و وردی، دەستپاکی و هاوسەنگی لە خستنەڕووی بۆچوون لەخۆ دەگرێت. بابەتیبوون زۆرترین گرنگیی بۆ میدیای تەناهی هەیە، ئەوەیش لەبەر چەند هۆکارێک، یەکەم: مەترسی ئەو پرسانەی لە میدیاکانی تەناهیدا دەخرێنەڕوو و کاریگەرییەکانی لەسەر چارەنووسی تاک و کۆمەڵگە. هەروەها ئەو ورياييەی لەلایەن جەماوەر هەیە لەبارەی دامەزراوە تەناهییەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەویش ئەو وریاییيیەیە، کە گومان دەخاتە سەر لایەنی بەرامبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پەیامانەی لەو دامەزراوانە دەردەچن. هەروەها کاری میدیای تەناهی کۆمەڵێک کاریگەری مەعریفی و رەفتاری لای جەماوەری ئامانجکراو دروستدەکات و لەگەڵ گۆڕینی پردەکانی متمانە لەڕێگەی بابەتیبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکان، ئەستەم دەبێت بتوانرێت کاریگەری داواکراوی هەبێت. (بلواضح حمزة 2022، 75)

لێرەدا ژمارەیەک پرەنسیپ و بەرپرسیارێتی خودی هەن کە پێویستە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەناهییەکاندا ئامرازەکانی میدیا بەهەند وەریبگیرن، ئەوانیش: (الحوشان 2005، 30)

1- نابێت ئەو وێنە و ڤیدیۆیانە نیشان بدرێن، کە دەبنە هۆی پێدانی ئەو زانیارییانەی دواجار بە قازانجی دوژمن دەشکێنەوە، یانیش زیان بە ناوبانگی وڵات دەگەیەنن.

2- نابێت تاوانەکە بە شێوەیەک بخرێتەڕوو، کە کاریگەری لەسەر هەست و سۆز دروست بکات و ببێتە هۆی ئەوەی ئامانجە تەناهییەکە نەپێکێت.

3- نابێت لەئاست مەترسییەکانی تاوان کەمبکرێتەوە یان لە قەبارەی مەترسییەکانی بۆ سەر تاک و کۆمەڵگە بچوکبکرێتەوە.

4- ناکرێت وردەکارییەکانی تاوان بەشێوەیەک بخرێنەڕوو، کە ببنە هۆی چەواشەکردنی چیرۆکە راستەقینەکە. (ابوعامود 2017)

5- لە گێڕانەوەی زانیارییەکان نابێت بەرگی پاڵەوانی بە بەر کەسانی تاوانباردا بکرێت.

6- ناکرێت هیچ تاوانێک وا نیشان بدرێت، کە شتێکی ئاساییە یانیش رەتنەکراوەیە.

7- نابێت پاساو و بەهانە بۆ هیچ تاوانێکی تۆڵەسەندنەوە بهێنرێتەوە.

8- نابێت ئەو بابەتانەی تایبەتن بە تاوان بەشێوەیەک بخرێنەڕوو، کە کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی منداڵان هەبێت و وا لە منداڵان بکات هاوسۆزییان بۆ تاوانبارەکە هەبێت.

9- نابێت ئەو دیمەنانە نیشان بدرێن، کە کاریگەری لەسەر جووڵاندنی غەریزەی منداڵان هەبێت یانیش ترس و بێ ئومێدی لەلایان دروست بکات.

10- نابێت ئەو تاوانبارانە نیشان بدرێن، کە منداڵان لەگەڵیان لە تاوانەکاندا هاوبەشیانن، بۆ ئەوەی منداڵان لاسایی نەکەنەوە. (عمار 2020، 115)

11- ناکرێت دیمەنی فێڵبازی و جادووگەری وەک یەکێک لە نەریتە پەسەندەکان لەناو کۆمەڵگە بڵاوبکرێنەوە.

12- ناکرێت ئەو دیمەنانە بەرچاو بکرێن، کە بیری توندڕەوی لای منداڵان دروست بکات و ئەشکەنجەدانی مرۆڤ و ئاژەڵ بە ئاسایی بزانێت.

هەر لەو سۆنگەیەوە دەکرێت رێکارەکانی چاودێری لەسەر هەواڵی تەناهی لەم رەهەندانەی خوارەوەدا پوخت بکرێنەوە:




شێوەی (7) رەهەندە سەرەکییەکانی چاودێری لە هەواڵەکانی تەناهیدا روون دەکاتەوە

1- **رەهەندی ئایینی**: پابەندبوونی تەواو بە بیروباوەڕە ئایینییەکان و رێزگرتن لە پەیوەندیی نێوان ئایینە جیاوازەکان، ئەو رەهەندە خستنەڕوو یانیش وروژاندنی هەموو ئەو بابەتانە رەت دەکاتەوە، کە لەگەڵ حوکمە شەرعییەکان و بیروباوەڕە ئایینییەکانی ناو کۆمەڵگە یەکناگرنەوە، لە هەرێمی کوردستانیش کە کۆمەڵگەیەکی فرە ئایینە، پێویستە گرنگی زیاتر بەو بابەتە بدرێت.

2- **رەهەندی کۆمەڵایەتی**: ئەو رەهەندە هەموو ئەو بابەتانە رەت دەکاتەوە، کە زیان بە داب و نەریتە باوەکان و شیرازەی کۆمەڵگە دەگەیەنێت و رێگە بە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەش نادات، کە دەست بۆ ئادابە گشتییەکانی کۆمەڵگە دەبەن و ناوبانگەکەی لەکەدار دەکەن، جا چ بە دەنگ بێت یانیش بە وێنە یاخود بەنووسین.

3- **رەهەندی سیاسی**: هاوتەریب لەگەڵ هێڵی سیاسی گشتیی دەوڵەت هەڵدەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نابێت بەهیچ شێوەیەک دەست بۆ ئەو بابەتانە ببرێت، کە زیان بە سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە دەگەیەنن.

4- **رەهەندی تەناهی**: رێگری لە هەموو ئەو بابەتانە دەکات کە زیان لە تەناهی کۆمەڵگە دەدات یانیش گیانی دووبەرێکی لەنێوان تاکەکاندا بڵاودەکاتەوە، هەروەک بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانی تۆڵەسەندنەوە و تاوان قەدەغە دەکات و رێگری لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە دەکات، کە لە گرنگیی ئەرکی هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنییەکان کەم دەکاتەوە. (عمار، 2020، 115)

# بەشی سێیەم

# ڕێکاری شیکاری، نموونەی توێژینەوە و ناخشیکاری هەواڵی تەناهییەکان

3.1. ڕێکاری شیکاری و ڕێبازنامەی توێژینەوە

3.2. ناساندنی نموونەی توێژینەوە

3.3. ناخشیکاری بۆ هەواڵە تەناهییەکانی ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT

## بەشی سێیەم

### 1.3. تەوەری یەکەم: ڕێکاری شیکاری توێژینەوەکە (ڕێبازنامەی توێژینەوەکە):

#### 3.1.1. جۆری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، بەو پێیەی باشترین و گونجاوترین جۆری توێژینەوەیە بۆ توێژینەوەکانی بواری میدیا، چونکە وەسفی دیاردە و بابەتەکان دەکات و دەرەنجامێکی تاڕادەیەکی زۆر باش بە دەستەوە دەدات.

#### 3.1.2. ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ناخشیکاری بۆ ناوەڕۆکی هەواڵە تەناهییەکان بەستووە، لە ڕووی چەندێتییەوە. بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێک یەکەی توێژینەوەی لە فۆڕمێکی شیکردنەوەی ناوەڕۆکدا ئامادە کردووە و فۆڕمەکە خراوەتە بەردەستی ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ و شارەزای بواری میدیا، بۆ پێوانەکردنی راستی رواڵەتیی بابەت و دوای راستکردنەوەی تێبینییەکان، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ تەواوی هەواڵەکانی ساڵی گریمانەیی هەردوو ماڵپەڕی کوردستان24 و NRTی کردووە.

#### 3.1.3. کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە:

أ/ کۆمەڵگەی توێژینەوە: هەموو ئەو هەواڵە تەناهیانە دەگرێتەوە، کە لە ماڵپەڕە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێنەوە و لە شێوەی پەیامی میدیاییدا بەشێوەیەکی رێکخراو بەردەوام نوێ دەکرێنەوە و گرنگی بە مەترسی و پرسە تەناهییە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکانی سەر هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک و کۆمەڵگەی کورد دەدەن.

ب/ مشتەی توێژینەوە: بریتییە لەو هەواڵە تەناهیانەی لە هەردوو ماڵپەڕی K24 و NRT بڵاوکراونەتەوە. پاڵنەری هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و دیاریکردنی مشتەکەی لە دوو ئاستی جیاواز سەرچاوە دەگرێت، ئەوانیش:

- هەواڵی تەناهی وەک هەستیارترین ژانری هەواڵ کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان هەیە.

- هەڵبژاردنی هەردوو دەزگای K24 و NRT کە یەکەمیان سەر بە لایەنی فەرمانڕەوا و دووەمیان سەر بە ئۆپۆزسیۆنە.

جۆری مشتە لە رووی شێوەوە: توێژەر مشتەی وەرزی دەتسکردی بۆ سەرجەم مانگەکانی ساڵی 2022 بەشێوەیەکی رێکخراو لەناو مشتەی دەستنیشانکراو وەرگرتووە و شیکردنەوەی بۆ ئەو زانیارییانە کردووە، کە لە هەواڵە تەناهییەکانی هەردوو ماڵپەڕی K24 و NRT وەرگرتووە و ژمارەیان (779) هەواڵە.

جۆری مشتە لە رووی مەبەستەوە: توێژەر جۆری مشتەی "مەبەستدار"ی وەرگرتووە، بەو پێیەی دۆخەکە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمێک، کە زۆرترین تاوانی تیرۆر، بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، کاری قاچاغچییەتی، هەڕەشەی تەناهی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و تاوانی جۆراوجۆری دیکە مەترسییان لەسەر تەواوی ناوچەکە دروستکردووە، هەرێمی کوردستانیش وەک شوێنێکی دانەبڕاو لە ناوچەکە، لەو کاریگەرییانە بەدەر نییە و گەورەترین رۆڵیش بۆ کۆنترۆڵکردنی رەوشی تەناهی لە ئەستۆی هێزە تەناهییەکاندایە، چ سەربازی یانیش مەدەنی.

### 3.1.4. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەی ژمارەیەک ئامرازی جیاوازی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، لەوانە:

أ- فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک: فۆرمێکی تایبەتە بە نرخاندنی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و بۆ وەرگرتنی وەڵامەکان و شیکردنەوەی هەواڵە تەناهییەکانیش هەواڵە تەناهییەکانی هەردوو

ماڵپەڕی K24 و NRTی لە ماوەی ساڵی 2022 وەرگرتووە، خراوەتە بەردەستی ژمارەیەک پسپۆڕی ئەکادیمی بۆ هەڵسەنگاندنیان.

ب- تێبینی توێژەر: لە پاڵ لێکدانەوەی دەرئەنجامی خشتەکانی توێژینەوەکە، توێژەر دوای شیکردنەوەی هەر خشتەیەک، تێبینی خۆیشی خستووەتەڕوو.

**3.1.5. سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری شوێن: هەموو ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە چالاکی تەناهییان تێدا هەیە و هەواڵ و زانیارییان لە هەریەک لە K24 و NRT بڵاودەکرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر یەکە جوگرافییەکانی ئەو بەشەی توێژینەوەکەی بەمشێوەیە دیاریکردووە:

- هەولێر
- سلێمانی
- دهۆک
- هەڵەبجە
- ئیدارە سەربەخۆکان
- کەرکوک و ناوچەکانی ماددەی 140
- هێڵی سنوور
- هەموو کوردستان

ئەمەش بۆ زانینی ئەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان لەکام لەو ناوچانە زیاترن.

سنووری کات: لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە شیکردنەوەدا پشتی بە میتۆدی ناخشیکاری بەستووە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ کراوە، بۆیە توێژەر ماوەیەکی کاتیی هەڵبژاردووە، کە هاوکاتە لەگەڵ توێژینەوەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش وەرزی دەستکردی بەکارهێناوە لە ڕێکەوتی 2022/1/1 تا 2022/12/31، لە شێوەی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

**خشتەی (1) دروستکردنی وەرزی گریمانەیی بۆ هەواڵە تەناهییەکانی 12 مانگ لە هەردوو ماڵپەڕی K24 و NRT روون دەکاتەوە**

| ژمارە | مانگ | هەفتە |
|---|---|---|
| 1 | کانوونی دووەمی 2022 | هەفتەی یەکەم |
| 2 | شوباتی 2022 | هەفتەی دووەم |
| 3 | ئاداری 2022 | هەفتەی سێیەم |
| 4 | نیسانی 2022 | هەفتەی چوارەم |
| 5 | ئایاری 2022 | هەفتەی یەکەم |
| 6 | حوزەیرانی 2022 | هەفتەی دووەم |
| 7 | تەمووزی 2022 | هەفتەی سێیەم |
| 8 | ئابی 2022 | هەفتەی چوارەم |
| 9 | ئەیلوولی 2022 | هەفتەی یەکەم |
| 10 | تشرینی یەکەمی 2022 | هەفتەی دووەم |
| 11 | تشرینی دووەمی 2022 | هەفتەی سێیەم |
| 12 | کانونی یەکەمی 2022 | هەفتەی چوارەم |
| کۆی گشتی | 12 مانگ | 12 هەفتە |

سنووری بابەت: سنووری ئەم توێژینەوەیە لە رووی بابەتەوە تایبەتە بە دیاریکردنی رەنگدانەوەی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان، و خستنەڕووی زانیارییەکان لەڕووی شکڵ و ناوەڕۆکەوە. لەڕووی شێوە و مەبەستیشەوە سنوورەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### 3.1.6. توێژەکانی شیکردنەوە:

مەبەست لە تویژەکانی شیکردنەوە هەموو ئەو توێژانەن، کە پەیوەندییان بە دیاریکردنی چوارچێوەی بابەتەکەوە هەیە و هەموو ئەو میکانیزمانە دەگرێتەوە کە یارمەتی دیاریکردنی بابەتەکە و شیکردنەوەی دەدەن.

توێژەکانی شیکردنەوەش بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەش دەبن، ئەوانیش:

- **توێژەکانی شیکردنەوەی (چی گوتراوە)**:

ئەو توێژانەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگییان پێدراوە، پەیوەستن بە سرووشتی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەبارەی بابەتە تەناهییەکان بڵاودەکرێنەوە، کە یارمەتی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە و وەڵامی پرسیارەکان بە شێوەیەکی ورد و زانستی و بابەتیانە دەدەن و ڕێگەی دەرخستنی قەبارەی ڕەنگدانەوەی هەواڵ و زانیاری لەبارەی ڕووداوە تەناهییەکان لە ماڵپەڕە کوردییەکان و ڕۆڵی ئەو ماڵپەڕانە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری تەناهیدا خۆش دەکات.

- **توێژەکانی شیکردنەوەی (چۆن گوتراوە)**:

ئەم توێژانەش پەیوەستن بە لایەنی هونەری و میکانیزمی خستنەڕووی هەواڵە تەناهییەکان و شێوازی شرۆڤەکردنی زانیارییەکان لە ناواخنی هەواڵدا، کە یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی ئاست و قەبارەی گرنگیپێدانی نموونەی توێژینەوە بە هەواڵە تەناهییەکان. لەم توێژینەوەیەدا توێژەکان بریتین لە: شێوە، سەرچاوەکانی هەواڵ، جۆری ناونیشان و بابەتەکانی هەواڵ.

توێژەکان بەم شێوەیە دیاریکراون:

**خشتەی (2) توێژەکانی یەکەی (چی گوتراوە) روون دەکاتەوە**

| پێناسە | توێژەکانی شیکردنەوەی (چی گوتراوە) | ژ |
|---|---|---|
| هەموو ئەو رەهەندانە دەگرێتەوە، کە لە هەواڵی تەناهیدا رەنگیان داوەتەوە، ئەوانش: رەهەندی ئایدۆلۆژی، سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، سەربازی، ئابووری و پیرۆزییەکان | رەهەندە جیاوازەکانی پەیوەندییان بە هەواڵ و رووداوی تەناهییەوە هەیە | 1 |
| هەموو ئەو هەواڵە تەناهیانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە رووداوی تەناهی و چالاکییەکانی هێزە تەناهییە ناوخۆییەکان و هەڕەشەی هێزە هەرێمایەتییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. | هەواڵی تەناهی | 2 |
| ئەو هەواڵە تەناهیانەن لەبارەی رووداو و تاوانە جیاوازەکانی وەک: تیرۆر، ماددەی هۆشبەر، چەکی بێمۆڵەت، تاوانی کوشتن، دزی، گەندەڵی ئیداری، رفاندن، پەلاماری ناوخۆیی و رووداوی تەقەکردن، توندوتیژی، هەڵخەڵەتاندن و فێڵکردن، هێرشی وڵاتانی دراوسێ، هەڕەشەی هێزە هەرێمایەتییەکان، دراوی ساختە، گێچەڵی سێکسی، هەڕەشەی ئەلیکترۆنی و تاوانی جۆراوجۆر | بابەتی هەواڵە تەناهییەکان | 3 |
| سەرجەم پارێزگا، ئیدارە سەربەخۆکان، ناوچە کوردستانییەکان و هێڵی سنوور دەگرێتەوە | جوگرافیای هەواڵی تەناهی | 4 |
| سەجەم هێزە تەناهییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەو لایەنە سەربازی و چەکدارانە دەگرێتەوە کە چالاکی سەربازی و تەناهییان ئەنجامداوە | دەزگا تەناهییەکان | 5 |

**خشتەی (3) توێژەکانی یەکەی (چۆن گوتراوە) روون دەکاتەوە**

| ژ | توێژەکانی (چۆن گوتراوە) | پێناسە |
|---|---|---|
| 1 | مانشێتی هەواڵ | ئەو شێوازانەن کە لە نووسیی مانشێتی هەواڵدا بەکارهاتوون، ئەوانیش دوو جۆرن:<br>1. لەڕووی زمانەوانی: شێوازی رستەکە دەگرێتەوە لەوەی رستەی: (کاری، ناوی، بکەر نادیار، چاوگی، پرسیاری)<br>2. لەڕووی ناوەڕۆکەوە: بریتییە لە شێوازی داڕشتنی مانشێت لەڕووی ئاراستەی (هاندان، هاوسەنگ، دژ، راچڵەکێنەر، لێدوان، تەنز ئامێز) |
| 2 | پشتبەستن بە سەرچاوەکانی هەواڵ | پەیامنێر و راگەیاندنکار، سەرچاوە حکوومییەکان، سەربازییە فەرمی و نافەرمییەکان، ئاژانسە هەواڵییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هەواڵی سەرچاوە نادیار و نهێنییەکان. |
| 3 | جەماوەری بەئامانجکراوە | رای گشتی ناوخۆیی، رای گشتی نێودەوڵەتی، توێژی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆن |
| 4 | فۆرمی بەکارهاتوو لە هەواڵی تەناهی | هەموو ئەو شێوازە جیاوازانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ هەواڵی تەناهیدا بەکارهاتوون، ئەوانیش: وێنە، ڤیدیۆ، گرافیک |
| 5 | شێوەی هەواڵ | سەرجەم شێوازەکانی هەواڵ دەگرێتەوە: هەواڵی کورد، هەواڵی مامناوەند، هەواڵی درێژ، راپۆرتە هەواڵ، هەواڵی بەپەلە |
| 6 | شێوازی خستنەڕووی هەواڵ لەڕووی بابەتەوە | کۆنفرانسی رۆژنامەوانی، بەیاننامە و راگەیەندراو، دانپێدانانی تاوانباران، لێدوانی تایبەت، خستنەڕووی زانیاری و شرۆڤەی بابەتی ئەمنی |
| 7 | شێوازی خستنەڕووی هەواڵی تەناهی لەڕووی تێکستەوە | دەقی هەواڵ بە کۆتێیشن، دەقی هەواڵ بە دەستکارییەوە |
| 8 | ئاراستەی ناوەڕۆکی هەواڵ | خستنەڕووی مەترسییە تەناهییەکان، ئیدانەکردن، بچووککردنەوە و گەورەکردنی قەبارەی رووداوی تەناهی، دڵنیاییدان |
| 9 | ناوەڕۆکی وێنە و ڤیدیۆی هەواڵ | وێنە و ڤیدیۆی ساتی رووداو، وێنە و ڤیدیۆی شوێن دوای رووداو، وێنە و ڤیدیۆی ئەرشیڤ |

### 3.1.7. ڕێکارەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری

بۆ دڵنیابوونەوە و پێوانەکردنی ڕاستگۆیی، توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گرتووەتە بەر:

- دانانی فۆڕمێک بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵە تەناهییەکان لە سۆنگەی ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکەی.

- پێوانەکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی بەکارهاتوو بۆ پێوانەکردنی ڕاستگۆیی و جێگیری فۆڕمەکە، لە ڕێگەی دانانی فۆڕمی شیکردنەوە بە وردی و دووبارە داڕشتنەوە و پۆلێنکردنەوەی توێژ و یەکەکانی توێژینەوە و پێناسەکردنی ئەو توێژ و یەکانە بە وردی.

- بۆ دڵنیابوونەوە لە جێگیری فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، فۆڕمەکە خرایە بەردەست ژمارەیەک پسپۆڕ و شارەزا بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و جێگیری فۆڕمەکە و بڕیاردان لەسەر گونجاوی توێژەکان، یان گۆڕین یانیش لادانیان یاخود زیادکردنی توێژی نوێ، دواتر خراوەتە بەردەست سەرپەرشتیار بەر لە ئەنجامدانی ناوەڕۆک.

**- ڕێکاری ڕاستگۆیی:**

دوای ئامادەکردنی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، توێژەر فۆڕمەکەی خستووەتە بەر دەستی ژمارەیەک پسپۆڕی تایبەتمەند لەبواری میدیا و دوای کۆکردنەوەی سەرجەم تێبینییەکان و لەبەرچاو گرتنیان، فۆڕمێکی نوێ بەدەستهاتووە و لەسەر بنەمای ئەو فۆڕمە ناخشیکاری بۆ توێژینەوەکە کراوە.[1]

1 1- پ.ی.د. ئازاد عەبدولعەزیز/ سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن/ زانکۆی سەلاحەدین
2- پ.ی.د. نەزاکەت حەمە سەعید/ مامۆستای ڕاگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی
3- پ.د. هێرش ڕەسول موراد/ مامۆستای ڕاگەیاندن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
4- پ.ی.د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا/ مامۆستای ڕاگەیاندن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
5- پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرەداغی/ مامۆستای ڕاگەیاندن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

**- جێگیری فۆڕمی شیکردنەوە:**

مەبەست لە جێگیری گەیشتنە بە هەمان ئەنجام لەکاتی دووبارەکردنەوەی ڕێکارەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ هەمان دەربڕین و دەستەواژەکانی یەکەکانی توێژینەوە لە دۆخی هاوشێوەدا. (خضر 2013)

بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەستاوە بە وەرگرتنی ڕێژەی 23.23%ی یەکەکانی توێژینەوە دوای تێپەڕبوونی 2 مانگ بەسەر توێژینەوەکە و هاوڕێک کردنیان لەڕێگەی هاوکێشەی هۆلستییەوە بەمش شێوەیەیی خوارەوە:

هاوکێشەی هۆلستی:

تێکڕای جێگیری = 2 * ژمارەی توێژەکان کە لە هەردوو شیکردنەوەکان لەسەری ڕێککەوتوون/ کۆی توێژەکانی هەردوو شیکردنەوەکە

تێکڕای جێگیری = 2 * 20/ 46

= 46/40 = 0.86

ئەمەش تێکڕای جێگیرییەکی بەرز و پەسەندکراوە و دەکرێت بۆ فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک پشتی پێ ببەسترێت.

### 3.2. تەوەری دووەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوە:

بۆ ناساندنی نموونەی توێژینەوە، توێژەر هەوڵیدا هەردوو ماڵپەڕەکانی NTR و K24، وەک یەک بناسێنێت، بەڵام بە گەڕانەوە بە فۆڕمی (دەربارەی ئێمە) لەو دوو ماڵپەڕە، هەریەکێکیان بەشێوەیەک پێناسەی خۆی کردووە و ئامانج و نەخشەی کارکردنیان دیاریکردووە، بۆیە ئەو دوو ماڵپەڕە چۆن لە ماڵپەڕە ناوبراوەکان ناسێنراون، بەبێ هیچ کەم و زیادەیەک وەرگیراون.

#### 3.2.1. پێگەی ئەلیکترۆنی NRT:

دامەزراوەی میدیایی NRT سەر بە کۆمپانیای نالیایە بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەبازاڕکردنی میدیایی. وەک لە پەیامی کەناڵی ئەو دامەزراوەیەدا ئاماژەی پێدراوە، "یەکەمین تۆڕی میدیایی سەربەخۆیە لە هەرێمی کوردستان. لە ساڵی 2010 لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ئازادەوە دامەزراوە کە یەکەم تۆڕی میدیایی سەربەخۆیان دەستپێکردووە، لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت". https://www.nrttv.com

کۆمپانیای نالیا لەلایەن شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی بزووتنەوەی نەوەی نوێوە خاوەنداریێتی دەکرێت و لە ژێر دروشمی "ئازایەتی و هاوسەنگی و ڕاستی" کۆمپانیاکەی دامەزراندووە.

لە هەفتەی یەکەمی دەستپێکردنی پەخشەکەی لە (17ی شوباتی 2011)، کەناڵی ئێن ئاڕ تی سووتێنرا، بەڵام دووبارە دروستکرایەوە.

دواتر چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی دیکە زیادکران بۆ گروپەکە بە ناوەکانی NRT2، NRT3(kids)، NRT4 و NRT عەرەبی. ئۆفیسی سەرەکی ئەو کەناڵە لە گوندی ئەڵمانی، شەقامی مەلیک مەحموود، لە شاری سلێمانییە.

کۆمپانیای نالیا پێکهاتووە لە:

1. کەناڵی ئێن ئاڕ تی ئێچ دی: کەناڵێکی هەواڵی مانگی دەستکردە لە ساڵی 2010 دامەزراوە و بە هەردوو شێوەزاری کوردیی سۆرانی و بادینی پەخش دەکات.

2. NRT2: کەناڵێکی هونەری و کات بەسەربردنە لە ساڵی 2012 دەستی بە پەخش کردووە.

3. ئێن ئاڕ تی عەرەبی: کەناڵێکی هەواڵی مانگی دەستکردە و لە ساڵی 2016 دەستیپێکرد.

4. کەناڵی NRT3 Kids: کەناڵێکی مانگی دەستکردە و لە ساڵی 2019 خراوەتە بازاڕەوە.

5. ئێن ئاڕ تی 4: کەناڵێکی ئایینی مانگی دەستکردە و لە ساڵی 2019 دەستیپێکردووە.

6. پەروەردەی ئێن ئاڕ تی: کەناڵێکی مانگی دەستکرد و لە ساڵی 2020 دەستیپێکردووە.

7. دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی: بەشێکە لە ئێن ئاڕ تی بە بەڕێوەبردنی شەش ماڵپەڕ و سێ ئەپی مۆبایل، لە ساڵی 2011 دامەزراوە.

8. نالیا ئێف ئێم: رادیۆیە بۆ پەخشکردنی مۆسیقا و هەواڵ لە ساڵی 2010 دەستیپێکردووە.

9. ئەکادیمیای میدیای نالیا: پەیمانگایەکی راهێنانە و گرنگی بە پیشەی میدیایی دەدات و لە ساڵی 2015 دامەزراوە.

10- پام میدیا: کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانە کە ریکلام بۆ بەرهەم یان خزمەتگوزارییە بازرگانییەکان بەرهەم دەهێنێت و لە ساڵی 2014 دامەزراوە.

**نەخشەی پێگەی ئەلیکترۆنی** NRT:

هەواڵ: (سیاسی، کوردستان، عێراق، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، جیهان)، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتوری، زانستی، تەکنەلۆژی، جۆراوجۆر)

راپۆرت: (کوردستان، عێراق، هەرێمی، نێودەوڵەتی)

شیکردنەوە: (کوردستان، عێراق، هەرێمی، نێودەوڵەتی)

- بیروڕا

- بەرنامەکان
- گەلەری: (وێنە، ڤیدیۆ)
- وەرزش
- ئێن ئارِ تی دوو
- وێب تی ڤی: (XYZ، XYZ+، فیچەر)
- سەنتەری پەیوەندییەکان

### 3.2.2. **پێگەی ئەلیکترۆنی** K24:

پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەشێکە لە دامەزراوەی کوەردستان24 بۆ توێژینەوە و راگەیاندن، ناوەندێکی میدیاییە و لە ناساندنی دامەزراوەکەدا هاتووە: "بێلایەنانە و پیشەییانە، بەرهەمێکی پوختی میدیایی بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە پێشکەشی بینەر و بیسەر و خوێنەرانی دەکات، ئەم دامەزراوەیە زانیاریی راست و درووست بۆ وەرگرانی کوردزمان لە کوردستان و ناوچەکە و تەواوی جیهان لە رێگەی تۆڕێکی میدیایی رێکخراو: رادیۆ، تەلەڤزیۆن، ویبسایت بە زمانەکانی (کوردی- هەردوو شێوەزاری "کرمانجی، سۆرانی" و ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و فارسی) دەگوازێتەوە". ئەم دامەزراوەیە زیاتر گرنگی بە هەواڵ و چالاکییەکانی حکومەت دەدات، بەدیاریکراویش سەرۆکی حکومەت، بەوەی کە خۆی خاوەندارێتی ئەو دامەزراوەیە دەکات. https://www.kurdistan24.net/ckb

- **میتۆدی کارکردنی** Kurdistan24

کوردستان24، دامەزراوەیەکی تایبەت بە توێژینەوە و راگەیاندنە، وەک نێوەندێکی میدیایی هەمەجۆر بەشێوەیەکی درووست و بابەتیانە و بە پێی پەرەنسیپی "بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی"، ئەرکە پیشەییەکانی بەرانبەر (نیشتمان، تاکەکانی کۆمەڵگە، ئازادیە کەسییەکان) بەجێدەگەیەنێت.

- **ئامانجی کارکردنی کوردستان**24:

1. ئامانجی دامەزراوەی کوردستان24، گەشەپێدانی ئەو رووخسارە میدیاییەیە کە میدیا لە کوردستان دەقی پێوە گرتووە و دەیەوێت ببێتە رێنیشاندەر بۆ جیهانێکی نوێی کاری میدیایی لە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی.
2. کوردستان24 لە رێگەی تۆرێکی فراوانی پەیامنێران لە کوردستان و زۆربەی وڵاتانی دونیا، بەخێرایی و بێلایەنانە، بە دوای رووداوەکاندا دەچێ و بەدواداچوونی وردی چرکە بە چرکەی هەیە لەسەر ئەو بابەتانەی کە بۆ پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان جێگەی بایەخن.
3. کوردستان24 هیچ بەربەستێکی دانەناوە لە بەردەم پرۆسەی گەڕان بە دوای زانیاریدا. بەو مانایەی کوردستان بەشێکە لە جیهانێکی فراوانتر و ئەمەش لە کارەکانیدا رەنگیداوەتەوە.
4. کوردستان24 بە کوردیەکی رەوان، پاراو و سەنگین، بەرهەمی کەناڵەکانی خۆی پێشکەش دەکات.
5. کوردستان24 پەرەنسیبی هاوسەنگی و بابەتیبوون و بەرپرسیاریەتی لە رووماڵ و بەدواداچوونە رۆژنامەوانییەکان پەیڕو دەکات و بە گوێرەی ستانداردە باوەکانی میدیایی و ئیتیکی رۆژنامەوانی کار دەکات.

- **پەیامی** Kurdistan24:

1. کوردستان24 کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و دیموکراسی و دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان.
2. کوردستان24 کار دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری ژینگەپارێزی، پەروەردەیەکی تەندروست، بەرزکردنەوەی ئینتمای تاک بۆ خاک و نیشتمان.

3. کوردستان24 مافی رادەربڕین بۆ هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و ناوچەکە، بە جیاوزی فکری و ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی مسۆگەر دەکات.

4. کوردستان24 پەرە بە بیری سەربەخۆیی لە کوردستان دەدات.

- **بینەرانی** Kurdistan24:

کوردستان (عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا)، هەروەها کوردانی نیشتەجێی ولآتانی ئەورووپا و باکووری ئەمریکا و ئوسترالیا.

- **بەشەکانە دامەزراوەی کوردستان**24:
- کەناڵی ئاسمانی کوردستان 24
- رادیۆی کوردستان24
- ویبسایتی کوردستان24 بە زمانەکانی کوردی (سۆرانی – کرمانجی)، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی و فارسی
- سەنتەری توێژینەوە و راپرسی
- **نووسینگەکانی**Kurdistan24 :
- باشووری کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک)
- عێراق (بەغدا)
- باکووری کوردستان (دیاربەکر، وان)
- رۆژئاوا (قامیشلۆ، کۆبانێ)
- تورکیا (ئەنقەرە، ئیستەنبووڵ)
- ئەوروپا ( برۆکسل، ئەڵمانیا، سوید، هۆڵەندا)
- ئەمریکا (واشنتن دی سی)
- رووسیا (مۆسکۆ)

- **نەخشەی پێگەی ئەلیکترۆنی کوردستان24:**

گرنگترین بەشەکانی بریتین لە:

- هەواڵ: لە بەشەکانی کوردستان، عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا و جیهان پێکهاتوون.
- ئابووری: بەشەکانی نەوت و وزە، پارە و بانک و گشتی لەخۆ دەگرێت.
- وەرزش: لە بەشەکانی تۆپی پێ، تێنس و گشتی پێکهاتووە.
- کلتور: بەشەکانی میوزیک، سەما، شانۆ و گشتی لەخۆ دەگرێت.
- ژیان: بەسەر بەشەکانی ژنان، تەندروستی، زانست، تەکنەلۆژیا و گشتی دابەش دەبێت.
- وتار: لە بەشەکانی سیاسی، ئابووری، بەرهەمەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 پێکهاتووە.
- خزمەتگوزارییەکان: بەشەکانی فریکوێنسەکان، پەخشی راستەوخۆ، ئەپەکان و خزمەتگوزاری RSS دەگرێتەوە.

## 3.3. تەوەری سێیەم/ ناخشیکاری بۆ هەواڵە تەناهییەکانی ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT

**خشتەی (4) ژمارە و بەراوردی نێوان هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / رستە | ژمارە و رێژەی هەواڵی تەناهی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | |
| NRT | 356 | %45.7 | دووەم |
| K24 | 423 | %54.3 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 779 | %100 | |
| جیاوازی ژمارە و رێژەی نێوان هەردوو ماڵپەڕەکان لە هەواڵی تەناهی | 67 هەواڵ بە ڕێژەی 8.6% | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ماڵپەڕی کوردستان24 گرنگی زیاتر بە هەواڵی تەناهی دەدات و لەکۆی 779 هەواڵی هەردوو ماڵپەڕەکان، ماڵپەڕی K24 بەدیاریکراوی 423 هەواڵی داناوە و رێژەکەشی بریتییە لە 54.3%. لەکاتێکدا ماڵپەڕی NRT بە دانانی 356 هەواڵی تەناهی کەمتر گرنگی بەو جۆرە هەواڵانە دەدات و رێژەکەی بریتییە لە 45.7%. جیاوازی نێوان دوو ماڵپەڕەکەش 67 هەواڵە بەرێژەی 8.6%.

**خشتەی (5) بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەبارەی جۆری تاوان و هەڕەشەی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / هەواڵ | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ماددەی هۆشبەر | 10 | 2.36 | 1 | 0.28 | 11 | 1.41 | هەشتەم |
| تاوانی تەقەکردن و کوشتن و توند و تیژی | 67 | 15.83 | 100 | 28.08 | 167 | 21.43 | دووەم |
| تیرۆر | 49 | 11.589 | 29 | 8.14 | 78 | 10.01 | چوارەم |
| دزی | 16 | 3.78 | 7 | 1.96 | 23 | 2.95 | شەشەم |
| گەندەڵی و کەلوپەلی بەسەرچوو | 11 | 1.41 | 8 | 1.68 | 12 | 1.54 | حەفتەم |
| سووکایەتی بەپیرۆزییەکان | 2 | 0.47 | 1 | 0.28 | 3 | 0.38 | یازدەهەم |
| هەڕەشەی هێزی هەرێمایەتی و وڵاتانی دراوسێ | 191 | 45.154 | 117 | 32.86 | 308 | 39.53 | یەکەم |
| تاوانی ئەلیکترۆنی و گێچەڵی سێکسی | 22 | 5.2 | 26 | 7.3 | 48 | 6.16 | پێنجەم |
| دراوی ساختە | 5 | 1.18 | 1 | 0.28 | 6 | 0.77 | دەیەم |
| چەکی بێمۆڵەت | 4 | 0.94 | 4 | 1.12 | 8 | 1.02 | نۆیەم |
| تەقینەوەی خۆڕسک | 42 | 9.92 | 58 | 16.29 | 100 | 12.83 | سێیەم |
| تاوانی تەعریب | 4 | 0.94 | 4 | 1.12 | 8 | 1.02 | نۆیەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

لەم خشتەیەدا جۆری ئەو تاوانە تەناهیانە خراونەتەڕوو، کە ناواخنی ئەو هەواڵە تەناهیانە پێکدەهێنن کە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 لە ماوەی سنووری کاتی توێژینەوەدا بڵاوکراونەتەوە و پلەی یەکەم بە رێژەی 39.53% هێرش و پەلامارەکانی وڵاتانی دراوسێ و هەڕەشەی هێزی هەرێمایەتی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و ژمارەیان 308 هەواڵە. هەرچی پلەی دووەمە بە رێژەی 21.43% بریتین لە تاوانی تەقەکردن و کوشتن و توندوتیژی جۆراوجۆر و ژمارەیان 167 رووداوی جۆراوجۆرن، کە لە هەردوو ماڵپەڕەکە لەشێوەی هەواڵ

بڵاوکراونەتەوە. پلەی سێیەم بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە لەبارەی تەقینەوە خۆڕسکەکان بڵاودەکرێنەوە و ڕێژەکەیان 12.83% و ژمارەیان 100 هەواڵە، هۆکاری ئەو ڕێژە بەرزەش ئەوەیە، کە لە ماوەی سنووری کاتی توێژنەوەکەدا دوو تەقینەوەی جیاوازی سیستەمی غازی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆک روویاندا و زۆرترین هەواڵی تەناهی لەبارەیانەوە لەو دوو ماڵپەڕە بڵاوکرانەوە. تاوانی تیرۆر بە ڕێژەی 10.01% لە پلەی چوارەمدایە و ژمارەیان 78 هەواڵە. پلەی پێنجەمیش بە ڕێژەی 6.16% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت کە لە هەردوو ماڵپەڕەکە لەبارەی تاوانەکانی ئەلیکترۆنی و گێچەڵی سێکسی بڵاودەکرێنەوە و ژمارەیان 48 هەواڵە. هەرچی تاوانی دزیکردنە، بە ڕێژەی 2.95% لە پلەی شەشەمدایە و ژمارەیان 23 تاوانە. پلەی حەفتەمیش بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە باس لە تاوانی گەندەڵی و کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو دەکەن و ڕێژەیان 1.54%ە و ژمارەیان 12 هەواڵە. لەکاتێکیشدا هەواڵەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە 1.41% لە پلەی هەشتەمدان و ژمارەیان 11 هەواڵە، پلەی نۆیەمیش بەڕێژەی 1.02% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە لەبارەی چەکی بێمۆڵەت بڵاوکراونەتەوە و ژمارەیان 8 هەواڵە. هەرچی پلەی دەیەمیشە بە ڕێژەی 0.77% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت کە لەبارەی دراوی ساختە لە هەردوو ماڵپەڕەکان بڵاوکراونەتەوە. کەچی سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکان بە ڕێژەی 0.38% لە پلەی یازدەمدایە و ژمارەیان تەنیا 3 هەواڵە.

لەم خشتەیەدا روون دەبێتەوە، هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 بەراورد بە هەواڵەکانی دیکەی تەناهی، زۆرترین گرنگییان بەو هەواڵانە داوە، کە لەبارەی هێرشی وڵاتانی دراوسێ بڵاویان دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ماڵپەڕی K24 بە بڵاوکردنەوەی (132) هەواڵ و بەڕێژەی (31.2% ) لە کۆی هەواڵە تەناهییەکانی ماڵپەڕەکەی، لەپێشەوەی NRT ـە و گرنگی بەو هەواڵانە داوە، کە ماڵپەڕی NRT (73) هەواڵی بڵاوکردووەتەوە بە ڕێژەی (20.5%)ی کۆی هەواڵە تەناهییەکانی ئەو ماڵپەڕە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرترین ئەو مەترسییە تەناهییانەی هەڕەشەن بۆ سەر

هەرێمی کوردستان، لەناوخۆی هەرێمەوە نین، بەڵکو هەڕەشەکان لەدەرەوەی سنوور و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانن و پەیوەندییان بەو سیاسەتەوە هەیە، کە هێزە ناوچەییەکان و وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکەن.

نموونەی ئەو جۆرە هەواڵانەش، هێرش و جووڵەی داعش، شەڕی پەکەکە و هێرش و لەشکرکێشییەکانی تورکیا لە ناوچە سنوورییەکان و هێرشەکانی ئێران بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و هەڕەشەی گرووپە چەکدرەکانی عێراق بۆ سەر هەرێم، بۆ نموونە: لەڕێکەوتی ماڵپەڕی NRT لە ڕێکەوتی 2022/4/23 هەواڵێکی بەناونیشانی (شەڕێکی سەختە و کوردستان چی لێدێت؟ پەکەکە بەرامبەر فڕۆکەی F16و موشەک وەستاوە بڵاوکردەوە)، هەمان ماڵپەڕ لە ڕێکەوتی 2022/2/11 هەواڵێکی بەناونیشانی (هۆکاری زیادبوونی چالاکییەکانی داعش ئاشکرا کرا) بڵاوکردووەتەوە، هەر لەسەر هەمان جۆری بابەت، لە ڕێکەوتی 2022/4/26، ماڵپەڕی K24 بەناونیشانی (داعش لە چەند ناوچەیەک خۆی ڕێکدەخاتەوە) بڵاوکردووەتەوە، هەمان ماڵپەڕ لە ڕێکەوتی 2022/5/1 هەواڵێکی لەبارەی گرووپە چەکدارەکانی عێراق بۆ سەر ناوچەی خەبات بە ناونیشانی (وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی هێرشە مووشەکییەکەی قەزای خەبات ڕاگەیاند) بڵاوکردەوە

**خشتەی(6) جۆری مانشێتی هەواڵی تەناهی لەڕووی زمانەوانییەوە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ڕستە | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ڕستەی کاری | 275 | 65.01 | 210 | 58.98 | 485 | 62.25 | یەکەم |
| بکەرنادیار | 88 | 20.8 | 77 | 21.62 | 165 | 21.18 | دووەم |
| ڕستەی چاوگی | 34 | 8.03 | 27 | 7.58 | 61 | 7.83 | چوارەم |
| ڕستەی پرسیاری | 0 | 0.0 | 6 | 1.68 | 6 | 0.77 | پێنجەم |
| ڕستەی ناوی | 26 | 6.14 | 36 | 10.11 | 62 | 7.95 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە جۆری رستەی بەکارهاتوو لەڕووی زمانەوانییەوە لە هەردوو ماڵپەڕەکەدا نیشان دەدات و گرنگیپێدان بە جۆری رستە دەخاتەڕوو و بەکارهێنانی رستەی کاری لە پلەی یەکەمدایە و ڕێژەکەی 62.25%ـە. هەرچی رستەی بکەر نادیارە، لە پلەی دووەمدایە بە ڕێژەی 21.18%. پلەی سێیەم بەر جۆری رستەی ناوی دەکەوێت و ڕێژەکەی بریتییە لە 7.95%. رستەی چاوگیش بە ڕێژەی 7.83% لە پلەی چوارەمدایە. پلەی پێنجەم و کۆتاییش کە کەمترین ڕێژەی سەدیی لە پۆلێنکارییەکەدا بەرکەوتووە، جۆری رستەی پرسیارییە و ڕێژەکەی 7.59%ـە.

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 لە بەکارهێنانی نووسینەکی رستەدا بۆ مانشێتەکانی هەواڵەکانی تەناهی تاڕادەیەکی زۆر گرنگییان بە بەکارهێنانی رستەی کاری داوە. هەرچەند لە مانشێتی زۆربەی هەواڵەکاندا وەڵامی هەرشەش پرسیاری (کێ، کەی، چی، لەکوێ، چۆن، لەبەرچی) نەدراوەتەوە، ئەمەش شتێکی ستاندەرد و تاڕادەیەکی باشیش پیشەییانەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکان پەلکێش بکرێت، بەڵام هەوڵیانداوە لەڕێگەی مانشێتەوە راستەوخۆ بە خوێنەر بڵێن کە (چی و لەکوێ) ڕوویداوە، وردەکارییەکانیش لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا بەوردی باسکراون، ئەمەش رستەیەکی تەواو هەواڵییە، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەییش بێت. هەروەها لە خشتەکەدا دیارە کە هەردوو ماڵپەڕەکان بەشێوەی زۆرینەی رەها خۆیان لە بەکارهێنانی رستەی پرسیاری بەدوور گرتووە و لەکۆی 779 هەواڵ تەنیا 6 هەواڵ و بە ڕێژەی (0.77%) لە ماڵپەڕی NRT بەشێوەی پرسیار هاتووە، بەمەش ڕێژەی خۆپارێزی لە رستەی پرسیاری دەکاتە (99.23%).*

---

*100-0.77= 99.33

نموونەی ئەم هەواڵە، لە ڕێکەوتی 2022/4/24 ماڵپەڕی NRT هەواڵێکی بە ناونیشانی (فوئاد حسێن باس لە ڕێککەوتنی نێوان عێراق و تورکیا دەکات)، لێرەشدا کارەکە وشەی (دەکات) کە لە کۆتایی ڕستەکەدا هاتووە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕستەکە بە کاری ڕانەبردوو کۆتایی هاتووە و مانشێتەکە ڕستەیەکی کارییە. بە هەمان شێوە لە ماڵپەڕی K24 نموونەی ئەو جۆرە ڕستانە لە مانشێتی هەواڵدا، بوونی هەواڵێکە لەسەر شەڕی پەکەکە و سوپای عێراق لە ڕێکەوتی 2022/5/2، کە بەناونیشانی (شەڕ لە نێوان سوپای عێراق و پەکەکە دەستی پێکردەوە) بڵاوکراوەتەوە، لەو مانشێتەشدا بەهۆی ئەوەی ڕستەکە بە کاری لێکدراوی (دەستی پێکردەوە) کۆتایی هاتووە، کەواتە مانشێتەکە ڕستەیەکی کارییە.

**خشتەی (7) مانشێتی هەواڵی تەناهی لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ئاراستە | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| لایەنگیر | 62 | 14.65 | 52 | 14.60 | 114 | 14.63 | سێیەم |
| هاوسەنگ | 208 | 49.17 | 151 | 42.41 | 359 | 46.08 | یەکەم |
| دژ | 2 | 0.47 | 19 | 5.33 | 21 | 2.69 | پێنجەم |
| ڕاچڵەکێنەر | 41 | 9.69 | 54 | 15.16 | 95 | 12.19 | چوارەم |
| دەقی لێدوانی وەرگیراو | 110 | 26 | 68 | 19.1 | 178 | 22.84 | دووەم |
| تەنزئامێز | 0 | 0.0 | 12 | 3.37 | 12 | 1.54 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە گرنگی بە جۆری ئاراستە جیاوازەکانی ناو ناوەڕۆکی هەواڵی تەناهی و دەقی هەواڵەکە دەخاتەڕوو، بەو پێیەش هاوسەنگی لە ئاراستەکردنی هەواڵ لە پلەی یەکەمدایە و بە ڕێژەی 46.08%. هەرچی لێدوانە لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی 22.84% دێت. پلەی سێیەمیش بەر ئاراستەی لایەنگیر دەکەوێت و بە ڕێژەی 14.63%. ئاراستەی ڕاچڵەکێنەریش لە پلەی چوارەمدایە بەڕێژەی 12.19%. لەکاتێکدا ئاراستەی دژ بە ڕێژەی 2.69% لە پلەی پێنجەمدایە. دوای ئەویش پلەی شەشەم بەڕێژەی 1.54% بەر ئاراستەی تەنز ئامێز دەکەوێت.

لەم خشتەیەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بەراورد بە هەواڵەکانی دیکە، ئەو هەواڵانەی لە مانشێتەکاندا رەچاوی هاوسەنگی کراوە، ژمارەیان 359 هەواڵە بە رێژەی (46.08%) و لە هەموو هەواڵەکانی دیکە زیاترە، بەڵام لە بەرامبەریشدا 114 رستەی لایەنگیر بەرێژەی (14.63%) لە مانشێتی هەواڵەکاندا بەدی دەکرێن، بۆ پرۆفیشناڵیەتی دەزگاکان، باشتر دەبوو، کە میدیای کوردی لە لایەنگیری دوور بکەونەوە و گرنگی زیاتر بە بابەتیبوون و هاوسەنگی بدەن، چونکە هەواڵی تەناهی هەستیارترین جۆرەکانی هەواڵە لە ریزبەندی میدیای تایبەتمەند و پەیوەندیی بە ژیانی تاک و کۆمەڵ و تەناهی نەتەوەییەوە هەیە و لەوانەیە شێواندنی هەر زانیارییەک بەمەبەستی لایەنگیری، کارەساتێکی تەناهیی بەدواوە بێت، کە دوای رووداني ئینجا درک بە هەستیاری بابەتەکە و لێکەوتەکان بکرێت.

بابەتێکی دیکە لێرەدا کە لەرووی دارشتنی ناوەرۆکی مانشێتی هەواڵە تەناهیەکاندا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە هەریەک لە هەردووماڵپەری مشتەی توێژینەوەکە وەک یەک پەیرەوی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی (کێ، لەکوێ، کەی، چی، لەبەرچی، بۆچی) ناکەن، بۆنموونە، لەرۆژی 2022/2/7 هەواڵی هێرشی مووشەکی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری پردێ بڵاویانکردووەتەوزە، بەڵام لە ماڵپەری NRT مانشێتەکە بەم شێوەیە نووسراوە: (چەند موشەکێک ئاراستەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە کران) لەو مانشێتەدا تەنیا وەڵامی پرسیاری (چی؟) دراوەتەوە، ئەگەرچی بۆ وەڵامی پرسیاری لەکوێ ئاماژە بە سەنگەرەکانی پێشمەرگەش کراوە، بەڵام نەیگوتووە لەکوێی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ئەمەش ماناي وایە تەنیا نیوەی وەڵامی پرسیاری لەکوێ دراوەتەوە، کەچی هەمان هەواڵ لە ماڵپەری K24 بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەرووی ناوەرۆکەوە دارشتنی جیاوازە و بە ناونیشانی: (لە پردێ هێرش کرایە سەر میحوەرەکانی پێشمەرگە)، لێرەدا وەڵامی هەردوو پرسیاری لەکوێ؟ و چی؟

دراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی لە هەردوو مانشێتەکاندا هەیە و دەبوایە لەکۆی هەر شەش پرسیارەکە، بەلایەنی کەمەوە وەڵامی سێ پرسیار بدرابایەوە.

وێڕای ئەمەش، ئەگەر تێبینی ناوەڕۆکی مانشێتەکان بکرێت، لە هەردوو ماڵپەڕەکاندا ڕەچاوی هاوسەنگی کراوە، چونکە هیچ کامێک لە دوو ماڵپەڕەکان، هیچ کەسێکی بە پاڵەوان و ئەوی تریان بە تاوانبار نیشان نەداوە، کەواتە لە هەواڵەکەدا پارێزگاری لە ئاراستەی هاوسەنگی کراوە.

**خشتەی (8) سەرچاوەکانی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / سەرچاوەی هەواڵ | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| پەیامنێر و ڕاگەیاندنکاران | 44 | 10.4 | 73 | 20.5 | 117 | 15.01 | سێیەم |
| سەرچاوە حکومیی ناسەربازی | 113 | 26.71 | 72 | 20.22 | 185 | 23.74 | دووەم |
| سەرچاوەی سەربازیی فەرمیی | 134 | 31.67 | 105 | 29.49 | 239 | 30.68 | یەکەم |
| سەرچاوە سەربازیی نافەرمی | 29 | 6.85 | 21 | 5.89 | 50 | 6.41 | شەشەم |
| میدیا و ئاژانسە ناوخۆییەکان | 5 | 1.18 | 0 | 0.0 | 5 | 0.64 | نۆیەم |
| میدیا و ئاژانسە بیانییەکان | 40 | 9.45 | 34 | 9.55 | 74 | 9.49 | چوارەم |
| کەسانی پەیوەندیدار بە ڕووداو | 30 | 7.09 | 23 | 6.46 | 53 | 6.8 | پێنجەم |
| سەرچاوەی نهێنی | 15 | 3.54 | 15 | 4.21 | 30 | 3.85 | حەفتەم |
| سەرچاوە نادیار | 13 | 3.07 | 13 | 3.65 | 26 | 3.33 | هەشتەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە گرنگیپێدانی هەردوو ماڵپەڕەکە بە سەرچاوە جیاوازەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەناهییەکاندا نیشان دەدات. بەو پێیەش سەرچاوە سەربازییە فەرمییەکان بە ڕێژەی 30.68% لە پلەی یەکەمدایە، دوای ئەویش سەرچاوە حکومییەکان بەڕێژەی 23.74% لە پلەی دووەمدا دێت. هەرچی پەیامنێر و میدیاکارن پلەی سێیەمیان بەر دەکەوێت و ڕێژەکەی بریتییە لە 15.01%. پلەی چوارەمیش بە ڕێژەی 9.49% بەر میدیا و ئاژانسە بیانییەکان دەکەوێت. لەکاتێکدا کەسانی پەیوەندیدار بە ڕووداو کە وەک سەرچاوە بەکارهاتوون، پلەی پێنجەم و بە ڕێژەی 6.8%ی بەردەکەوێت و ژمارەیان 53 هەواڵە. ئەو هەواڵانەی سەرچاوەی سەربازی نافەرمی تێیاندا بەکارهاتوون، پلەی شەشەم بە ڕێژەی 6.41% بەردەکەوێت و ژمارەیان 50

هەواڵە. سەرچاوەی نهێنی لە پلەی حەوتەمدا دێت و ڕێژەکەی 3.85%ە ژمارەیان 30 هەواڵە. دوای ئەویش سەرچاوەی نادیار بە ڕێژەی 3.33% پلەی هەشتەمی بەر دەکەوێت و ژمارەیان 26 هەواڵە. کۆتا پلەش کە نۆیەمە، بەر میدیا و ئاژانسە ناوخۆییەکان دەکەوێت و بەدانانی بڵاوکردنەوەی تەنیا 5 هەواڵ لە هەردوو ماڵپەڕەکانی مشتەی توێژینەوە، ڕێژەکەی بریتییە لە 0.64%.

لەکاتێکدا کە زۆرترین هەڕەشە تەناهییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی سنووری هەرێمن و پەیوەندییان بە ئاسایش و سەقامگیری و تەناهی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و زۆربەیان ڕەهەندێکی سیاسییان هەیە، بۆیە ئەوەی لەم خشتەیەی سەرەوەدا ئومێدبەخشی ئەوەیە، کە بۆ وەرگرتنی هەواڵی تەناهی، ئەو دوو ماڵپەڕە زیاتر پشتیان بە سەرچاوە حکوومی و دوای ئەویش سەربازییە فەرمییەکان بەستووە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە بەگوێرەی خشتەی سەرەوە، هێشتاش میدیای کوردی پشت بە سەرچاوە نافەرمییەکانیش دەبەستێت، ئەگەرچی ڕێژەکەی زۆر کەمیشە، بەڵام بۆ میدیای تەناهی هێشتاش هەر زۆرە. نموونەی ئەو هەواڵە، بڵاوکردنەوەی هەواڵێکە لە ڕێکەوتی 2022/4/29 کە لەسەر کەیسەکەی سلێمان هەڵشۆیی لەبارەی بردنی پارەی خەڵک لە ماڵپەڕی NRT بڵاوکراوەتەوە، لە لیدی هەواڵەکەدا نووسراوە: (پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن سلێمان هەڵشۆیی لە زیندان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابێت دوورە لە ڕاستی و سەلامەتە)، لەو لیدەدا پشت بە سەرچاوەی فەرمی بەستراوە، ئەویش پۆلیسی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕینە. هەواڵێکی دیکەش لە ڕێکەوتی 2022/5/2 لە ماڵپەڕی K24 بڵاوکراوەتەوە، لیدی هەواڵەکە بەمشێوەیە داڕێژراوە: (لیوای سێی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن لە سلێمانی، ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر ئەو ئەفسەرە بڵاوکردەوە، کە تۆمەتبارە بە کوشتنی چوار کەس، لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ و دەڵێت: لەسەر جێهێشتنی کارەکەی سکاڵامان

لەسەر تۆماركردووە)، لێرەشدا سەرچاوەی هەواڵ بریتییە لە لیوای سێی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن لە سلێمانی، کە سەرچاوەیەکی سەربازی فەرمییە.

**خشتەی (9) ئاستی گرنگیدانی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 بە بەکارهێنانی گەواهیدان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / گەواهیدەر | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| شاهێدحاڵ | 20 | 4.72 | 3 | 0.84 | 23 | 2.95 | دووەم |
| قوربانی | 8 | 1.89 | 3 | 0.84 | 11 | 1.41 | چوارەم |
| کەسوکاری قوربانی | 19 | 4.49 | 4 | 1.12 | 23 | 2.95 | دووەم |
| دانپێدانانی تاوانبار | 9 | 2.12 | 3 | 0.84 | 12 | 1.54 | سێیەم |
| هیچ گەواهیدانێک نییە | 367 | 86.76 | 343 | 96.34 | 710 | 91.14 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

لەم خشتەی ئاستی گرنگیپێدانی هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24بە گەواهیدان و رێژەی بەکارهێنانی لایەنی گەواهیدەر لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا نیشان دەدات، بەو پێیەش پلەی یەکەم بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە هیچ گەواهیدانێک تێیاندا بەکارنەهاتووە و رێژەکەی بریتییە لە 91.14% و ژمارەویان 710 هەواڵە. هەریەک لە کەسوکاری قوربانیان و شاهێدحاڵەکانیش لە پلەی دووەمدان بە رێژەی 2.95% و ژمارەی هەر یەکێکیان 23 هەواڵە. دانپێدانانی تاوانبارانیش لە پلەی سێیەمدایە و رێژەکەی 1.54%ە و ژمارەیان 12 هەواڵە. ئەو هەواڵانەش لە پلەی چوارەمدان، کە قوربانیان گەواهیدەری رووداوەکانن و رێژەیان بریتییە لە 1.14% و ژمارەیان تەنیا 11 هەواڵە.

ئەم خشتەیە تایبەتە بە نیشاندانی ئەو لایەنانەی گەواهییان لەسەر بابەتە تەناهییەکان داوە، هەرچەند زۆرترین ژمارە بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت کە هیچ گەواهیدانێکی تێدا نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی بوارەکە پەیوەندیی بە ئەمنییەتەوە هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە کە ئاماژە بە هیچ

گەواهیدەرێکیش نەکرێت، ئەوەی گرنگە لێرەدا گواستنەوەی هەواڵەکەیە بەشێوەکی راست و درووست و چۆن روویداوە بەمشێوەیە بگوازرێتەوە.

نموونەی ئەو هەواڵانەش، وەک: هێرشە مووشەکییەکەی سەر شاری هەولێر، کە لە چاوی میدیاکانەوە راستی رووداوەکە بۆ هەموو جیهان گوازرایەوە و پێویستی بە لێدوانی هیچ گەواهیدەرێک نەبوو، بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدیۆی شوێنی مووشەکبارانەکەماڵی بازرگانی کورد، (شێخ باز بەرزنجی)بەس بوو بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی متمانەی ناوخۆ و دەرەوە. نموونەیەکی دیکەش لەبارەی ئەو رووداوە، لێدوانەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێبەر ئەحمەد بوو، کاتێک لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لە بەغدا لەبارەی ئەو بابەتە کۆبووەوە و دوای کۆبوونەوەکەش، لە لێدوانێکی رۆژنامەنایدا زانیارییەکانی خستەڕوو، ماڵپەڕی NRT بە مانشێتی (وەزیری ناوخۆی هەرێم: لاریمان لە بەشداری ئێران لە لێکۆڵینەوەی بۆردومانەکانی سەر هەولێر نییە) لێدوانەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردەوە و ماڵپەڕی K24یش بە مانشێتی (رێبەر ئەحمەد: لێژنەی لێکۆڵینەوەی عێراقی ئەوەیان زانی کە پاساوی مووشەکبارانەکەی هەولێر بێ بنەمان) لێدوانەکەی رێبەر ئەحمەدی بڵاوکردەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ گەواهیدانێک بکات.

**خشتەی(10) هەواڵی تەناهی بەگوێرەی ناوچەی جوگرافی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ناوچەی جوگرافی | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| هەولێر | 112 | 26.47 | 85 | 23.87 | 197 | 25.28 | یەکەم |
| سلێمانی | 92 | 21.74 | 93 | 26.12 | 185 | 23.74 | دووەم |
| دهۆک | 32 | 7.56 | 29 | 8.14 | 61 | 7.83 | پێنجەم |
| هەڵەبجە | 4 | 0.94 | 3 | 0.84 | 7 | 0.89 | حەفتەم |
| ئیدارە سەربەخۆکان | 85 | 20.09 | 43 | 12.07 | 128 | 16.43 | چوارەم |
| کەرکووک وناوچەی 140 | 80 | 18.91 | 72 | 20.22 | 152 | 19.51 | سێیەم |
| هەموو کوردستان | 18 | 4.25 | 30 | 8.42 | 48 | 6.16 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

لەم خشتەی جوگرافیای ئەو ناوچانە دەخاتەڕوو، کە تاوانە جیاوازەکان و چالاکییە تەناهییەکان تێیدا ئەنجامدراون و هەواڵە تەناهییەکانیان لە هەردوو ماڵپەڕی مشتەی توێژینەوە لە ماوەی سنووری کاتی تویژینەوە بڵاوکراونەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پارێزگاکان، ئیدارە سەربەخۆکان، کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان وەک توێژی شیکردنەوە بەکارهاتوون و ئەو هەواڵە تەناهیانەش فەرامۆش نەکراون، کە پەیوەندییان بە سەرانسەری هەرێمی کوردستانەوە هەیە. بەمەش پارێزگای هەولێر لە ریزبەندییەکەدا پلەی یەکەمی ئەو ناوچانەی بەرکەوتووە، کە رووداو و چالاکییە تەناهییەکانی تێدا ئەنجامدراوە و رێژەکەی 25.28%ـە و ژمارەیان 197 هەواڵە. پلەی دووەمیش بەر پارێزگای سلێمانی دەکەوێت و رێژەکەی بریتییە لە 23.74% و ژمارەیان 185 هەواڵە. پلەی سێیەمیش بەر کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 کەوتووە بەڕێژەی 19.51% و ژمارەیان 152 هەواڵە. هەرچی ئیدارە سەربەخۆکانن بە رێژەی 16.43% لە پلەی چوارەمدان و ژمارەیان 128 هەواڵە. پلەی پێنجەمیش بە رێژەی 7.83% بەر پارێزگای دهۆک کەوتووە و ژمارەیان 61 هەواڵە. ئەو هەواڵانەش کە تایبەتن بە سەرانسەری کوردستان، بە رێژەی 6.16% لە پلەی شەشەمدان و ژمارەیان 48 هەواڵە. پلەی حەفتەمیش بە رێژەی 0.89% بەر پارێزگای هەڵەبجە دەکەون و ژمارەیان 7 هەواڵە.

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە زۆرترین هەواڵ لەبارەی دۆخی تەناهی هەولێر بڵاوکراونەتەوە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی توێژەر لەکاتی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، دەرکەوتووە کە هۆکاری ئەوەی کە لەڕووی جوگرافییەوە بەرزترین رێژە بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە، لەبەر ئەوەیە کە چەندین جار فڕۆکەخانەی هەولێر، ناوچەکانی دەوروبەر، قەزای خەبات و چەندین ناوچەی دیکە بە درۆن و مووشەک کراونەتە ئامانج، هەروەها مووشەکبارانەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر شاری هەولێر، کە هەر یەکێک لەو رووداوانە، بەهۆی

کاردانەوەکانیانەوە دەیان هەواڵی لەبارەیەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەمە وێڕای رووداوە تەناهییەکانی دیکەی وەک کێشەی کۆمەڵایەتی، چەکی بێمۆڵەت و دزی و تاوانە جۆراوجۆرەکانی دیکە.

نموونەی ئەم جۆرە هەواڵەش، لە رێکەوتی 2022/5/1 هەواڵێک بەناونیشانی (چەند موشەکێک ئاراستەی ناحیەی رزگاری کران) لە ماڵپەڕی NRT بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە رێکەوتی 2022/5/4 هەمان ماڵپەڕ هەواڵێکی بە ناونیشانی (پۆلیسی هەولێر: لە مانگی رمەزاندا تەنها سێ حاڵەتی کوشتن روویداوە) بڵاوکردووەتەوە. هەر لەبارەی دۆخی تەناهی پارێزگای هەولێر، ماڵپەڕی K24 لە رێکەوتی 2022/5/2 هەواڵێکی لەبارەی مووشەکبارانەکەی قەزای خەبات بە ناونیشانی (شاخەوان عەبدوڵڵا: ئەوەی ڕویداوە پێشێلکارییەکی ئەمنیی گەورەیە و ناکرێت بێدەنگی لێبکرێت) بڵاوکردووەتەوە، هەمان ماڵپەڕ لە رێکەوتی 2022/6/8 هەواڵێکی بەناونیشانی (دژە تیرۆری کوردستان: پەلامارەکەی هەولێر درۆنی بۆمبڕێژکراو بووە) و لە رێکەوتی 2022/6/11 هەواڵێکی بەناونیشانی (پۆلیسی هەولێر: گەنجێکی 20 ساڵ لەلایەن براکەی کوژرا) بڵاوکردووەتەوە.

**خشتەی (11) جەماوەری بەئامانجگیراو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پلەبەندی | کۆی گشتی | | NRT | | کوردستان24 | | پێگەی ئەلیکترۆنی / جۆری جەماوەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | |
| یەکەم | 75.09 | 585 | 73.87 | 263 | 76.12 | 322 | رای گشتی ناوخۆیی |
| دووەم | 21.43 | 167 | 20.22 | 72 | 22.45 | 95 | رای گشتی نێودەوڵەتی |
| پێنجەم | 0.51 | 4 | 0.56 | 2 | 0.47 | 2 | فەرمانڕەوا |
| سێیەم | 2.31 | 18 | 5.05 | 18 | 0 | 0 | ئۆپۆزسیۆن |
| چوارەم | 0.64 | 5 | 0.28 | 1 | 0.94 | 4 | وەڵامی لێدوانی دژبەر |
| | 100 | 779 | 100 | 356 | 100 | 423 | کۆی گشتی |

ئەم خشتەی دیاریکردنی جۆری ئەو جەماوەرەی هەردوو ماڵپەڕەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەناهییەکاندا کردوویەتە ئامانج. بەو پێیەش رای گشتی ناوخۆیی بە رێژەی 75.09% لە

پلەی یەکەمدایە. پلەی دووەمیش بە ڕێژەی 21.43% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت کە ئاراستەی ڕای گشتی نێودەوڵەتی کراون. ئۆپۆزسیۆنیش ئەو جەماوەرە بە ئامانجگیراوەیە کە بە ڕێژەی 2.31% لە پلەی سێیەمدا دێت. هەرچی ئەو هەواڵانەشن کە وەک وەڵامێک ئاراستەی ئەو لایەنانە کراوە کە لێدوانی دژبەریان داوە بە ڕێژەی 0.64% لە پلەی چوارەمدایە. پلەی پێنجەمیش بە ڕێژەی 0.51% بەر ئەو هەواڵە تەناهیانە دەکەوێت کە توێژی فەرمانڕەوایان کردووەتە ئامانج.

ئەوەی گرنگە لەم خشتەیەدا ئەوەیە، کە زۆربەی هەواڵە تەناهییەکان ئاراستەی ڕای گشتی کراون چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، کە زۆر گرنگە کۆمەڵگە لە مەترسی ڕووداوە تەناهییەکان ئاگادار بێتەوە، یانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی بزانن کە تا چەندە هەرێمی کوردستان لەناوچەیەک هەڵکەوتووە، کە گێژەڵۆکێکی سیاسی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانە کە ڕەهەندی تەناهییان هەیە و کەمتر هەواڵە تەناهییەکان ئاراستەی فەرمانڕەوا و ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی کراون. ئەمەش مانای وایە، کە تاڕادەیەک دەزگا میدیاییەکان چ ئەوانەی ئۆرگانی حکومەتن یانیش ئۆپۆزسیۆن، تاڕادەیەک لە مەترسی ئەو ڕووداوانە بۆ سەر کۆمەڵگە تێگەیشتوون، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ڕێژەییە و لە دەزگایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە.

نموونەی ئەم جۆرە هەواڵەش کە زۆرترینیان ئاراستەی ڕای گشتی ناوخۆیی کراون، لە ڕێکەوتی 2022/6/11، ماڵپەڕی NRT هەواڵێکی بە ناونیشانی (سلێمان هەڵشۆییەکی نوێ پەیدابووە و چوار ملیۆن دۆلاری هاوڵاتییانی بردووە)، هەروەها لە هەمان ڕێکەوت و هەمان ماڵپەڕ هەواڵێکی دیکەی بە ناونیشانی (ئاسایشی سلێمانی لە بارەی کوژرانی داواکراوێکەوە ڕونکردنەوەیدا) بڵاوکردووەتەوە. هەر سەبارە بەو بابەتە، ماڵپەڕی K24یش لە ڕێکەوتی 2022/6/12 هەواڵێکی بەناونیشانی (پۆلیسی هەولێر: ژنێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژرا) و

له هەمان ڕێکەوت و هەمان ماڵپەر هەواڵێکی دیکە بەناونیشانی (لەماوەی 5 مانگی رابردوو 1880 تاوانبار لە هەولێر دەستگیرکراون) بڵاوکردووەتەوە.

**خشتەی (12) شێوازی بەکارهاتوو لەڕووی قەبارەی دەقەوە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / شێوازی هەواڵ | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| کورتە هەواڵ | 58 | 13.71 | 120 | 13.76 | 178 | 22.84 | سێیەم |
| هەواڵی مامناوەند | 162 | 38.29 | 122 | 34.26 | 284 | 36.45 | یەکەم |
| هەواڵی درێژ | 139 | 32.86 | 73 | 20.5 | 212 | 27.21 | دووەم |
| راپۆرتە هەواڵ | 64 | 15.13 | 41 | 11.51 | 105 | 13.47 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە ئاستی گرنگیپێدانی ئەو دوو ماڵپەڕە بە شێوازەکانی هەواڵ لەڕووی ژمارەی وشە و پاراگراف و شێوازی خستنەڕوو لەڕووی کورتی و درێژی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕەکانی مشتەی توێژینەوە دەردەخات. بەو پێیەش هەواڵی مامناوەند بە ڕێژەی 36.45% لە پلەی یەکەمدا دێن و ژمارەیان 284 هەواڵە. هەرچی پلەی دووەمە بە ڕێژەی 27.21% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە لەڕووی قەبارە و رووبەری تێکستەوە درێژن و ژمارەیان 212 هەواڵە. کورتە هەواڵیش بە ڕێژەی 22.84% لە پلەی سێیەمدان و ژمارەیان 178 هەواڵە. دوای ئەویش راپۆرتە هەواڵ بە ڕێژەی 13.47% پلەی چوارەم و کۆتاییان بەردەکەوێت و ژمارەیان 105 هەواڵە.

بەگوێرەی خشتەی سەرەوە بێت، وادیارە هێشتاش میدیای کوردی لە نووسینی هەواڵ گرنگی بە درێژە دادڕی دەدات و لە وەڵامدانەوەی هەرشەش پرسیارەکەی (کێ، کەی، چی، لەکوێ، چۆن، لەبەرچی) ناوەستێت و زۆرێک لە هەواڵەکان زیادەڕەوی لە نووسینیدا کراوە، کە بەگوێرەی زانستی میدیا، دەکرێت ناوەڕۆکی هەواڵەکان زیاتر پوخت بکرێنەوە، ئەگەرچی میدیای

چاپکراو چ لەسەر کاغەز یانیش بەشێوەی ئەلیکترۆنی بەراورد بە تەلەڤزیۆن ڕێی تێدەچێت کە زیاتر بنووسرێت، بەڵام بەشێوەیەکی سنووردار.

نموونەی هەواڵی تەناهی مامناوەند، کە لە ریزبەندی پێشەوەی خشتەکەدایە و پلەی یەکەمی بەرکەوتووە، بڵاوبوونەوەی هەواڵێکە لە ڕێکەوتی 2022/6/13 لە ماڵپەڕی NRT بەناونیشانی (لەبارەی گرژیەکانی دادگای سلیمانیەوە؛ قوباد تاڵەبانی رونکردنەوە دەدات)، کە بەهۆی وردەکارییەکانی ناو روونکردنەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت، هەواڵەکە لەڕووی قەبارەوە قاڵبێکی مامناوەندی وەرگرتووە و بە تەنیا وەڵامدانەوەی شەش پرسیارەکەی هەواڵ کۆتایی بە داڕشتنەکەی نەهێندراوە، بەڵکو باس لە پێشینەی ڕووداوەکەش کراوە و زانیاری و وردەکاری زیاتر خراونەتەڕوو. بە هەمان شێوە لە ڕێکەوتی 2022/6/15 ماڵپەڕی K24 هەواڵێکی بەناونیشانی (کوردستان24 وردەکاری نوێ لەبارەی بۆردومانەکەی ئەمڕۆی سنونێ بڵاودەکاتەوە) بڵاوکردووەتەوە و بەهۆی وردەکاری و پێشینەی ڕووداوەکە و ئەو دۆخەی لە ناوچەی شنگال هەیە، هەواڵەکە لە لەڕووی قەبارەوە لە قاڵبێکی مامناوەند داڕێژراوە.

**خشتەی (13) فۆڕمی بەکارهاتوو لەگەڵ دەقی هەواڵی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / فۆڕمی بەکارهاتوو | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| تەنیا وێنە | 330 | 78.01 | 138 | 38.76 | 468 | 60.07 | یەکەم |
| وێنە و ڤیدیۆ | 90 | 21.27 | 27 | 7.58 | 117 | 15.01 | سێیەم |
| گرافیک | 3 | 0.7 | 169 | 47.47 | 172 | 22.07 | دووەم |
| گرافیک و ڤیدیۆ | 0 | 0 | 22 | 6.17 | 22 | 2.82 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە ئاستی گرنگیپێدانی هەریەک لە ماڵپەڕەکانی کوردستان24 و NRT بە فۆرمەکانی بەکارهاتووەکانی وەک: وێنە، ڤیدیۆ و گرافیک لەگەڵ هەواڵە تەناهییەکاندا دەردەخات. بەمەش ئەو هەواڵانەی تەنیا وێنەیان بەکارهێناوە، بە رێژەی 60.07% لە پلەی یەکەمدان. پلەی دووەمیش بە رێژەی 22.07% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە لە بڵاکردنەوەی هەواڵی تەناهی گرافیکیان بەکارهێناوە. لەکاتێکدا هەو هەواڵانەش بە رێژەی 15.01% لە پلەی سێیەمدان، کە وێنە و ڤیدیۆیان تێدا بەیەکەوە بەکارهێنراون. پلەی چوارەمیش بە رێژەی 2.82% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، گرافیک و ڤیدیۆ بەیەکەوە لەگەڵیان بەکارهاتوون. لە کۆتاییدا ڤیدیۆش بە تەنیا کە رەگەزێکی سەرەکییە لەو فۆرمانەی لەگەڵ هەموو جۆرە جیاوازەکانی هەواڵ بەکاردەهێنرێن و بگرە لەو هەواڵانەش بەهێزترن کە تەنیا وێنە یان گرافیکیان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێن.

سەبارەت بە فۆرمە بەکارهاتووەکانی وەک (وێنە، ڤیدیۆ، گرافیک)، لەکاتێکدا ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان ئۆفەری ئەوەیان هەیە، کە دەتوانن هەموو جۆرە شێوازەکان دابنێن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم خشتەیەدا، هیچ گرنگییەک بەو هەواڵانە نەدراوە، کە بە تەنیا ڤیدیۆیان بەکارهێناوە، هەرچەند ڤیدیۆ متمانەی زیاتر لەبارەی هەواڵەکەوە بە خوێنەر دەبەخشێت. لە بەرامبەردا ئەو هەواڵانەی تەنیا وێنەیان لەگەڵدا بەکارهاتووە، لەڕیزی پێشەوەدان، بەڵام بۆ هەواڵی تەناهی ئەمە جیاوازە و لەوانەیە هۆکارەکەی هەستیاری بوارەکە بێت و ئەو شوێنەی رووداوە تەناهییەکە لێی رووداوە، یانیش بەهۆی کتوپڕی رووداوەکە بێت، بۆیە کەمتر توانراوە ڤیدیۆ بەکاربهێنرێت و لەکاتی رووداو وێنەگرەکە لەو شوێنە ئامادە نەبێت، یانیش مەترسی چوونی بۆ ئەو شوێنە هەبێت، ئەگەر چی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئێستا زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە مۆبایل بەکاردەهێنن و دەواتنن سوود لەو ڤیدیۆیانە وەرگرن، کە تاکەکانی جەماوەر تۆماریان کردووە.

نموونەی ئەم هەواڵەش، لە ڕێکەوتی 2022/7/17 لەبارەی بەئامانجکردنی ئۆتۆمبێلێکی پەکەکە لە ڕۆژئاوای مووسڵ ماڵپەڕی NRT هەواڵێکی بەناونیشانی (دژەتیرۆری کوردستان: هێرشەکە لەلایەن تورکیاوە کراوە و پێنج ئەندامی پەکەکە کراونەتە ئامانج) بڵاوکردووەتەوە و وێنەی ئۆتۆمبێلە بەئامانجکراوەکە لەگەڵی دانراوە. هەروەها لە ڕێکەوتی 2022/6/8 هەواڵێکی بەناونیشانی (بە وێنە و ڤیدیۆ.. زانیاری نوێ لە بارەی تەقینەوەکەی سەر ڕێگەی هەولێر پیرمام) بڵاوکردووەتەوە، کە لەگەڵ بوونی ڤیدیۆی دوای ڕووداوەکە، وێنەی شوێنە بۆردومانکراوەکە و زیانەکانیشی لەگەڵدایە.

**خشتەی (14) جۆری ڤیدیۆی بەکارهاتوو لەگەڵ دەقی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| جۆری ڤیدیۆ / پێگەی ئەلیکترۆنی | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ڤیدیۆی کات و شوێنی ڕووداو | 25 | 5.91 | 26 | 7.30 | 51 | 6.54 | سێیەم |
| ڤیدیۆی دوای ڕووداو | 64 | 15.13 | 22 | 6.17 | 86 | 11.03 | دووەم |
| ڤیدیۆی دانپێدانانی تاوانباران | 2 | 0.47 | 0 | 0.0 | 2 | 0.25 | چوارەم |
| بێ ڤیدیۆ | 332 | 78.48 | 308 | 86.51 | 640 | 82.15 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

لەم خشتەیەدا گرنگیپێدانی ئەو دوو ماڵپەڕە کوردییانە بە جۆرە جیاوازەکانی ڤیدیۆ لە لەگەڵ هەواڵە تەناهییەکان نیشان دەدات. بەو پێیەش هەواڵی بێ ڤیدیۆ بە ڕێژەی 82.15% پلەی یەکەمیان بەردەکەوێت. ئەو هەواڵانەش کە ڤیدیۆی زانیارییەکانی دوای ڕووداوی تەناهییان بڵاوکردووەتەوە بە ڕێژەی 11.03% لە پلەی دووەمدان. لەکاتێکدا ئەو هەواڵانە بە پلەی سێیەم دێن، کە ڤیدیۆی سات و شوێنی ڕووداوەکەیان بڵاوکردووەتەوە و ڕێژەیان بریتییە لە 6.54%. پلەی چوارەمیش بەڕێژەی 0.25% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا دانپێدانانی تاوانبارانیان لوەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە.

لەم خشتەیەدا شتێکی ئاساییە کە ڤیدیۆی ساتی ڕووداوەکە لەگەڵ هەواڵی تەناهیدا نەبێت، چونکە ڕووداو و گۆڕانکارییەکان پێشبینی نەکراو و کتوپڕن، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە دوای دانانی هەواڵ، دەتوانرێت ئەبدێت بکرێتەوە و دەکرێت ڤیدیۆی شوێنی ڕووداو دوای ساتی ڕووداوەکە بۆی زیاد بکرێت، بەڵام وادیارە دوای تێپەڕبوونی چەند کاتژمێرێک، وەک چۆن گرنگی بە زانیاری نووسینەکی دەدرێت، کەمتر گرنگی بە دانانی ڤیدیۆ دەدرێت.

زۆرێک لە هەواڵە تەناهییەکانی هەردوو ماڵپەڕەکانی NRT و K24 ڤیدیۆیان لەگەڵدا بەکار نەهاتووە، بەتایبەت ڕاگەیەندراو و بەیاننامەکان، نموونەی ئەم جۆرە هەواڵانەش، لە ڕێکەوتی 2022/7/20 ماڵپەڕی NRT هەواڵێکی بەناونیشانی (وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی هێرشەکانی سەر زاخۆوە هاتە دەنگ) بڵاوکردووەتەوە، هەواڵەکەش لەبارەی ئەو هێرشە بوو، کە هێزەکانی تورکیا هاوینەهەواری پەرخێی لە سنووری ئیدارەی زاخۆ کردە ئامانج. هەر سەبارەت بە هەواڵی بێ ڤیدیۆ، ماڵپەڕی K24یش لە ڕێکەوتی 2022/7/21 هەواڵێکی لەبارەی بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە هەمان هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر هاوینەهەواری پەرەخ بەناونیشانی (ئەمەریکا: پشتگیری ئاسایش و سەقامگیری عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین) بڵاوکردووەتەوە.

**خشتەی (15) جۆری وێنەی بەکارهاتوو لەگەڵ دەقی هەواڵی تەناهی لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / جۆری وێنە | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| وێنەی کاتی ڕووداو | 94 | 22.22 | 46 | 12.92 | 140 | 17.97 | سێیەم |
| وێنەی تاوانبار | 36 | 8.51 | 8 | 2.24 | 44 | 5.64 | شەشەم |
| وێنەی تاوانلێکراو | 30 | 7.09 | 12 | 3.37 | 42 | 5.39 | حەفتەم |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنەی دوای ڕووداو | 44 | 10.4 | 13 | 3.65 | 57 | 7.31 | پێنجەم |
| وێنەی بەرپرس | 82 | 19.38 | 31 | 8.7 | 113 | 14.5 | چوارەم |
| وێنەی ئەرشیڤ | 109 | 25.76 | 51 | 14.32 | 160 | 20.53 | دووەم |
| لۆگۆ | 24 | 5.67 | 195 | 54.77 | 219 | 28.11 | یەکەم |
| دەستبەسەرداگیراو | 4 | 0.94 | 0 | 0.0 | 4 | 0.51 | هەشتەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە جۆری ئەو وێنانە دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ ئەو هەواڵە تەناهیانەدا بڵاوکراونەتەوە، کە گرنگی زیاتریان بە فۆڕمی وێنە داوە. بەمەش ئەو هەواڵانەی لۆگۆیان بەکارهێناوە، بە ڕێژەی 28.11% لە پلەی یەکەمدان. هەرچی پلەی دووەمە بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە وێنەی ئەرشیفیان بەکارهێناوە و ڕێژەیان 20.53%ە. پلەی سێیەمیش بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت کە وێنەی ڕووداوی تەناهییان لەگەڵ تێکستی زانیارییەکاندا بەکارهێناوە و ڕێژەیان بریتییە لە 17.97%. ئەو هەواڵانەش کە وێنەی کەسییان لەگەڵ هەواڵی تەناهیدا بڵاوکردووەتەوە بە ڕێژەی 14.5% لە پلەی چوارەمدان. پلەی پێنجەمیش بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە وێنەی دوای ڕووداویان بەکارهێناوە بەڕێژەی 7.31%. دوای ئەویش پلەی شەشەم بە ڕێژەی 5.64% بەر ئەو هەواڵە تەناهییانە دەکەوێت، کە وێنەی تاوانباریان لەگەڵ تێکستی زانیارییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. پلەی حەفتەمیش بە ڕێژەی 5.39% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە وێنەی تاوانلێکراویان بڵاوکردووەتەوە. هەرچی پلەی هەشتەم و کۆتاییە، پشکی ئەو هەواڵانەیە کە وێنەی کەلوپەلی دەستبەسەرداگیراویان لەگەڵ هەواڵەکەدا بڵاوکردووەتەوە بەڕێژەی 0.51%.

لەبەر ئەوەی ڕووداوە تەناهییەکان جۆراوجۆرن، بۆیە ئەگەر تێبینی بکرێت لەم خشتەیەی سەرەوەدا وێنەکانیش کە لەگەڵ هەواڵی تەناهیدا بەکارهاتوون، جۆراوجۆرن، ئەو جیاوازییەی لە

نێوانیشیاندا هەیە، بۆ سرووشتی ئەو رووداوە تەناهیانە دەگەڕێتەوە، کە هەواڵەکان لەسەریان بڵاوکراونەتەوە.

زۆربەی ئەو جۆرە هەواڵە تەناهیانەی لە هەردوو ماڵپەڕی مشتەی توێژینەوەدا تەنیا وێنەی لۆگۆیان لەگەڵدا بەکارهاتووە بەیاننامە و راگەیەندراوی لایەنێکی دیاریکراو، یانیش هەواڵی بەپەلەن، نموونەی ئەو هەواڵانەش، لە رێکەوتی 2022/7/20 ماڵپەڕی NRT هەواڵێکی بەپەلەی بەناونیشانی (لە بەغدا دژی هێرشەکانی تورکیا خۆپیشاندان دەستپێکرد) بڵاوکردووەتەوە و لۆگۆی بەپەلەی کۆپیڕایتی ماڵپەڕەکەی لەگەڵدا داناوە. هەروەها ماڵپەڕی K24 لە رێکەوتی 2022/9/5 هەواڵێکی لەسەر زاری دژەتیرۆری هەرێمی کوردستان بەناونیشانی (دژە تیرۆری کوردستان: فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان چەکدارانی پەکەکە لە دۆڵی بالیسان دەکاتە ئامانج) بڵاوکردووەتەوە و لە بری وێنە، لۆگۆی دەزگای دژەتیرۆری هەرێمی کوردستانی لەگەڵ داناوە.

**خشتەی (16) پێکهاتەی هەواڵی تەناهی لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / شێواز | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| کۆنگرەی رۆژنامەوانی | 22 | 5.2 | 23 | 6.46 | 45 | 5.77 | چوارەم |
| بەیاننامە و راگەیەندراو | 192 | 45.39 | 113 | 31.74 | 305 | 39.15 | یەکەم |
| زانیاری | 117 | 27.65 | 162 | 45.5 | 279 | 35.81 | دووەم |
| لێدوانی تایبەت | 90 | 21.27 | 56 | 15.73 | 146 | 18.74 | سێیەم |
| دانپێدانان | 2 | 0.47 | 2 | 0.56 | 4 | 0.51 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

لەم خشتەیەدا شێوازەکانی خستنەڕووی هەواڵ و زانیاری تەناهی لەو دوو ماڵپەڕەدا لەڕووی پێکهاتەی هەواڵییەوە دەخاتەڕوو. بەو پێیەش پلەی یەکەم بەڕێژەی 39.15% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت پێکهاتەکەی لە بەیاننامە و راگەیەندراوی فەرمییەوە وەرگیران. هەرچی پلەی دووەمە بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە تەنیا زانیاری تەناهییان خستووەتە روو و رێژەیان 35.81%ە. پلەی سێیەمیش بە رێژەی 18.74% بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە بۆ

بەهێزکردنی هەواڵی تەناهی پشتیان بە لێدوانی کەسانی پەیوەندیدار بەستووە. دوای ئەویش پلەی چوارەم دێت و بە ڕێژەی 5.77% لە پشکی ئەو هەواڵانەیە، کە پێکهاتەی سەرەکییان لە کرنگرەی ڕۆژنامەوانی وەرگیراون. لە کۆتاییشدا پلەی پێنجەم بەر ئەو هەواڵانە دەکەوێت، کە بە ڕێژەی 0.51% بە دانپێدانانی تاوانباران پشتگیرییان لە پەیامەککەیان کردووە.

لەکاتێکدا ئەم خشتەیە تایبەتە بە نیشاندانی پێکهاتەی هەواڵ و تا ئەو کاتەی زۆرترین ئەو جۆرە هەواڵانە ئاراستەی رای گشتی دەکرێن و بوارەکەش بواری تەناهییە، بۆیە هەر جۆرە پێکهاتەیەک لەوانەی لەناو خشتەکەدا هەن، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە مەترسییە تەناهییەکان و گرنگی هیچ کامێکیان لەوی تر کەمتر نییە. ئەو جیاوازییەی لە نێوانیشیاندا بەدی دەکرێت، هۆکارەکەی بۆ شێوازی گەیاندن زانیارییەکان دەگەڕێتەوە.

نموونەی ئەو هەواڵانەش لە ڕێکەوتی 2022/8/28 هەواڵێکی لەبارەی بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووۆچ بۆ مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکەی٦ی ئەو مانگە لە دەڤەری بادینان بەناونیشانی (هیومان رایتس ووۆچ: دەستگیرکردنی چالاکوان و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتییەکان ستەمێکە دژ بە دانیشتووانی هەرێم) بڵاوکردووەتەوە و دەقی بەیاننامەکەی لە ناوەڕۆکی هەواڵدا داناوە و دەقی راپۆرتەکەی ڕێکخراوەکەش بریتییە لە: (لە 1ی ئەم مانگەدا، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ شاسوار عەبدولواحید، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و هەژاری و بێ کاریی لە هەرێمی کوردستان، داوای خۆپیشاندانی کرد لە شاری سلێمانی، هەولێر و دهۆک.

لەوبارەیەوە ئادەم کۆگل جێگری بەڕێوبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووۆچ، وتی: "بەکارهێنانی سەرکوتکردنی کوێرانە بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان و ترساندنی چالاکوان و ڕۆژنامەنووسان، ستەم لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زیاتر

دەکات. بۆ چارەسەرکردنی تووڕەیی خەڵک، باشترە ڕێز لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بگیردرێت. لەوانەش مافی ناڕەزایەتیی دەربڕینی ئاشتیانە."

لەم ساڵانەی دواییدا هیومان رایتس وۆچ، بەرزبوونەوەی ئاستی بە ئامانجگرتنی راگەیاندن و رۆژنامەنووسە سەربەخۆکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق تۆمارکردووە. دەسەڵاتە فیدرالییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێم کۆمەڵێک یاسای پەیوەست بە ناوزڕاندن و هاندانیان دژ بە رەخنەگران بەکارهێناوە، کە لەناویشیاندا رۆژنامەنووسان و چالاکوان و دەنگە ناڕازییەکان هەن.

رەحمان غەریب بەڕێوبەری سەنتەری میترۆ، کە کاری چاودێریکردنی ئازادیی راگەیاندنە لە هەرێمی کوردستان، بە هیومان رایتس وۆچی وت: "سەنتەرەکەیان لەکاتی دەستگیرکردنەکان، 78 پێشێلکاریی یاسایی لەسەر دەستی هێزەکانی ئاسایش تۆمارکردووە دژ بە 60 رۆژنامەنووس و هۆکارەکانی راگەیاندن. هێزەکانی ئاسایش لانی کەم 26 رۆژنامەنووسیان دەستگیرکرد و دەستیان بەسەر کەلوپەلی 23 رۆژنامەنووسدا گرت و رێگرییان کرد لە 16 رۆژنامەنووس تا رووماڵی خۆپیشاندانەکان بکەن.

هەورەها رەحمان غەریب وتی: "ئێستا روونە بەلامانەوە، کە هێزەکانی ئاسایش لەکاتی ناڕەزایەتییەکاندا لە جیاتیی پاراستنی رۆژنامەنووسان، رۆژنامەنووسان دەکەنە ئامانج. هێزەکانی ئاسایش لە چاوی کامێرا دەترسن، چونکە هەڵسوکەوتە نایاساییەکانیان ئاشکرا دەکات."

سیروان غەریب، سەرنووسەری ماڵپەڕی وێستگەنیوزی سەربەخۆش وتی، ئەو لە رۆژی خۆپیشاندانەکەدا، 6ی ئاب، لەگەڵ چەند هاوکارێکیدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دەستگیرکراوە لە سلێمانیی.

سیروان غەریب وتیشی: "کاتێک گەیشتینە شوێنەکە بۆ ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە، لەلایەن فلای کامی سەر بە ئاساییشەوە، لە دوورییەکی زۆر کەمەوە وێنەیان دەگرتین تا بمانترسێنن. منیش شوناسنامەی ڕۆژنامەنووسییەکەم پیشان دا و بۆم ڕاوەشاند تا بزانن ئێمە ڕۆژنامەنووسین."

سیروان سەرنوسەری وێستگە نیوز وتیشی پێشتر لە ڕێگای پەیوەندیی کردن بە ئاوات محەمەد قایمقامی سلێمانییەوە هەوڵیداوە بارودۆخێکی گونجاو بۆ ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکە دابین بکات، بەوەی شوێنێک بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاریی بکەن لە بەردەرکی سەرا، کە شوێنی نارەزایەتییەکە بوو. بەڵام قایمقام وەڵامی نەدایەوە.

ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان باسیان لەوە کرد، کە پێش گەیشتی ئەمان بە بەردەرکی سەرا، ئاساییش لەوێ بوون. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە، هێزەکانی ئاساییش گازی فرمێسکڕێژیان ڕووە و خۆپیشاندەران و ڕۆژنامەنووسان تەقاند. لەگەڵ ئەوەی بەپێی وتەی شایەتحاڵەکان، هیچ جۆرە توندوتیژییەک بەکارنەهێنرابوو تا پاساوی بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ و دەستگیرکردنیان هەبێت.

هەروەها سیروان غەریب وتی، لەگەڵ بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکە، ئاساییش وێنەگرەکەی وێستگەنیوز (زانیار مەریوان)ی دەستگیرکرد. پاشان کاتێک هاوکارەکانی دەیانوویست یارمەتی بدەن، هێزەکانی ئاساییش خۆی و تیمەکەی وێستگەنیوز: (لەنیا بەختیار، ئەرکان عەبدولقادر و هێڤار هیوا)یان دەستگیرکرد.

سیروان غەریب وتی: "هەموومان بە پاسێکی بچووک براین بۆ بارەگایەکی سەر بە ئاساییش و مۆبایلەکانیان لێ سەندین و وەک تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ کردین. بەڵام ڕووماڵکردنی هەواڵ مافێکی بنەڕەتییە و تاوان نییە. لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پێیان وتم (بۆ ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە) مۆڵەتتان پێ نییە. منیش پێموتن من ڕۆژنامەنووسم و پێویستم بە مۆڵەت نییە لەکاتی ڕووماڵی خۆپیشاندانەدا."

دوای چەند کاتژمێرێکی کەم، ئازاد دەکرێن، بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکیان رووبەڕوو بکرێتەوە.

تەها ئەحمەد سەعید لە جوڵانەوەی نەوەی نوێ بە هیومان رایتس وۆچی وت، هێزەکانی ئاسایش 86 ئەندامی جوڵانەوەکەیان دەستگیر کرد، کە هەندێکیان پێش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە بوو. ئەوانیتریش لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکەدا دەستگیرکران.

ئەو وتیشی کە رۆژی 6ی ئاب هێزێکی ئاسایش داویانە بەسەر ماڵەکەیدا و پاشان ماڵی باوکی، کە هەردووکیان هەر لە شاری سلێمانین و ئەمیان لە ماڵی باوکیدا دەستگیر کردووە. بەبێ ئەوەی فەرمانی دادگایان پێ بێت. مۆبایلەکەی خۆی و برا و خوشکی دەبەن و دەیانپشکنن. پاشان بۆیان دەگێڕنەوە.

هێزەکانی ئاسایش لە زیندانی کانی گۆمە لە سلێمانیی بۆ ماوەی 4 رۆژ دەستبەسەری دەکەن. پاشان بە کەفالەت ئازادی دەکەن. بەڵام پێشیان نەوتووە چ تۆمەتێک لە دژی هەیە.

تەها ئەحمەد سەعید وتی: "لەکاتی لێکۆڵینەوەدا یەکێک لە ئەفسەرەکان پێی وتم بۆچی خەڵکتان هانداوە بۆ خۆپیشاندان؟ منیش پێم وت مافی گردبوونەوە، مافێکی بنەڕەتییە بۆ پارتە سیاسییەکان و هەموو هاوڵاتییەک. ئیتر ئەمە چۆن بە تاوان دادەنرێت؟

رێبوار عەبدولرەحمان ئەندام پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی نەوەی نوێ وتی، هەردوو ئەندام پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی نەوەی نوێ، ئومێد محەمەد و بەدریە ئیبراهیم لە رێگایاندا بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکە، دەستگیرکران.

رێبوار عەبدولرەحمان وتیشی: "کاتژمێر 4:30ی پاشنیوەڕۆ، ئاسایش لەگەڵ هاوڕێیەکمدا لە دووری 200 مەتر لەگۆڕەپانی خۆپیشاندانەکە دەستگیریان کردین و خستینیانە پاسێکی بچووکەوە و بۆ ماوەی 4 کاتژمێر بە هەموو ناوشاردا گێڕاینیان. پاشان لەسەر شەقامی 60 مەتری دایانبەزاندین.

هێزەکانی ئاسایش هیچ بڕیاری دەستگیرکردنی دادگایان پیشان نەداین. تەنها پێیان وتین فەرمانی دەستگیرکردنمانیان پێیە. ئەوان تەنها دەیانەوێت خۆپیشاندان نەکرێت. هەروەها وتیشی کە هیچ تۆمەتێک رووبەڕوویان نەکراوەتەوە.

تائیف گۆران بەڕێوبەری تۆڕی نالیا لە دهۆک، وتی هێزەکانی ئاسایش 18 کەسیان لە کارمەندانی دەزگاکە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانیی دەستگیرکرد.

گۆران وتیشی لە 5ی مانگدا، کاتێک لەگەڵ بڕیار نیروای پەیامنێر لە نووسینگەکەیان هاتنە دەرەوە، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران و کەلوپەلەکانیان لێ سەندن بە کامێرا و دوو ئامێری پەخشی راستەوخۆوە و بردنیان بۆ بنکەی پۆلیسی فریاکەوتنی دهۆک. لەناو کارمەندە دەستگیرکراوەکانی تردا، وێنەگری نووسینگەی نالیا لە دهۆک عادل سەبری و پەیامنێری شێخان سەباح سۆفی هەبوون، کە ئەوانیش گوازرانەوە بۆ هەمان بنکەی پۆلیسی فریاکەوتن لە دهۆک.

گۆران وتی: "هێزەکانی ئاسایش هیچ هۆکارێکی یاساییان پێنەداین بۆ دەستگیرکردنمان. 11 چالاکوانیتریشیان دەستگیر کردبوو. ئێمە 15 دەستگیرکراوبووین. دوای 27 کاتژمێر، هێزەکانی ئاسایش هەر 15مانیان بە کەفالەتی 5 ملیۆن دینار ئازادکرد". بەڵام پێیان نەوتن ئەو تاوانە چییە لەسەری دەستگیرکراون.

زۆرجار دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، یاساکانی هەرێم وەک یاسای رۆژنامەگەری، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، بەکاردەهێنن دژ بە رۆژنامەنووسان و ئەو چالاکوانانەی مافە بنەڕەتییەکانی وەک ئازادیی کۆبوونەوە بە مافی خۆیان دەزانن. ئەم دوو یاسایەش لەناو کۆمەڵێک شتیتردا، خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئیمەیل و بەگشتییش ئینتەرنێت، بۆ هەڕەشە لە کەسێک بە وشەی ناشرین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشەکار و وێنەیەک دژ بە بەها گشتییەکان و زانیاریی تایبەت قەدەغەدەکات.

یاسای کوردی بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە مۆڵەتێکی نووسراوە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە یاخود یەکەی ئیداریی خۆجێی بۆ هەموو ناڕەزایەتییەک. ئەگەر داواکە ڕەتکرایەوە، ئەوا دەتوانرێت خۆپیشاندەران وەک تاوانبار دابنرێن.

ئادەم کوگل جێگری بەڕێوبەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ، وتی: "زۆرجار دەسەلاتی کوردی بەراورد بە بەشەکانیتری عێراق، بانگەشەی گەشەی هەرێمی کوردستان و جێگیریی بارودۆخی دەکەن، بەلام دەستگیرکردنی پێشوەختی چالاکوان و سیاسیی بەرهەلستکار و رۆژنامەنووسان تەنها لەبەر رێکخستنی خۆپیشاندانی ئاشتیانە و ئامادەبوون تیایدا و رووماڵکردنی، هیچ جێگای شانازیی نییە). بەهەمان شێوە ماڵپەڕی K24یش لە ڕێکەوتی 2022/10/12 هەواڵێکی لەبارەی بەیاننامەیەکی محەمەد حاجی مەحموود، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەبارەی هەڕەشەی پرۆسەی تەعریب بەناونیشانی (محەمەد حاجی مەحموود لەبارەی دۆخی خانەقین هەڕەشە دەکات) بڵاوکردووەتەوە.

**خشتەی (17) قورسایی و پێگەی ڕەهەندە جیاوازەکان لە هەواڵی تەناهیدا لە هەردوو ماڵپەڕی NRT و K24 روون دەکاتەوە**

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ڕەهەند | کوردستان24 | | NRT | | کۆی گشتی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | |
| ڕەهەندی سیاسی | 196 | 46.33 | 58 | 16.29 | 254 | 32.6 | یەکەم |
| ڕەهەندی کۆمەلایەتی | 57 | 13.47 | 66 | 18.53 | 123 | 15.78 | سێیەم |
| ڕەهەندی ئابووری | 3 | 0.7 | 0 | 0.0 | 3 | 0.38 | حەفتەم |
| ڕەهەندی ئایدۆلۆژی | 44 | 10.4 | 23 | 6.46 | 67 | 8.6 | پێنجەم |
| ڕەهەندی سەربازی | 39 | 9.21 | 140 | 39.32 | 179 | 22.97 | دووەم |
| ڕەهەندی یاسایی | 61 | 14.42 | 40 | 11.23 | 101 | 12.96 | چوارەم |
| ڕەهەندی تەندروستی | 23 | 5.43 | 29 | 8.14 | 52 | 6.67 | شەشەم |
| کۆی گشتی | 423 | 100 | 356 | 100 | 779 | 100 | |

ئەم خشتەیە سەنگ و قورسایی ڕەهەندە جیاوازەکان لەگەڵ هەواڵی تەناهیدا لەو دوو ماڵپەڕە دەخاتەڕوو. بەمەش پلەی یەکەم بە ڕێژەی 32.6% بەر ڕەهەندی سیاسی دەکەوێت. هەرچی

